تیشک

mariwanrasheed@yahoo.com



## سەرنووسەر

مرۆڤ و دەوروبەرەکەی دوو پێکهاتەی گرنگن لەم گەردوونەدا ، ڕوونتر بڵێین گەردوون لەم دوو سیستمە پێکهاتووە ...گەر مرۆڤ سیستەمێك بێت ، ئەوا دەرەوەی ئەم سیستەمە پانتایی وفراوانی هەرچەندێك بێت بەدەورو بەر دەژمێرێت . لەفەرهەنگی زانستدا دوو جۆر سیستەم هەن ، سیستەمێك کە هیچ پەیوەندی و ئاڵوگۆڕێکی لەگەڵ دەورو بەرەکەی خۆی نی یە و بەسیستەمی جیاکراوە ناسراوە ، بەلاّم جۆری دووەم لەسیستەمەکان ئەوانەن کە لەگەڵ دەورو بەردا ئاڵوگۆری بەردەوامیان هەیە بەجۆرێك کار لە سیفات و خاسیەتی یەکتر دەکەن و ئەم جۆرە بەسیستەمی جیانەکراوە ناودەبرێت . ئێمەی مرۆڤ لەجۆری دوووەمی سیستەمەکانین و لەدەوروبەر جیاکراوەنین و هەرکارێك ئێمە لەدەوروبەر ئەنجامی بدەین یان بەپێچەوانەوە ، کەم تازۆر کارمان تێدەکات.

کاتێك مرۆڤ وەك سیستەمێك بێت دەرەوە: هەوا ، ئاو ، ڕووەك ، ئاژەڵەکان ، هەسارە ، ئەستێرە و هەموو بۆشایی دەرەوە و پێکهاتووەکانی تری ئەم گەردوونە بە دەوروبەری مرۆڤ لە قەڵەم دەدرێت .

لەم ڕووانگەیەوە ئەو ڕاستی یە ئاشکرا دەبێت کاتێك ڕێژەی ئاوی دەریا ، کەم بوونی درەخت و ڕووەکەکان و تێکچونی ڕەوگەی سوڕاندنەوەی خۆر و زەوی ئەگەری هاتنی هەر تەنێکی گەردونی بەرەو زەوی ناهاوسەنگی لەپێکهاتەکانی بەرگە هەوادا و هەموو ڕووداوەکانی تر کە دەشێت زۆریان مرۆڤ دەستی نەبێت لە گۆڕانیاندا بەلاّم لە هەندێکیاندا ڕاستەوخۆ مرۆڤ بەرپرسیاری یەکەمە .. ئەوەی لێرەدا مەبەستە ناهاوسەنگی یە لە پێکهاتەکانی بەرگە هەوای زەوی یە.ئاشکرایە پێش ئەوەی پەروەردگار مرۆڤ بێنێتە بوون دەوروبەرەکەی بەهەموو پێکهاتانەوە کەهەن بەجوانترین شێوە و بەپێوانەو ئەندازەی گونجاو دروست کردووە ، پەروەردگار دەفەرموێت ﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ﴾ مرۆڤیشی کردۆتە خاوەن عەقڵ و بەجوانترین شێوە دروستی کردووە کە دەفەرموێت ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ﴾، کەواتە سیستەمەکە و دەوروبەرەکەی لە سەرەتادا جوان ڕەخسێنراون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ یەکترو ئەمڕۆش کەناهاوسەنگی ونادروستی مامەڵە لەلایەن مرۆڤەوە بۆ بەرگە هەواو پیس بوونی ئەم پێکهاتە گرنگە چ بەهۆی گازە ژەهراویەکانی پاشماوەی کارگەکان ، ماددە تیشکدەرەکانی تاقیکردنەوە ئەتۆمی‌یەکانی یان فڕنە ناوکی‌یەکان و چەندین کاریگەری تر هەموو ئەمانە دیاردەی قەتیس بوونی گەرمای لەسەر ڕووی زەوی دروست کردووە و دیاردەکانی تری وەك بەرز بونەوەی پلەی گەرمی و لافاوی لەچەندین ناوچەی سەر زەوی لێکەوتۆتەوە کە لەوەو پێش بەو دیاردانە نامۆ بوون و بۆ چارەسەری ئەم گرفتە ئێمەی مرۆڤ بەرپرسیارین و دەبێت ڕێکخراوە مەدەنی و حکومی و نێو دەوڵەتی یەکان زۆر چالاکانە کاربکەن لەبەرهەڵستی کردن لەم دیاردە یەو چارەسەرکردنی تاوەکو مرۆڤ دەوروبەرەکەی بەو شێوە گونجاوەی کە پەروەردگار بۆی ڕەخساندووە مامەڵە بکەن .




# تۆڕی گەردوون

(النسيج الكوني Cosmic Web)

نووسینی: ئەندازیار عبدالدائم الكحيل
وەرگێڕانی بۆ کوردی: فاروق ڕەسووڵ یەحیا
faruq_r@hotmail.com




## پێشەکیی وەرگێڕ:

لە ژمارە (١١)ی (هەیڤ)دا وتارێکی وەرگێڕاومان بڵاوکردەوە لە ژێر ناونیشانی: (تەقینەوە مەزنەکە لە نێوان زانستی نوێ و قورئانی پیرۆزدا) و، هەر لەوێ ئاماژەیەك درا بەو ئیعجازە زانستییەی کە تازەکی لە ئایەتی پیرۆزی: ﴿ وَالسَّماءِ ذاتِ الْحُبُكِ ﴾دا دەرکەوتووە.

بە پشتیوانیی خوای گەورە ئەمجارە هەندێ فراوانتر لەم ئیعجازە زانستییە دەدوێین کە تەمەنی کەمتر لە ساڵێکە. بۆ ئەم مەبەستەش چەند ڕێیەکم لە بەردەمدا بوو بۆ ئامادە کردنی بابەتەکە لە سەرچاوەکانەوە، بەڵام بینیم ئەو بابەتەی کە ئەندازیار (عبدالدائم الكحيل) لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦زدا لە کوەیت پێشکەشی هەشتەم کۆنگرەی جیهانیی ئیعجازی زانستی قورئان و سوننەتی کردووە، بابەتێکی بەپێز و ئامادەیە و، تەنها ئەوەندە نەبێ هەندێ درێژە پێدان و دووپاتکردنەوەی تێدا بەدی دەکرێت، شایانی ئەوەیە بخرێتە سەر زمانی کوردی. بۆیە ئەم بابەتەم هەڵبژارد و، دوای بواردنی دەستەواژە دووپات بووەکان و، زیادکردنی هەندێ زانیاریی پێویست و، دانانی هەندێ وێنەی گونجاو بۆ تێگەیشتنی ڕوونتر لە باسەکە، وەرم گێڕا بۆ کوردی.

دەبێ ئەوەشم لەیاد نەچێ برای ئازیزم مامۆستا "مەریوان ئەحمەد ڕەشید" بە پێداچوونەوەی بابەتەکە و پێشکەشکردنی هەندێ زانیاریی بەنرخ و وێنەی زانایەکی ئەم بوارە، پتر هێز و پێزی بە باسەکە بەخشی. شایانی وتنە مامۆستای ناوبراو پسپۆڕی ئەو بوارەیە و بۆ خۆیشی بە نیازی قووڵبوونەوەی زیاتر لەم بابەتە سەردانی هەندێ زانکۆی خۆرئاوای کردووە.

ئێستاش فەرموون ئێوە و پوختە وەرگێڕانی بابەتەکە:

## تۆڕی گەردوون:

ئەم باسە بینینێکی زانستیی نوێ لەمەڕ واتای ئایەتی پیرۆزی: ﴿وَالسَّماءِ ذاتِ الْحُبُكِ﴾[1] دەخاتە ڕوو کە بەم دواییە زانایان لە ڕێی بەکارهێنانی کۆمپیووتەرە زەبەلاحەکانەوە (سووپەر کۆمپیوتەر Super Computer) بەدەستیان هێناوە.

لە سۆنگەی ئەم توێژینەوەیەی کە زانایان ئەنجامیان داوە دەبینین هەردەم "ڕاستییە زانستییەکان" هاوشانن لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا. کە ئەمەش شایەتێکی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر ئەوەی قورئان لە لایەن بەدیهێنەری گەردوونەوە هاتووە و، جگە لە ڕووەکانی تری ئیعجاز کە پێشتر لە قورئاندا ئاشکرا بوون، لە ڕووی گەردوونی و زانستیشەوە کتێبێکی پڕ لە ئیعجازی گەردوونیی نوێیە. ئەمەش وەڵامدانەوەی زانستییانەیە بۆ ئەو کەسانەی کە بێ بەکارهێنانی پێوەر و تەرازووەکانی زانست و ژیری و، بێ خۆ دەرباز کردن لە بڕیارە پێش وەختەکان – کە زۆربەیان ئەنجامی چاولێکەری و خۆ ماندوو نەکردنە بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان – نایانەوێ مل بۆ ئەو ڕاستییە نەوی بکەن.

هەنگاوەکانی باسەکەش یەکەم جار بریتییە لە سەردانی زانایانی تەفسیری قورئان و زانایانی زمان بۆ لێکدانەوەی وشەی (الحُبُك) و زانینی واتاکەی. ئنجا دەڕۆینە لای زانایانی گەردوونناسی هاوچەرخ تاکو بزانین تازەترین دۆزینەوەی زانستیی نوێ لەم بارەیەوە چی دەڵێ. دوای ئەم هەنگاوانە ڕووی ئیعجازی زانستیمان لەم ئایەتە پیرۆزەدا لە لا ڕوون دەبێتەوە و، هەموو مرۆڤێکی ڕێزگر لە مەنتیق و ژیری و دوور لە ڕەوشی نکووڵی و ملنەدان، یەقین و دڵنیایی پتر دادەمەزرێ بەوەی کە خاوەنی گوفتاری قورئان هەر ئەو کەسەیە کە گەردوونی بەدیهێناوە.

## لە خزمەت تەفسیری قورئاندا:

با لە پێشدا بزانین هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ و شوێنکەوتووانیان چۆن لەم ئایەتە گەیشتوون و، تەفسیرنووسانی پێشین چۆن لێکیان داوەتەوە؟

"ئیمامی قورتوبی" لە تەفسیرەکەیدا بۆ وشەی (الحُبُك) دەڵێ: ئیبن عەباس و قەتادە و موجاهید بە واتای: (بەدیهێنانی ڕێك و جوان) لێکیان داوەتەوە.

"عیکریمە"ش وتوویەتی: (نابینی ئەگەر جوڵا بە باشی پۆشاك بچنێت لەبارەیەوە دەوترێت: "حبك الثوبَ یحبكه حبكاً" واتە: باشی چنیوە؟)[٢].

"ئیبن کەسیر"یش لە چەند زانایاکی پێشینەوە دەگێڕێتەوە کە لە تەفسیری ئایەتەکەدا وتوویانە: (کاتێ "با" بەسەر لم و دەغڵ و دان و ئاودا هەڵدەکات شەپۆل و هەوراز و نشێوی تێدا دروست دەبێت و ڕێ ڕێ تانوپۆی تێدا پەیدا دەبێت، "الحُبُك" بریتییە لەوە).

پاشان دەڵێ: حەسەنی بەسری لەبارەی "ذات الحُبُك"ەوە وتوویەتی: (واتە: بە ئەستێرەکان چنراون)[٣].

"زەمەخشەری"ش لە تەفسیرەکەیدا جگە لەو واتایانەی پێشوو، ئەم واتایەشی زیاد کردووە، کە: (حُبُكُ الشَّعر: واتە شوێنەواری بەرزی و نزمی وڕێ ڕێ بوونی قژ)[٤]. (واتە دوای شانە کردن).

دەتوانین لەم تەفسیرانەوە ئاماژەیەك لەم ئایەتەدا بۆ (چنین و، تانوپۆ و، توندوتۆڵی و، ڕێ ڕێ بوون) بە دەست بهێنین و، لە ناوەندی وتەکەی "حەسەنی بەسری"شەوە تێبگەین کە تاڵەکانی تۆڕی ئەو چنینە ئەستێرەکانن.

## لە لای زانایانی زمان:

"ئیبن مەنزوور" لە فەرهەنگی "لسان العرب"دا سەبارەت بە واتای ئایەتی ﴿وَالسَّماءِ ذاتِ الْحُبُك﴾ پێی وایە زانایانی زمان دەڵێن: (بەو ئاسمانەی کە ڕێگا جوان و باشەکانی تێدایە)[٥].

فەرهەنگی "القاموس المحیط"یش ئەم واتایەمان دەداتێ: (الحبك: بریتییە لە توندوتۆڵ کردن و، جوانکاریی ئاسەواری سنعەت لە پۆشاکدا)[٦].

فەرهەنگی (المعجم الوسیط)یش دەڵێ: (کە وترا: حبك الشئ حبكاً، واتە: ئەو شتەی توندوتۆڵ کردووە. کە وترا: حبك الثوب، واتە: پۆشاکەکەی باش چنی. کە وترا: حبك الحبل، واتە: گوریسەکەی قایم ڕستووە. کە وترا: حبك العقدة، واتە: گرێکەی قایم لێداوە)[٧].

ئەم واتایانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە زانایانی زمان واتای ئەم وشەیە دەبەستنەوە بە (چنینی پۆشاك و توندوتۆڵ کردنی) و، لە "چەند تاڵە دەزوویەك" دەدوێن کە بە "چەند گرێیەکی مەحکەم و قایم ڕێسراپن و پەیوەست کراپن".

ئا لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات کە ئایا لە دۆزینەوە زانستییەکانی زانایاندا شتێکی ئەوتۆ هەیە کە ئاماژە بۆ تۆڕێکی چنراوی ڕاستەقینە بکات لە ئاسماندا؟

دەبا ئێستا سەرنج لە نوێترین دۆزینەوەی زانستیی لەمەڕ پێکهاتە و شێوەی گەردوون بدەین و، ئنجا بیر بکەینەوە لە یەکاویەك بوونی ئەوەی کە چواردە سەدە پێش ئێستا قورئانی پیرۆز فەرموویەتی و ئەوەش کە زانایانی ئەمڕۆ بە بینینی یەقینی دەیبینن.

## قۆناغەکانی پەرەسەندنی زانیاریی مرۆڤ لەمەڕ گەردوونزانی:

زانایانی "گەردوونناسی" پەرەسەندنی زانیارییەکانی مرۆڤ سەبارەت بە "گەردوون" بە سێ چەرخ و سەردەم دابەش دەکەن:

یەکەم: لە سەردەمی "ئەرستۆ"[٨]وە دەست پێدەکات، کە بۆ ماوەی سەدان ساڵ بیرۆکەی وەستانی زەوی و سووڕانی هەسارە و ئەستێرەکان بە دەوریدا، بەردەوام بوو.




سەدان ساڵ بیرۆکەی وەستانی زەوی و سووڕانی ئەستێرەکان بە دەوریدا بەردەوام بوو

دووهەم: لە "کۆپەرنیکۆس"ەوە[٩] دەست پێدەکات کە سەلماندی زەوی نەجووڵ (وەستاو) نییە، بەڵکو بە دەوری خۆردا دەخولێتەوە.

سێهەم: ماوەی سەد ساڵێکە لە گەڵ ئەنیشتایندا[١٠] سەری هەڵدا، کە چەمکێکی نوێی بە (کات و، شوێن و، وزە و، مادە و، کێش) بەخشی[١١].

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا زانایان دڵنیا بوون لەوەی کە زۆربەی ئەو ئەستێرانەی لە شەوێکی ساماڵدا دەیانبینین سەر بە گەلەستێرەکەی خۆمانن (گەلەستێرەی ڕێی کاکێشان) و، ناویان نا: دووربگەی گەردوونی یاخود گەلەستێرە (المجرة Galaxy). گریمانی ئەوەشیان دانا کە جگە لەو، گەلەستێرەی تریش هەبن.

دوای ئەوە، گەردونناسان تێبینیی شتێکی وەك پەڵە هەور و تەم و مژیان لە دەرەوەی گەلەستێرەکەمان کرد و، ناوی (سەدیم Nebulae)یان لەو پەڵە هەورانە نا. لە ساڵانی بیستی سەدەی پێشوودا زانای ئەمریکی (هابڵ Hubble) ڕوونی کردەوە کە ئەم سەدیمانە چەند گەلەستێرەیەکی ترن، وەکو گەلەستێرەکەی خۆمان وان. پاشان ئەم زانایە بۆی دەرکەوت کە ئەو گەلەستێرانە بە چەندین خێرایی لە ڕادەبەدەر لە ئێمە دوور دەکەونەوە.

پاشان زانیاریی مرۆڤ سەبارەت بە گەردوون پەرەی سەند و، چەند دە ساڵێك پێش ئێستا زانایان دەستیان دایە لێکۆڵینەوە لە دروست بوون و پێکهاتنی گەردوون. ئنجا لە هەشتاکانی سەدەی پێشوو لە ئاستێکی جیهانیدا بایەخدان بە لێکۆڵینەوە لە پەیدا بوونی گەردوون و چۆنێتیی پێکهاتنی ئەستێرە و گەلەستێرەکان دەستی پێکرد[١٢].




زانایان بۆیان دەرکەوت کە گەلەستێرەکان بە ئەندازەیەکی یەکجار زۆر و گەورە لە گەردووندا بڵاون و، ژمارەیان بە سەدان بلیۆن گەلەستێرە خەمڵاند و، ژمارەی ئەستێرەکانی هەر گەلەستێرەیەکیشیان بە سەدان بلیۆنی تر ئەستێرە مەزەندە کرد[١٣]. ئیتر کەوتنە پرسیار کردن لەباری ئەوەی کە: ئایا شێوەی گەردوون چۆنە گەر لە دەرەوەی گەردوونەوە بۆی بڕوانین؟ ئایا گەلەستێرەکان و گاز و تەپوتۆزی گەردوونی چۆن چۆنی لە بۆشایی نێوان ئەستێرەکاندا دابەش بوون؟ ئایا هیچ سیستەمێك هەیە ئەم دابەش بوونەی لە دەستدا بێت؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستی بە دیزاین و دروستکردنی کۆمپیوتەرێکی زەبەلاح بوو کە بتوانێت بە کرداری (هاوشێوەکاری) وێنەی بچووککراوەی گەردوونی ڕاستەقینە بکێشێت. ئیتر زانایان سەرجەم زانیارییە پێویستەکانیان دا بەم کۆمپیوتەرە مەزنە، تاکو کارەکەی ئەنجام بدات. ئامانجیشیان لەم پرۆسەیە بەدەستهێنانی هەرچی زانیاریی وردترە لە بارەی دابەش بوونی گەلەستێرەکان لە گەردووندا.




## ئایا (سووپەر کۆمپیوتەر Super Computer) چییە؟

لە پێشدا پێوستە هەندێ زانیاریمان لەم ئامێرە نوێیە و هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی ببێت، تاکو لە قورسی و گرنگی و مەزنیی دۆزینەوەکە تێبگەین:

ساڵی ٢٠٠٠ز کۆمپانیای (IBM) کومپیوتەری زەبەلاح (Super Computer)ی بە جۆرێکی پێشکەوتوو بەرهەم هێنا بە مەبەستی بەکارهێنانی لە پرۆسەکانی هاوشێوە کردن (المحاکاة Simulation)دا. خێرایی ئامێرەکە لە تەنها یەك چرکەدا ئەنجامدانی زیاتر لە دوازدە تریلیۆن کرداری بیرکارییانەیە و، قورساییەکەی زیاتر لە سەد هەزار کیلۆ گرامە و، ١,٢ میگا وات وزەی کارەبای پێویستە و، قەوارەکەشی جێی دوو یاریگای تێنس دەگرێت و، ڕامەکەشی یەك ملیۆن ملیۆن بایتە!

بەڕێوەبەری کۆمپانیای (IBM)ی بەرهەمهێنی ئامێرەکە دەڵێت: ئەو کردارانەی کە ئەم ئامێرە لە تەنها

يـەك چـركەدا ڕایەڕپـەڕێنێ مـرۆڤ گـەر بـە ئـامێری كۆمپیوتـەری ئاسایی ئـەنجامیان بدات پێویستی بە دە ملیۆن ساڵ دەبێت(١٤)!




ئنجا – خوێنـەری بەڕێزم! – سـەرنج لە گـەورەیی و خێرایی نائاسایی ئەم ئامێرە و ئەو تەكنیكە باڵایە بدە كە تیایدا ڕەچاو كراوە. خۆ ئەگەر ئامێرێكی لەم جۆرە نـەبێت هـەرگیز لـە توانـادا نابێـت وێنەیـەكی بچووككراوەی گەردوون بە دەست بهێنرێت.




زانای گەردونناس (فرەیزەر پێرس Frazer Pearce) لە كاتی لێكۆڵینەوەكانی لەسەر سوپەر كۆمپیوتەر لەمەڕ تۆری گەردوون

## گەورەترین كرداری كۆمپیوتەری:

ماوەیـەكی نزیـك پـێش ئێسـتا چـەند زانایایـەكی خـەڵكی بـەریتانیا (لەوانـە: زانایـانی زانكـۆی دورهـام و نۆتینگهـام) و ئـەڵمانیا و كەنـەدا و ئـەمریكا مـەزنترین كـرداری كۆمپیوتـەرییان ئـەنجام دا بـۆ بـە دەسـتهێنانی وێنەیەكی بچووككراوەی گەردوون. بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر لە دە هەزار ملیۆن زانیارییان سەبارەت بە زیاتر لە بیست ملیۆن گەلەستێرە دا بە كۆمپیوتەری ناوبراو. خۆ هەرچەندە ئەم ئامێرە خێراییەكی لە ڕادەبەدەری هەیە كەچی لەگەڵ ئەوەشدا ماوەی بیست و هەشت ڕۆژی ڕەبەق كاری لەسەر ئەو زانیاریانە كرد هەتا توانیی وێنەیەكی بچووككراوەی گەردوون بكێشێت..

ئەو زانیاریانەی بەو كۆمپیوتەرە دران لەوانە بوون كە تا ئێستا بەدەست هاتوون سەبارەت بە فرانبوونی گەردوون و ڕەوشی ئەستێرەكان و تەپوتۆزی گەردوونی، بە نیازی بەدەست هێنانی وێنەیەكی هاوشێوەی گەردوون لە فراوانبوونەكەیدا و، دەستنیشان كردنی ئەو ڕێگایانەی كە ئەستێرەكان و گەلەستێرەكان دەیگرنەبەر.

پرۆفیسۆر (Carlos Frenk)(١٥) لە زانكۆی دورهامی بریتانیا و بەڕێوەبەری ئەم بەرنامەیە دەڵێ(١٦):

*"It is the biggest thing we have ever done," It is probably the biggest thing ever in computational physics. For the first time we have a replica Universe which looks just like the real one. So we can now for the first time begin to experiment with the Universe".*

واتە: "ئەمە گەورەترین شتە كە تا ئێستا بە ئەنجاممان گەیاندووە، لەوانەشە لە فیزیای كۆمپیوتەریدا بە گەورەترین دەستكەوت دابنرێت. ئێمە ئێستا بۆ یەكەم جار نوسخەیەكی گەردوونمان وەك خۆی لە بەردەستدایە كە بە وێنەی گەردوونی ڕاستەقینە لە پێش چاودا دەردەكەوێ. هەر لەبەر ئەوەشە كە بۆ یەكەم جار دەتوانین دەست بە تاقیكردنەوەكانمان بكەین لەسەر گەردوون".

ئەمەش ڕوونكردنەوەیەكی ڕاشكاوانەیە لە لایەن زاناو دۆزەرەوەیەكی گەورەوە كە ئێستا بۆ یەكەم جارە لە مێژوودا زانایان دەتوانن چەند ڕاستییەكی یەقینی سەبارەت بە شكڵ و شێوەی گەردوون و دابەشبوونی گەلەستێرەكانی ناوی ببینن.

ئەو وێنەیەی كە سوپەر كۆمپیوتەر بۆ گەردوونی كێشابوو تا ڕادەیەكی زۆر لە تۆڕی جاڵجاڵۆكە دەچێت. بۆیە زانایان زاراوەی (تۆڕی گەردوون)یان بۆ دانا، چونكە دەركەوت كە هەموو یەكێك لە تاڵە دەزووەكانی

ئەم تۆڕە لە هەزاران گەلەستێرە پێکهاتووە و، ئەم گەلەستێرانەش بە شێوەیەکی یەکجار توندوتۆڵ ڕیز کراون. واتە تانوپۆیەکی تەواو مەحکەم و قایمە. لەبەر ئەوە، زانای ناوبراو لە بارەیەوە دەڵێ[١٧]:

*"these collections of thousands of very bright galaxies very tightly packed together."*

واتە: "ئەم کۆمەڵانەی کە لە هەزاران گەلەستێرەی یەکجار گەش و بریسکاوە پێکهاتوون، زۆر بە توندوتۆڵی و ڕێکی ڕیز کراون".



ئەو وێنەیەی کە سوپەر کۆمپیوتەر بۆ گەردوونی کێشاوە و، وەکو تۆڕی جاڵجاڵۆکە دەردەکەوێت

### ئەم ناوە لە کوێوە هات؟

زاراوەی: (تۆڕی گەردوون) زاراوەیەکی زۆر نوێیە. زانایان بە نیازی گوزارشت لە پێکهاتەی گەردوون بەکاریان هێناوە، چونکە بینییان گەلەستێرەکان لەسەر چەند تاڵە دەزوویەکی باریك ڕیز کراون. جا ئەگەر بە پێوەرە گەردوونییەکان سەرنج لە هەر کامێکی ئەو تاڵە دەزووە گەردونییانە بدەین دەبینین یەکجار باریکە. خۆ ئەگەر بزانین تەنها یەك ئەستێرە بۆ ماوەی چەند چرکەیەکی ڕووناکی لە بۆشاییدا بڵاو دەبێتەوە، ئەوا تاڵە دەزووە گەردوونییەکە بۆ چەندین بلیۆن ساڵی ڕووناکی درێژ دەبێتەوە[١٨]. بۆ نموونە گەر بمانەوێ یەکێك لەو تاڵە دەزووە گەردوونییانە بچووك بکەینەوە هەتا تیرەکەی دەگاتە یەك ملیمەتر ئەوا درێژییەکەی سەدان هەزار مەتر دەردەچێت! ئیتر بۆ خۆت سەرنج لە باریکیی ئەم تاڵە دەزووە گەردوونییە بدە کە چەندە باریك و چەندەش درێژە! لەگەڵ ئەوەشدا تابڵێی توندوتۆڵە و بەستراوە بە چەند یاسایەکی گەردوونیی مەزنەوە[١٩].

جا ئایا ئەمە نابێتە بەڵگە لەسەر مەزنیی بەدیهێنەری تاڵەکانی ئەم تۆڕە و وردیی سنعەت و کارەکانی؟ لەوانەیە لەمەوە بتوانین تێبگەین کە بۆچی خوای گەورە لە قورئانەکەیدا سوێندی پێ خواردووە.



ڕیزبوونی گەلەستێرەکان
لەسەر تاڵەکانی تۆڕی سێ بوعدیی گەردوون

### زانایان ئێستا زاراوەکانی قورئان بەکاردەهێنن:

زانایانی ئەمڕۆ هیچ گومانێکیان لە بوونی ئەم تۆڕەدا نییە. بەڵکو ئێستا لە چۆنێتیی چنین و تەنینی ئەم تۆڕە دەکۆڵنەوە لەم تاڵە دەزووە مەزنە گەردوونییانە.



وێنەیەکی تری هاوشێوەی گەردوون
کە سوپەر کۆمپیوتەر کێشاویەتی

سەیرترین و نامۆترین دیاردە لەم بوارەدا ئەوەیە کە ئێستا گەردووناسان هەمان زاراوەی قورئان لە توێژینەوەکانیاندا بەکاردەهێنن! ئەوەتا بەم دواییانە توێژینەوەیەك لە لایەن چەند گەورە توێژەرێکی خۆرئاواوە دەرچووە تیایدا پرسیار و لێکۆڵینەوە لەو

چۆنێتییە دەکەن کە بەهۆیەوە تاڵەکان لە تۆڕی تانوپۆی گەردووندا چنراون!! دەبینی وشەی: (Weave)[٢٠] بەکار دەهێنن، کە لە واتای (الحُبُك)دایە!

ئایا لەبەر چی لە سەدەی بیست و یەکەمدا زانایان هەمان وشە و زاراوەی قورئان بەکاردەهێنن؟ دیارە ئەوان هەرچەندە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن و چەندەش ڕاستیی زانستی بدۆزنەوە دەبێ هەر لە ئاکامدا بگەڕێنەوە بۆ کتێبی هەموو ڕاستییەکان کە قورئانی پیرۆزە، چونکە ئەو خوایەی کە گەردوونی بەدیهێناوە هەر ئەویش قورئانی ناردووە و، گەردوون و بەدیهاتووانی ناو گەردوونی وەك چۆنە وەها باس کردووە.

وردیی ئەو وشانەی کە قورئان بەکاری هێناون:

سەیر لەوەدایە ئێستا زانایان لە چەند ڕێگایەك دەدوێن لەناو ئاسماندا! چونکە کاتێ دەڕواننە ئەو وێنانەی بەهۆی سوپەرکۆمپیوتەرەوە ئامادە کراون و تێبینی دەکەن وەکو چەند ڕێگایەك وان بەرەو شارێکی گەورە. بۆیە زانایان دەقاودەق دەڵێن[٢١]:

*"Such structures look like highways converging onto a large city, but with the important difference that clusters feeding filaments are organized in threedimensional space".*

واتە: "هەندێ لەو بینا و پێکهاتە گەردوونییانە بە وێنەی ئەو ڕێگا خێرایانە دەردەکەون کە لە شارێکی گەورەدا بە یەك دەگەنەوە. لەگەڵ جیاوازییەکی گرنگدا کە بریتییە لەوەی ئەو کۆمەڵە گەلەستێرانەی لەسەر تاڵەکان دانراون لە بۆشاییەکی سێ بوعدیدا ڕێکخراون".

جا مادەم ئەو تاڵانە لەسەر تۆڕێکی سێ بوعدی دانراون ئەوا بوونی چەند تۆڕێکی جیاجیا دەگەیەنێت بە هەموو ئاراستەکاندا. قورئانی پیرۆز بە وشەی داڕێژراوی کۆ(جمع) گوزارشتی لەم ڕاستییە کردووە و، فەرموویەتی: (الحُبُك) و، بە شێوە دارشتنی تاك نەیفەرموو: (حبيكة). دیارە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر وردیی بەکارهێنانی وشەکان لە قورئانی پیرۆزدا!

زانایانی ئەمڕۆ بەردەوام کار بۆ دۆزینەوەی ئەو هێزی کێشە لە ڕادەبەدەرانە دەکەن کە تاڵەکانی ئەم تۆڕەیان پێکەوە گرێ داوە و کۆنترۆڵیان کردووە. هەروەك لە چەند پردێك دەدوێن کە بە هێزێکی کێشی لە ڕادەبەدەر ئەم تاڵانەی بە یەکەوە بەستووە. ئەمەش جەختە لەسەر ئەوەی کە زانایانی ئەمڕۆ دەزانن ئەم تۆڕە گەلێ توندوتۆڵ و قایمە.

کاتێ سەر لە قورئانی پیرۆز دەدەینەوە دەبینین نەیفەرمووە: (ذات النسج) یان (ذات الخيوط) چونکە چنین دەگونجێ قایم بێت و دەشگونجێ پچڕ پچڕ بێت. تاڵەکانیش هەندێ جار تۆکمە و توندوتۆڵ و هەندێ جاری تریش لاوازن. بەڵام وشەی (الحُبُك) چەند سیفەتێکی تێدا کۆبووەتەوە، گرنگترینیان ئەوەیە کە ئەم وشەیە ئاماژە دەکات بۆ:

١ – بوونی چەند تانوپۆ و چنینێك.
٢ – چەند تاڵێکی هاوپەیوەندیی توندوتۆڵ.
٣ – بوونی سیستەمێك لەم تاڵانەدا. چونکە هەر کاتێ جۆلا پۆشاکێك دەچنێ ئەوا سیستەمێکی دیاریکراو دەگرێتەبەر بۆ چنینی تاڵەکان. هەر ئەو سیستەمەیە کە چنینەکە توندوتۆڵ و قایم ڕادەگرێت، دەنا پچڕ پچڕ و لاواز دەردەچێت.
٤ – بوونی چەند ڕێگایەك لە ئاسماندا.

هەموو ئەم واتایانەش وشەی: (الحُبُك) لە خۆیدا کۆی کردوونەتەوە. ئەمەش یەکێکی ترە لە ئیعجازەکانی قورئان کە وشەی ورد و پڕ لە واتامان بۆ گوزارشت لە ڕاستییەکە پێ دەبەخشێت، ئنجا بواریش بە کراوەیی دەخاتە سەرپشت بۆ مرۆڤ هەتا بە درێژایی ڕۆژگارەکان سەرگەرمی گەڕان و پشکنین و دۆزینەوە بن و زاراوەکانیان بە پێی پێویست بگۆڕن. بەڵام کاتێ لە کۆتایی و ئاکامی ڕەنج و تەقالایاندا دەگەنە ڕاستییە دڵنیایی بەخشەکان دەبینن بە ڕوونی لە قورئانی پیرۆزدا ئەو ڕاستییە وتراوە!

جا ئایا هیچ زانست و کتێبێك هەیە لەم قورئانە مەزنتر بێت؟!

چەند تاڵێکی ماددە تاریکەکەی گەردوون:

بە چەند بەڵگەیەکی جۆراوجۆر سەلماوە کە ماددەیەکی تاریك هەیە بەسەر گەردووندا زاڵە. ئەم ماددەیە هێشتا نەبینراوە و نازانرێ چییە. بەڵام زانایان دەڵێن: هەموو ئەوانەی کە تا ئێستا دەیانبینین ٤٪ی قەوارەی گەردوونە، ئەوی تری بە ڕێژەی ٢٢٪ ماددەیەکی تاریکە و بە ڕێژەی ٧٤٪یش وزەیەکی تاریکە. ئەوەی جێی سەرسوورمانی زانایان بوو بریتی بوو لەوەی کە بۆیان دەرکەوت ماددە نەبینراوەکەش بە چنینێکی توندوتۆڵ دابەش بووە و، هەر ئەو ماددە تاریکەشە کە بەهۆی چەند پردێکی گەردوونییەوە گەلەستێرەکان پێکەوە پەیوەست دەکات، تەنانەت ئەم پردانەش چەند تاڵێکن لەو تۆڕە[٢٢].

زانایان جه‌خت ده‌كه‌نه‌وه كه تاڵه‌كانی ئه‌م تۆڕه‌یان بینیوه:

هه‌ندێ خوێنه‌ری به‌ڕێز باسی (ئیعجازی زانستی)ی به‌لاوه په‌سه‌ند نییه، به بیانووی ئه‌وه‌ی كه زانستی مرۆڤ چه‌ند فه‌رزییه‌یه‌كه هه‌رده‌م له‌گه‌ڵ به‌ره‌و پێشچوونی زانیارییه‌كانی مرۆڤدا ئه‌ویش گۆڕانی به‌سه‌ردا دێت، به‌ڵام قورئان حه‌قیقه‌تێكی نه‌گۆڕه.

ده‌ڵێین: ئیعجاز له‌سه‌ر فه‌رزییه‌كان بنیات نانرێت، به‌ڵكو كاتێ زانست له‌و بابه‌ته‌دا ده‌گاته ئه‌و ئاسته‌ی كه له فه‌رزییه و نه‌زه‌رییه ده‌رده‌چێت و ده‌بێت به "راستییه‌كی زانستی" ئه‌و كاته ئیعجازه‌كه ده‌رده‌كه‌وێت. جا ئێمه ده‌پرسین ئایا ده‌گونجێ زانایان له داهاتوودا "راستی"یه‌ك بدۆزنه‌وه كه پێچه‌وانه‌ی "راستی"یه‌ك بێت ئه‌مرۆ دۆزراوه‌ته‌وه؟ راستی هه‌ر راستییه و ناگۆڕێت، گۆڕان له فه‌رزییه و بیردۆزه‌كاندا ده‌بێت.

ده‌توانین بڵێین: چه‌ند راستییه‌كی زانستی هه‌یه مرۆڤ ده‌یانبینێت و به بێ گومانی هه‌ستیان پێ ده‌كات، وه‌ك: راستیی بوونی گه‌له‌ستێره‌كان و راستیی ئه‌وه‌ی كه زه‌وی شێوه‌ی گۆی هه‌یه و، راستیی بوونی خۆر و مانگ. خۆ ئه‌مانه‌ش هه‌موو مرۆڤێك ده‌توانێت بیانبینێت. به‌ڵام نه‌زه‌رییه‌كانی كۆتایی گه‌ردوون و ته‌مه‌نی گه‌ردوون زانایان نه‌یانتوانیوه جه‌ختی لێ بكه‌نه‌وه.

ئنجا هیچ گومان له‌وه‌شدا نییه كه گه‌له‌ستێره‌كان له‌م گه‌ردوونه‌دا به سیسته‌مێكی توندوتۆڵ و بنیاتنانێكی چه‌شنی چنینی تۆڕ دانراون. كه ئه‌مه‌ش هه‌موو زانایان دانی پێدا ده‌نێن و كه‌س نكوولیی لێ ناكات. له‌وانه‌یه توێژینه‌وه‌كانی ئاینده روونكردنه‌وه‌ی زیاتر سه‌باره‌ت به‌م تۆڕه گه‌ردوونییه به ده‌سته‌وه بده‌ن، به‌ڵام هه‌رگیز ناگونجێ ئه‌وه ده‌ربكه‌وێت كه گه‌ردوون به هه‌ڕه‌مه‌كی دابه‌ش بووه و هیچ سیسته‌مێك نییه رێكی بخات، چونكه ئه‌نجامه‌كه‌ی دارمانی گه‌ردوون ده‌بێت.

جا مادەم "راستی"یه زانستییه‌كه له‌گه‌ڵ قورئانی پیرۆزدا یه‌كاویه‌ك ده‌رچوو، ئه‌وا هه‌رگیز ناگونجێ زانایان له داهاتوودا شتێكی پێچه‌وانه‌ی ئه‌م ده‌قه پیرۆزه بدۆزنه‌وه. به‌ڵام ده‌گونجێ شتی نوێ له‌م تۆڕه‌دا بدۆزنه‌وه، وه‌ك ئه‌وه‌ی كه وێنه‌یه‌كی باشتریان لێ ده‌ست بكه‌وێت، یان به شێوه‌یه‌كی تێر و ته‌سه‌لتر و روونتر ببینن.

كه‌واته هه‌روه‌ك ده‌بینین و ده‌زانین زه‌وی شێوه‌ی گۆی هه‌یه، به هه‌مان جۆر زانایان به چاوی خۆیان ده‌بینن كه چه‌ندین تاڵه گه‌له‌ستێره به وێنه‌ی تۆڕێك له ناوه‌ندی سیسته‌مێكی توندوتۆڵدا پێكه‌وه په‌یوه‌ستن و، ناگونجێ ئه‌م دیمه‌نه‌ش وه‌همێك بێت دوور له راستی.

زانایانی ئه‌مرۆ چه‌ند "رێگا" و "پرد"ێك ده‌بینن كه ئه‌م تاڵانه به توندوتۆڵی و قایمی پێكه‌وه گرێ ده‌ده‌ن. یه‌كێك له‌و زانایانه دكتۆر "بول میله‌ر"ه كه جه‌خت ده‌كاته‌وه له‌سه‌ر بوونی چه‌ند رێگایه‌ك ئه‌ستێره‌كانی له‌سه‌ر ده‌ڕۆن و به‌یه‌ك ده‌گه‌نه‌وه تاكو گه‌له‌ستێره‌كان پێكبهێنن. هه‌روه‌ك له: چه‌ند تاڵێك (Filaments) و، چه‌ند گرێیه‌ك (Nodes) و، تۆڕ (web)[٢٣] ده‌دوێت. جا ئایا وشه‌ی (الحُبُك) هه‌موو ئه‌م واتایانه له‌خۆ ناگرێت؟

ئه‌م زانایه (بول میله‌ر)[٢٤] كه یه‌كێكه له گه‌وره زانایانی گه‌ردوونناسی به جه‌خت كردن له‌سه‌ر بینینی ئه‌و تۆڕه ده‌ڵێت:

*"We have little doubt that for the first time, we are here seeing a small cosmic filament in the early universe".*

واته: "ئێمه گومانمان له‌وه‌دا نییه كه بۆ یه‌كه‌م جار تاڵێكی بچووكی گه‌ردوونی ده‌بینین له گه‌ردووونی سه‌ره‌تادا".

سه‌رنج بده كه چۆن وشه‌ی: (ده‌بینین) به‌كارده‌هێنێت بۆ ئه‌وه‌ی ده‌ری ببڕێت كه به راستی تاڵه‌كانی تۆڕی گه‌ردوون ده‌بینن. جه‌خت له‌وه‌ش ده‌كات كه بۆ یه‌كه‌م جاره مرۆڤ تاڵه‌كانی ئه‌م تۆڕه ده‌بینن.

پوخته‌ی ئه‌مانه‌ی پێشوو:

هه‌ر له سه‌رتای نازڵ بوونی قورئانه‌وه تا ئێستا به درێژایی رۆژگار چه‌ندین ته‌فسیر و لێكدانه‌وه بۆ ئه‌م ئایه‌ته كراوه و له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا هیچ ناسازییه‌ك له تێگه‌یشتنیدا په‌یدا نه‌بووه. ده‌بینی له ته‌فسیریدا وتراوه كه ئاسمان: به‌دیهاتنێكی جوانی هه‌یه.. بنیایه‌كی توندوتۆڵه.. چه‌ند رێگایه‌كی تێدایه.. گه‌لێ ئه‌ستێره‌ی هه‌ن ده‌یرازێننه‌وه.. تانوپۆیه‌كی هه‌یه كه به تۆكمه و قایمی چنراوه. هه‌موو ئه‌م ته‌فسیرانه‌ش راست و دروستن و، یه‌كێك له مه‌زنییه‌كانی ئه‌م وشه‌یه‌ی قورئان له‌وه‌دایه كه سه‌رجه‌می ئه‌م واتایانه‌ی له‌خۆدا كۆكردووه‌ته‌وه. خۆ كاتێ كه زانستی نوێ هاته كایه‌وه و په‌رده‌ی له‌سه‌ر گه‌لێ نهێنیی گه‌ردون لادا ده‌ركه‌وت كه هه‌موو ئه‌م واتایانه راستن و، دۆزینه‌وه و راستییه زانستییه‌كان یه‌كاویه‌كن له‌گه‌ڵ قورئانی پیرۆزدا كه سه‌رانسه‌ر راستییه..

پوختەی ئەو دەرەنجامانەی کە زانایانی گەردوونناسی پێی گەیشتن بریتیە لەوەی: گەردوون پڕە لە ماددەیەکی تاریك.. چەند تاڵێکی یەکجار باریکیش ئەم تاریکاییە دەبڕن و لە چەند شوێنێك و لە شێوەی چەند گرێیەکدا بە یەك دەگەنەوە.. شێوەی ئەو تاڵانەش وەکو تانوپۆی چنین وایە.. زۆر بە وردی و تۆکمەییش ئەم تاڵانە چنراون و پێکەوە گرێ دراون.

خۆ ئەو دیمەنەی کە ئێستا زانایان دەیبینن، هەمان شتە کە قورئانی پیرۆز بەوپەڕی وردی و بە چەند وشەیەکی کەم پێش چواردە سەدە لێی دواوە و وەسفی کردووە.

ئەنجامەکانی ئەم باسە و ڕووی ئیعجاز:

١ – لایەنێکی جوانی و مەزنیی ئیعجازی ئەم ئایەتە لەوەدایە کە وێڕای ئەو واتایانەی بە درێژایی ڕۆژگارەکان لێی وەرگیراون، کەچی هیچ گرفتێك لە تێگەیشتنیدا نابینرێت. لە ناوەندی تەفسیری ئایەتەکەوە ئەوە بە دەست دێت کە دەقی قورئان واتاکانی ڕوون و ئاشکران، ئەوەتا هەر لە دێر زەمانەوە خەڵکی لەم ئایەتە ئەوە تێگەیشتوون کە ئاسمان چنینێکی توندوتۆڵی هەیە و، بێ ئەوەی تانوپۆی ئەو چنینەش ببینن باوەڕیان پێی بووە. خەڵکانی هەر سەردەم و ڕۆژگارێك بە ئەندازەی زانیارییەکانی سەردەمی خۆیان لێی تێگەشتوون و ئێمەش بە ئەندازەی زانیارییەکانی سەردەمی خۆمان لێی تێدەگەین. لەوانەیە سبەینێ زانست وردەکاریی نوێتر لەم تۆڕە گەردوونییەدا بدۆزێتەوە و خەڵکی ئەو کاتە بە شێوەیەکی فراوانتر لەم ئایەتە بگەن. کە ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی ئیعجازی قورئان. کە بریتییە لەوەی: (قورئان گوفتاری خوای گەورەیە ئاراستەی هەموو توێژەکانی گشت کات و شوێنێکی کردووە)!

هەروەك ئەم ئیعجازە ڕوونکردنەوەیەکی تر بەو وەسفەی قورئان دەبەخشێ کە خوای گەورە لەبارەیەوە فەرموویەتی:

﴿ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ اللهِ لَوَجَدُواْ فِيهِ اخْتِلاَفًا كَثِيرًا ﴾ (النساء:٨٢)

٢ – ئنجا وەك لەم باسەوە بۆمان دەرکەوت، مێژووی بەرەو پێش چوونی زانیارییەکانی مرۆڤ سەبارەت بە گەردوون و جەخت کردنی زانایان کە بۆ یەکەم جارە بەم تۆڕە گەردوونییە ئاشنا دەبن، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کاتی نازڵ بوونی قورئان چەمکی تۆڕ و چنینی توندوتۆڵی گەردوون کەس نەیزانیوە. کەواتە تاکە لێکدانەوەی ڕاست و دروست بۆ لێدوانی قورئان لەو چنینە توندوتۆڵە لەو سەردەمەدا ئەوەیە کە تەنها و تەنها بەدیهێنەری گەردوون خاوەن گوفتاری قورئانە، نەك کەسی تر. خۆیشی دەفەرموێ:

﴿ قُلْ أَنزَلَهُ الَّذِي يَعْلَمُ السِّرَّ فِي السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ إِنَّهُ كَانَ غَفُوراً رَّحِيماً ﴾ (الفرقان:٦).

٣ – ڕوونکردنەوەی ئەم موعجیزەیە هۆکارێکی کارایە بۆ بانگهێشتی ناموسڵمانان – نەخوازەلا زانایانیان – بۆ تێڕامان لە قورئان و دڵنیابوونیان لەوەی کە هەرگیز ناگونجێ ئەو قورئانەی کە پڕ لە موعجیزەی ئاوایە گوفتاری مرۆڤ بێت. چونکە دەبێ ئەم پرسیارە لە خۆیان بکەن کە: ئایا لەو سەردەمە دێرینەدا کێ دەیزانی گەردوون پێکهاتەیەکی توندوتۆڵی چەشنی تۆڕی هەیە. خۆ ئەگەر تەنها تۆسقاڵێك دادگەری و ویژدان بەکاربێنن ئەوا وەڵامەکەیان بە ڕوونی لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەبیننەوە کە دەفەرموێ:

﴿ لكِنِ اللّهُ يَشْهَدُ بِمَا أَنزَلَ إِلَيْكَ أَنزَلَهُ بِعِلْمِهِ وَالْمَلآئِكَةُ يَشْهَدُونَ وَكَفَى بِاللّهِ شَهِيداً ﴾ (النساء: ١٦٦).

٤ – هەروەك لایەنێکی دیی جوانیی ئیعجاز لەم ئایەتەدا وردیی بەکارهێنانی زاراوەکانە و، گەڕانەوەی زانایانە بۆ زاراوەکانی قورئان – بە خۆیان بزانن یان نەزانن – تاکو وەسف و لێکدانەوەکانیان بۆ دیاردە گەردوونییەکان ورد و پڕاوپڕی مەبەست بێت! کەچی قورئان هەر لەگەڵ نازڵ بوونیدا وردترین و گونجاوترین زاراوەی پێویستی بۆ داناون..

ئەمەش ڕوونی دەکاتەوە کە هەروەك هەڵوێستی قورئان سەبارەت بە کتێبەکانی پێش خۆی لەوەدا دەردەکەوێ کە: هەڵەکانیان بۆ ڕاست دەکاتەوە و، پشتی ڕاستییەکانیان دەگرێت و، زاڵە بەسەریاندا، وەك خۆی دەفەرموێ: ﴿ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِناً عَلَيْهِ﴾ (المائدة:٤٨) هەمان هەڵوێستیشی بەرامبەر زانستەکانی سەردەم هەیە" پشتی ڕاستییەکانیان دەگرێت و، هەڵەکانیان بۆ ڕاست دەکاتەوە و، پێشڕەویانە و بەسەریاندا زاڵە!

٥ – ئەو کەسەی سەرنج لە ئایەتی پیرۆزی ﴿وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الْحُبُكِ﴾ دەدات و، پاشان بیر لەم وێنەیە دەکاتەوە کە کۆمپیوتەر بۆ گەردوونی کێشاوە و بە ڕوونی ئەو تۆڕە توندوتۆڵە دەردەخات، یەکاویەك بوونی دەقەکەی قورئان لەگەڵ ئەوەی کە زانست دۆزیویەتەوە بە جوانی دەبینێ. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خاوەنی گوفتاری ئەم ئایەتە خاوەنی هەمان تانوپۆیە کە دایهێناوە و، فەرموویەتی: ﴿ صُنْعَ اللَّهِ الَّذِي أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍ إِنَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَفْعَلُونَ﴾ (النمل: ٨٨).

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: سەرچاوەکانی نووسەر:

نووسەری ئەم باسە، جگە لە پەراوێزەکان، بیست و دوو سەرچاوەشی هێناوە کە باسەکەی لێ وەرگرتوون. لێرەدا بۆ نموونە ناوی یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکانی دەنووسین. ئەگەر خوێنەری بەڕێز پێی خۆش بێت دەتوانێت لە نووسینە عەرەبییەکەدا لیستی سەرچاوەکان بخوێنیتەوە. ئەو سەرچاوەیەش ئەمەی خوارەوەیە:

(Volker Springel, Professor Carlos Frenk, Professor Simon White, *Millennium Simulation – the largest ever model of the Universe*, University of Durham, 2005).

### دووهەم: سەرچاوەکانی وەرگێڕ:

* ئەم وەرگێڕانە یەکێکە لە باسەکانی دوا کۆنگرەی جیهانیی ئیعجازی زانستی، لە لایەن ئەندازیار (عبدالدائم الكحيل)ەوە پێشکەش کراوە و، لەم سایت و لینکەدا بڵاو کراوەتەوە:

(www.nooran.org/con8/Research/385.pdf).

* هەندێ شوێنی دووپاتکراوەم لێ بواردووە و، لە هەندێ شوێنی تردا – کە چەند جێگایەکی کەمن – زانیاری و چەمکی گونجاوترم داناوە، کە هەندێکیان لە مامۆستا (مەریوان ئەحمەد ڕەشید) پسپۆڕی ئەم بوارەم وەرگرتن و، هەندێکی تریان پوختە و ئەنجامی بەدواداگەڕان و خوێندنەوەکانی خۆمن لەم بابەتەدا کە لە چەند سایتێکی تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکراونەتەوە.

* هەندێ پەراوێزی پێویستم لێ زیاد کردووە.

---

### پەراوێزەکان:

(١) (الذاريات:٧) واتە: (بەو ئاسمانەی کە ڕێ ڕێ بە توندوتۆڵی چنراوە).

(٢) تەفسیری قورتوبی، بەرگی نۆهەم. سوورەی (والذاريات). بڵاوکراوەی (دار ابن خلدون) ١٩٩٦.

(٣) تەفسیری ئیبن کەسیر، لاپەڕە (١٥٠٥) سوورەی (والذاريات). بڵاوکراوەی (دار المعرفة– بيروت ٢٠٠٤.

(٤) تەفسیری (کەششاف)ی زومەخشەری، بەرگی چوارەم، بڵاوکراوەی (دار الكتب العلمية) ط٣، بيروت ٢٠٠٣.

(٥) فەرهەنگی (لسان العرب)ی ئیبن مەنظور. بەرگی چوارەم ل ١٩ پیتی (ح). بڵاوکراوەی (دار صادر) ط١

(٦) فەرهەنگی (القاموس المحيط)ی فەیروزابادی. ل ٢٥٩. بڵاوکراوەی (دار المعرفة) ٢٠٠٥.

(٧) فەرهەنگی (المعجم الوسيط) . ل ١٥٣. بڵاوکراوەی (دار الدعوة) ئەستەمبووڵ ١٩٨٩.

(٨) فەیلەسووفێکی یۆنانی و قوتابیی "ئەفلاتون"ە. لە نێوان ساڵەکانی (٣٨٤–٣٢٢) پێش زاییندا ژیاوە: جگە لە بواری مێژووی فەلسەفە، لە مەنتیق و میتافیزیکدا جێ دەست و ناوی دیارە. بایەخی بە سەرجەم زانستەکان داوە و، هەموویانی لە ژێر چەتری فەلسەفەدا کۆ کردووەتەوە. (وەرگێڕ)

(٩) ناوی (نیکۆلاس کۆپەرنیکۆس)ە و، خەڵکی بۆلۆنیایە و، لە نیوان ساڵەکانی (١٤٧٣–١٥٤٣)ژیاوە. زانایەکی بواری گەردوونزانییە و، پێی وابووە خۆر نەجووڵە و هەسارەکان بە دەوریدا دەسووڕێنەوە، زەویش جگە لەوەی کە وەك هەسارەکانی تر لە ساڵێکدا یەك جار بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، لە شەو و ڕۆژێکیشدا یەك جار بە دەوری تەوەرەی خۆیدا دەخولێتەوە. هەروەك لە گۆڕانی ئاراستەی جەمسەری خولانەوەی زەوی و دروست بوونی وەرزەکانیش دواوە. بیردۆزەکەی کاریگەرییەکی گرنگ و یەك لە دوای یەکی بەجێ هێشتووە لەسەر زانایانی دوای خۆی، وەك: گالیلۆ و دیسکارت و نیوتن. (وەرگێڕ)

(١٠) ئەلبێرت ئەنیشتاین: فیزیازانێکی ئیمانداری ئەڵمانی و دواتر ئەمریکییە و، لە نێوان ساڵەکانی (١٨٧٩–١٩٥٥)زدا ژیاوە. پەرەی بە تیۆری تایبەتی و گشتیی نیسبی داوە. ساڵی (١٩٢١)ز خەڵاتی نۆبڵی لە فیزیادا وەرگرتووە. (وەرگێڕ)

(١١) Michael Rowan-Robinson, Cosmology, Oxford University Press, 1996

(١٢) David Wands, A brief history of cosmology, www-history.mcs.st-andrews.ac.uk, March 1997

(١٣) Our own Galaxy - the Milky Way, University of Cambridge,www.cam.ac.uk.

(١٤) BBC News Online, Supercomputer to simulate bomb tests, news.bbc.co.uk, 30 June, 2000.

(١٥) Carlos Frenk, Ogden professor of fundamental physics at the University of Durham, UK, and co-author on the Nature report.

(١٦) Tim Radford, A duplicate universe, trapped in a computer, www.guardian.co.uk, June 2, 2005.

(١٧) Biggest ever cosmos simulation, news.bbc.co.uk, 1 June, 2005.

(١٨) Heather Hasan, How Mathematical Models, Computer Simulations and Exploration Can BeUsed To Study The Universe,p134, The Rosen Publishing Group, 2005.

(١٩) Manolis Plionis, Spiros Cotsakis, Modern Theoretical and Observational Cosmology, Springer, 2002.

(٢٠) J. Richard Bond*, Lev Kofman & Dmitry Pogosyan, How filaments of galaxies are woven into the cosmic web, Nature 380, 603 - 606 ,18 April 1996.

(٢١)Gemini, Subaru & Keck, Discover large-scale funneling of matter onto a massive distant galaxy cluster, www.gemini.edu, 30 June 2004.

(٢٢) Maggie McKee, Washington DC, Mini-galaxies may reveal dark matter stream, New Scientist, 12 January 2006

(٢٣) Palle Mİler, Johan Fynbo, Bjarne Thomsen, A Glimpse of the Very Early Universal Web، European Southern Observatory (www.eso.org), 18 May 2001.

(٢٤) زانایەکی بواری گەردوونناسی‌یە لە پەیمانگای فیزیای گەردوونی لە ئەڵمانیا. بۆ زانیاریی زیاتر و فراوانتر با سەیری ئەو بابەتە بکرێت کە ساڵی ٢٠٠١ ئەم زانایە و هاوڕێیانی: (جۆن فیبۆ، لە هەمان ڕوانینگە) و (بارون تۆمسۆن، لە پەیمانگای فیزیا و گەردووونناسی – دانیمارك) بڵاویان کردووەتەوە، لەم سایت و لینکەی خوارەوە:

http://www.eso.org/outreach/press-rel/pr-2001/pr-11-01.html

# ئیعجازی زانستی بۆ ؟!

جەمال قەرەداخی

سنریهم ایاتنا فی الافاق وفی انفسهم حتی یتبین لهم انه الحق
2000 1421
KCSS (Q&S)
یانەی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەت

قورئانی پیرۆز کە موعجیزەیەکی هەتاهەتاییە، بەسەر بردنی ژیان لە سایەیدا سەرچاوەی ئاسودەیی و کامەرانی و خێر فەڕ و بەرەکەتی زۆرە ،قورئان سفرە و خوانی پڕ خێری خوای گەورەیە بۆ مرۆڤەکان بۆ هەتا هەتایی و هەرگیز عەجایبەکانی کۆتایی نایەت هەتا زانست و زانیاری مرۆڤەکان پێشتر کەوێت قورئان زیاتر پرشنگدار و گەشاوەتر وخۆشەویستر دەبێت و زیاتر لە ئامێز دەگیرێت و دەچێتە نێو دڵەکانەوە ،قورئانی پیرۆز بۆ خۆی تاکە بەرنامە و پرۆگرامی ژیانە و ئەگەر مرۆڤایەتی بە تەواوی پەیڕەوی بکات ئەوا خۆشترین و ئاسودەترین ژیانی بۆ دابین دەبێت و ئەم گۆی زەویەی بۆ دەبێتە بەهەشتێکی خنجیلانە و قەشەنگ پێش ئەوەی بڕوات بەرەو بەهەشتی نەبڕاوەی هەتا هەتایی... ئەو قورئانە هەمووی لە کتێبێکدا کۆکراوەتەوە کە بە پێچەوانەی هەموو کتێب و دانراوەکانی دیکەوەیە چونکە تا قورئان بە زەمەندا ڕۆبچێت و کاتی بەسەردا بڕوات زیاتر شەوقدار دەبێت و زیاتر لە باوەش دەگیرێت کە ئەوەش بەڵگەیەکی ئاشکرایە لە سەر ئەوەی کە ئەو قورئانە لە لایەن خوای پەروەردگارەوە دابەزیوەتە سەر پەیامبەری ئیسلام ( د.خ ) تا ببێتە بەرنامەی ژیانی مرۆڤایەتی بۆ هەتاهەتایە کە ئەوەش بۆ خۆی موعجیزەیەکە لە موعجیزەکانی قورئان ،چونکە کام کتێبە زۆر بە نرخ و گرنگ بێت دوای ٤٠ تا ٥٠ ساڵ ئیتر کۆن دەبێت و باوی نامێنێت و دەچێتە ئەرشیفەوە مەگەر بە دەگمەن کتێبێك لەوە زیاتر بمێنێتەوە ،قورئان ئەو پەیامەیە کە زۆرترین بخوێنی هەیە لەم سەر زەویەدا و هیچ ساتێك نیە کە دەوری ئەو قورئانە نەکرێتەوە لە لایەنی کەسانێکەوە یان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بێت ، بەڵام خوێنەری خۆشەویست سەرنج بدە کە قورئانی پیرۆز زیاد لە ١٤٠٠ ساڵە ئەو قورئانە دابەزیوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شوینکەوتوانی زیاد دەکەن و پەپولە ئاسا بە دەوری تیشکە زێرینە نەبڕاوەکانیدا دەسوتێن ،لەوەش زیاتر هەتا ئەو کتێبانەی کە لە سەر ئەو قورئانە نوسراون وەك ڕاڤەکانی قورئان و هاوڕێ لەگەڵ سیرە و ژیان و فەرمایشتەکانی پەیامبەری مەزن ( د.خ ) هەر هەموویان وەك خۆیان ماون و ڕۆژ بە دوای ڕۆژ داواکارییان لە سەر زیاد دەکات کە هەر ئەمە نەمرودیەی قورئان بەسە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت قورئان نێردراوە لە لایەن خوای بالادەستەوە بۆ سەر مرۆڤەکان .

وشەی سەراسیمە یانی ( ئیعجاز ) لە زمانی عەرەبیدا بە مانای دەستەوسانی مرۆڤ دێت لە بەرامبەر کارێك یان دیاردەیەك یان هەر شتێکی دی کە مرۆڤ نەتوانێت لاساییان بکاتەوە و هاوشێوەیان بێنێت، ئەگەر بەو مانایە بڕوانینە دەورو پشتمان ئەوا هەموو شتەکانی بەردەممان وەك ژیان و ئاو و هەوا و کانزاکان و زیندەوەران و هەموو بونەوەرانی ئەم گەردوونە هەمووی و ... هتد دەبنە موعجیزە چونکە مرۆڤ ناتوانێت لە شێوەیان بێنێت یان دروست بکات بەڵام لە بەر ئەوەی کە ئەو شتانە هەمیشە لەبەردەمماندان و ڕاهاتوین لەگەڵیاندا ئێمەی مرۆڤ زۆر جار ئەو ئیعجازانەمان لە بیر دەچێت کە ئەوە مەبەستی من نیە لەم بابەتەدا ،بەڵکو ئەوەی لێرەدا مەبەستە موعجیزەی پەیامبەرانە ( سەلامی خوایان لەسەر بێت ) کە هەر پەیامبەرە و لەکاتی خۆیدا موعجیزەیەك یان چەند موعجیزەیەکی بۆ نێردراوە لە لایەن خوای پەروەردگارەوە تا خەڵکی بیانڕەستێنن ، ئەو موعجیزانەش دوو جۆریان هەیە:

١ / **ئیعجازی ماددی :** هەموو ئەو موعجیزە ماددیانەن کە بۆ پەیامبەرانی پێش پەیامبەری ئیسلام نێردراوان و تەنها بۆ ئەو کاتانەش دەبێت کە تیایدا مرۆڤایەتی زۆر پێشکەوتوو نەبوون لە ڕووی زانستی و تەکنۆلۆژیەوە بۆیە زۆربەی ئەو موعجیزانە بۆ ئەم سەردەمە دەست نادەن ئەگەر دووبارە ببنەوە یان ئەو کاریگەریەی یەکەمجاریان نابێت .

٢ / **ئیعجازی مەعنەوی :** ئەم جۆرەیان هاوڕێ لەگەڵ ئیعجازی ماددی تایبەتن بە پەیامبەری ئیسلامەوە محمد (د.خ)،ئەو جۆرە ئیعجازە بە زۆری بواری زانست

و زانیـاری و هــەموو ئــەو چـالاکیانە دەگرنــەوە کــە پەیوەندییان بە بیر و هزر و مێشکی مرۆڤەوە هەیە ،بۆیە هەڵبـژاردنی ئـەو جۆرە ئیعجازە بـۆ پەیامبـەری ئیسلام خۆی بۆ خۆی موعجیزەیە چونکە ئەگەر خوای گەورە نەبێت کێ دەیزانی ڕۆژێك دێت وەك ئەمرۆ کە سەردەم و ڕۆژی زانست و زانیاری دەبێت بۆیە ئەو موعجیزەیەی بەخشیوە بە محمد تا هەتا هەتایە بمێنێتەوە و هەمیشە سنورەکانی توانای مرۆڤایەتی ببڕێت بە مەبــــــەستی ڕاسـتاندنی ( تصـديق ) پەیامـە پیرۆزەکـەی ئیسـلام ،قورئانی پیرۆز کۆکراوەی هەموو زانست و زانیاریەکانە بەو پەری ئیعجاز و ڕەوانبێژییەوە ، قورئان گەردوونێکی خوێندراوەیە هاوڕێ لەگەڵ گەردوونی بینراو ،وەك چۆن زانیاریـەکان و نهێنیـەکانی گـەردوون بـێ سـنورن بـە هەمان شێوەش زانیاریەکان و نهێنیەکانی قورئانیش بێ سنورن ، قورئان کتێبێکی زانستی ڕووتی وەك فیزیا و کیمیا نیە بەڵکو قورئان بەرنامەیەکی پەروەردەییە کە خوای گەورە ناردویەتی بۆ سەر مرۆڤایەتی لە ڕێگای پەیامبەرەکەیـەوە محمـد ( د.خ ) بـەلاَم لـە نێـو ئـەو پەیامـەدا کورتـە ئامـاژەی زانسـتی و گـەردوونی وای تێدایــە کــە زۆربـــەیان هێشـــتا مرۆڤایـــەتی پێیـــان نەگەیشتووە واتە هەمیشە ئەو لە پێش مرۆڤایەتیەوە دەبێت و هەرواش دەمێنێتەوە هەتا هەتایە کە ئەوەش ئیعجازی قورئانە بۆ ڕاستاندنی پەیامەکەی محمد ،کە بـاس لـە ئیعجـازی قورئـان دەکـەین تـەنها مەبەسـت ئیعجازی زانستی نیە بـەڵکو ئـەوە هـەموو بوارەکـانی زانســت و بــیر و هــزر و ڕەوانبێــژی و وێــژەوانی و زمانــەوانی و ئــابووی کۆمەلاَیــەتی و هــەموو ئــەو چالاکیانەی پەیوەستن بە ژیانی مرۆڤەوە دەگرێتەوە ، هـەتا چـۆنیەتی ڕیـز بـوونی پیت و ووشـە و ئایـەت و ســورەتەکانی قورئــان دەگرێتــەوە و هـــەتا لـــە ڕووی ژمارەییشەوە قورئان موعجیزەیە ، ئەی ئەوە نیە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿الله الذي أنزلَ الكِتابَ بِالحق والمِيزانَ وما يدريك لعل الساعةَ قريب﴾ (الشورى:١٧) .

لە ئایەتەکەدا ووشـەی ( بالحق ) هاتوە کە ماناکەی دیـارە و کەسـانی پـێش ئێمـەش لـە ماناکـەی گەیشـتون ،بـەلاَم ئـەی مانـای ( بـالمیزان ) دەبێـت چـی بێـت ؟! لەوانەیــە پــێش ئێمــە ماناکــەی زۆر ڕوون نــەبوبێت و ئێســتاش تــا ڕادەیــەك یــان کــەمێك لــە ماناکــانی دەرکـەوتوبێت چـونکە یـەکێك لە ئیعجازەکـانی قورئـان ئەوەیە کە ماناکانی ڕەها و بێ سنورن بە مانایەکی دی ووشە و ئایەتی وا هەیە لە قورئاندا کە هەموو مانایـەکی ڕاســت و جــوان هەڵــدەگرن و لەگــەڵ ڕەوڕەوەی بــەرەو پێشچـوونی مرۆڤایەتیـدا دەگـونجێن ،چـونکە وەك وتـرا قورئـــان گـــەردوونێکی خوێندراوەیـــە بۆیـــە دەبێـــت نهێنیـەکانی ناکۆتـا بـن ، بـا بگەڕێینـەوە سـەر ووشـەی (المیـزان) کە خـوای گـەورە دەفەرموێت ئێمە قورئانمان نـاردووە بــە ڕاسـتی و بــە تــەرازوو ،لەوانەیــە ( دەڵــێم لەوانەیە چونکە دوورنیە ووشەکە نهێنی دیکەی لە خۆ گرتبێت)بە مانای ئەوە بێت کە ووردکاری و دیقەت لـە ژمـارەی ئایــەت و ووشــە و پیتــەکانی و ســورەتەکانی قورئانـدا هەیـە بـە جۆرێك ئەگـەر قورئـانێکی سـەردەمی خەلیفــەکانی ڕاشــیدین بێــنین و لەگــەڵ قورئــانێکی ئێستادا هیچ جیاوازیەکیان نابێت کە ئەوەش پەیمانی خوایە کـە ئـەو قورئانـە دەپارێزێت بـۆ هەتاهەتایـە وەك خــــوا دەفەرموێت ﴿إنا نحن نزلنا الذكْر وإنا له لحافِظون﴾ (الحجر:٩) .

وەك پێشــتر ئامــاژەی بــۆ کــرا کــە مــوعجیزەی پەیامبــەری ئیســلام محمــد ( د.خ) موعجیزەیـــەکی مەعنەویە و خۆی لە قورئانی پیرۆزدا دەبینێتەوە ،بەلاَم دەبێت ئاماژە بـەوەش بـدەین کـە محمـد (د.خ) خـاوەنی موعجیزەی مادديش بووە و لـە بەناوبانگترین موعجیزە ماددیـەکانی محمـد لــەت بــوونی مانگــە کــە ئــەوەش هەتاهەتایـە هــەر بــە ئیعجـازی دەمێنێتــەوە ، هــەروەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿اقْتربتِ الساعةُ وانشق القمـر﴾ (القمر:١) بەهۆی ئەو موعجیزەی پەیامبەرەوە چەندەها کەسـی وەك ( داود موسا پیدکۆك) موسڵمان بووە کە موســـوڵمانبویەکی بەریتانیـــە و دەڵێـــت کـــە هـــۆی موســـوڵمانبونەکەی دانیشـــتن و گـــوێگرتنی بـــووە لـــە سیمینارێکی تەلەفزیۆنی کە لە نێوان سێ زانای فەزایی ئەمـەریکی و کۆمـەڵێك زانـای بـەریتانی سـازکراوە کـە تەلــەفزیۆنی بـــەریتانی پەخشـــی کـــردووە ،زانـــا بەریتانیەکان پرسیاری ئەوەیان دەکرد کە ئاخۆ سوودی گەشتی سەر مانگ چی بووبێت لە کاتێکدا ئەو گەشتە ملیۆنەها دۆلاری تێچووە ؟

ئەو گەشتە تەنها بۆ دەستخستنی چەند مشتێك لە بەرد و خۆڵ لە سەر مانگ بوو! زانا ئەمەریکیەکانیش ووتیــان نــەخێر مەبەســتی ســەرەکی گەشـــتەکەمان دڵنیابوون بوو لە دیاردەیەك کەزۆر دەمێکە واق ووڕماو وسەرسوڕماوی کردوین کە ئەویش لەت بوونی مانگ بوو کە ئێمـەش لـە میانـەی ئەو گەشـتەدا ئـەوەمان بـۆ ڕوون بوەوە .

# خراپەکاری و سزای خوای گەورە ...



## فیلمێکی بەڵگەنامەیی لەو بارەوە ببینە

ئازاد غەریب

ئایا ئاکامی ئەو خراپەکارییانە چییە کە مرۆڤ ئەنجامیان دەدات؟ بێگومان ئەمە بەسزا لە دونیادا کۆتایی دێت، بەڵام سزای ئەو دونیا گەورەترە، بائەم وتارە بخوێنینەوە.

ڕووداوێکی کۆن زۆر سەرنجی ڕاکێشام! لەئیتالیادا شارێکی کۆن هەبووە شانازییان بە ئەنجامدانی سێکس و ڕۆچوونی سێکسییەوە کردووە. زۆر چەقاوەسوو بوون و لەبەرچاوی منداڵ و ئافرەت و گەورەدا تابلۆی دیمەنی ڕووتیان لەسەر دیواری ماڵەکانیان دروست کردووە.

تەنانەت شارەزایانی ئەمڕۆ پێیان وایە هونەری ڕووتی و خیلاعی لەم شارە بێئابڕووەوە سەری هەڵداوە. بەڵام ئەنجامیان بەچی گەیشت؟ بەرهەمی ئەو خراپەکارییانەی شانازییان پێوەدەکرد، چی بوو؟ چۆن ئەو نەتەوەیە کۆتاییان پێهات؟ بەڵام پێش هەموو ئەمانەش، بەسەرهاتیان چۆن بووە؟

شاری بۆمپەی لە ئیتالیا شارێکی کۆنی ڕۆمەکانە و ژیانێکی زۆر دەوڵەمەندانە و پڕلە ڕابواردنیان بەسەر بردووە، خوای گەورە نیعمەتی جۆراوجۆری پێدابوون، خاکیان بەپیت و بەرەکەت بووەو باشترین بەرووبوومی کشتوکاڵیان هەبووە، ئاسمانیان هەمیشە بەباران بووە و سەروەت و سامانێکی بێشوماریان هەبووە.

خەڵکی ئەم شارە ڕۆژێکیان هەبووە بەبۆنەی جەژنی(خوای ئاگر)ەوە تیایدا ئاهەنگیان گێڕاوە، هەر لەوڕۆژەشدا بورکانێك لەپاڵ شارەکەیاندا بەشێوەیەکی کتوپڕ ورووژاوە و بەردی تواوە و خۆڵەمێشی بورکانیی کڵپەگرتوو دەستیان بەورووژم هێنان کردووە و لەچەند چرکەیەکدا شاری پۆمپەی بووە بەژێر خۆڵەمێشەوە.

هەرچەندە خەڵکی شارەکە ویستبوویان ڕابکەن وخۆیان دەرباز بکەن، بەڵام خۆڵەمێشی کڵپەگرتووە یەکسەر هەموویانی کوشتووە و لاشەیانی داپۆشیووە و ئەو لاشانەش لە ماوەی سەدان ساڵدا بوونەتە بەردو لاشەی بەردین.



ئەمەش وێنەیەکی بەدەستکێشراوی ئەو بورکانەیە لەسەر شاخی ڤیزۆف کە شاری پۆمپەی کتوپڕ وێرانکرد ودانیشتوانی شارەکەش هەمووی کوشت. ژمارەشیان ٢٠٠٠٠ کەس بووە. بۆ ئەم ڕووداوەش هیچ ناتوانین بڵێین تەنها ئەو ئایەتەی خوای گەورە نەبێ کە دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ بَدَّلْنَا مَكَانَ السَّيِّئَةِ الْحَسَنَةَ حَتَّى عَفَواْ وَّقَالُواْ قَدْ مَسَّ آبَاءنَا الضَّرَّاء وَالسَّرَّاء فَأَخَذْنَاهُم بَغْتَةً وَهُمْ لاَ يَشْعُرُونَ﴾ (الأعراف : ٩٥) .

ئەم شارە هەروا تا سەدەی ١٨ بەداپۆشراوی مابووەوە. کاتێکیش شارەکە دۆزرایەوە، لاشەی ڕاستی هەزارەها خەڵکی بەبەردبووی تێدا بینرا، هەریەکەیان لەوکاتەدا خەریکی هەرچییەك بووبێت، بەو شێوەیە بووەتە بەرد.ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە بێئاگابوون و مردنەکە کتوپڕ بووەو نەیانتوانیوە هیچ شتێك بکەن!

ئەمە دادپەروەری پەروەردگارە . لەقورئانی پیرۆزیشدا زۆر ئایەت هەن ئاماژە بۆ ئەو خەڵکانە دەکەن کە بەهۆی

تاوانەکانیانەوە بەبێ ئەوەی هەست بە خۆیان بکەن خوای گەورە سزای داون، خوای گەورە دەفەرموێ: (أَفَأَمِنَ الَّذِينَ مَكَرُواْ السَّيِّئَاتِ أَن يَخْسِفَ اللّهُ بِهِمُ الأَرْضَ أَوْ يَأْتِيَهُمُ الْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لاَ يَشْعُرُونَ، أَوْ يَأْخُذَهُمْ عَلَى تَخَوُّفٍ فَإِنَّ رَبَّكُمْ لَرؤُوفٌ رَّحِيمٌ) النحل/٤٥-٤٦.

لەڕاستیشدا ئەم ئایەتە بەتەواوەتی لەگەڵ ڕووداوی شاری پۆمپەدا ئەگونجێ(بێگومان لەگەڵ غەیری ئەوانیشدا کە وەك ئەوان بکەن) . زانایانی شوێنەوارزانی بۆیان دەرکەوتووە کە ئەم شارە سزایان بۆ چووە لەکاتێکدا خەریکی بەسەر بردنی ژیانی ڕۆژانەیان بوون و بەبێ ئەوەی پێشتر ئاگاداری ئەو بورکانە بووبن.

بۆیە نیگای خوای گەورە هۆشیاریمان دەداتێ کە ئەوجۆرە کارانە نەکەین و پشتی لێ نەکەینەوە و وابزانین خوای گەورە سزای کتوپڕمان بۆ نانێرێت. خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿أَفَأَمِنَ أَهْلُ الْقُرَى أَن يَأْتِيَهُمْ بَأْسُنَا بَيَاتاً وَهُمْ نَآئِمُونَ ، أَوَ أَمِنَ أَهْلُ الْقُرَى أَن يَأْتِيَهُمْ بَأْسُنَا ضُحًى وَهُمْ يَلْعَبُونَ، أَفَأَمِنُواْ مَكْرَ اللّهِ فَلاَ يَأْمَنُ مَكْرَ اللّهِ إِلاَّ الْقَوْمُ الْخَاسِرُونَ﴾ (الأعراف/٩٧ – ٩٩).

لێکۆڵەرەوەکان لەم شارەدا زۆرێك لە نەخش و تابلۆی بێئابڕووانەیان دۆزیوەتەوە کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی لەم شارەدا سێکس و ڕۆچوونی جنسی زۆر بەربلاوبووە، هەروەها لێکۆڵەرەوەکان بۆیان دەرکەوتووە کە خەڵکی شاری پۆمپەی کاری سێکسیان بەشێوەیەکی ئاشکرا کردووە و شەرمیان نەکردووە لە وێنەکێشانی ئەو دیمەنانە و لەماڵەکانیاندا هەڵیانواسیون بەڵکو شانازیان پێوە کردووە! هەروەها ئەڵێن بلاوبوونەوەی خراپەکاری لەو شارەدا زۆر لەم سەردەمەی ئێستاماندا زیاتر بووە.

هەروەها بانگەشەی خوایەکیان بۆ سێکس کردووە و بەبەرێزو پیرۆزیان زانیوە و زیاد ڕەوییان لەوێنە و پەیکەر کردنی بێئابڕووانە و سێکسیدا کردووە، ئەو وێنانەش کەلەسەر دیوارەکانی ئەم شارە دۆزراونەتەوە لە پیشانگایەکی تایبەتیدا دانراون، ئەوەی سەردانی ئەو پێشانگایەش بکات بۆی نییە منداڵ یان کەسی هەرزەکار لەگەڵ خۆی بباتە ژوورەوە، مەگەر دوای مۆڵەت وەرگرتنێکی تایبەتی.

ئەم وێنەیەش دیواری ژوورەکانی شاری (پۆمپەی)ن ئەو وێنانەی لەسەری دروست کراون، نموونەی ئەو خراپەکارییانەن کە شانازییان پێوەکردوون، وێنەکانیش



هەروا ماونەتەوە تا بۆ خەڵکی ببێتە بەڵگەیەك لەسەر حیکمەتی تیاچوونی ئەم شارە و دانیشتوانەکەی بەو شێوە ناوەزە و ترسناکە.

ئەم شارە ئەو ئایەتەی خوای گەورەی بەسەردا دێتە دی کە ئەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّى إِذَا فَرِحُواْ بِمَا أُوتُواْ أَخَذْنَاهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ، فَقُطِعَ دَابِرُ الْقَوْمِ الَّذِينَ ظَلَمُواْ وَالْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ الأنعام/ ٤٤-٤٥.

هەرواش بووە، خوای گەورە دەرگاکانی نیعمەت، ڕابواردن، پارە و دەوڵەمەندی بۆ کردبوونەوە، هەتا کەوتنە بەر توڕەیی خوای گەورە و هەر بەو شێوەیەش کتوپڕ بردنییەوە و لەناوی بردن.



ئەمە وێنەی ڕاستی لاشەی مرۆڤەکانە، خۆڵەمێشی بورکانی گۆڕیونی بۆ بەرد و لاشەی بەردین، ئەمەش تەنها سزای دونیایان بوو:(وَكَذَلِكَ نَجْزِي مَنْ أَسْرَفَ وَلَمْ يُؤْمِن بِآيَاتِ رَبِّهِ وَلَعَذَابُ الْآخِرَةِ أَشَدُّ وَأَبْقَى) (طه : ١٢٧ ).

لە کۆتاییدا هیچی تر لەوە باشتر شك نابەین کە لە خوای گەورە بپاڕێینەوە هەروەك خۆی فێری کردووین: ( فَقَالُواْ عَلَى اللّهِ تَوَكَّلْنَا رَبَّنَا لاَ تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ، وَنَجِّنَا بِرَحْمَتِكَ مِنَ الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ) یونس/٨٥-٨٦.

بۆ بینینی فیلمێك لەسەر شاری پۆمپەی سەیری ئەم لینکە بکە لەلای ڕاستەوە نوسراوە:

(The End of Pompeii).

www.harunyahya.com/arabic/m_video_detail.php?api_id=1209

سەرچاوە : www.kaheel7.com

# چارەسەری ژانی (دەماری سمت و ڕان) (Sciatica) لە سوننەتدا

وەرگێڕانی: جعفر عمر
زانكۆی سلێمانی _ كۆلێژی پزیشكی




ئیبن ماجە لە ئەنەسی كوڕی مالیكەوە ڕیوایەتی كردوە كە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمویەتی : " شفاء عرق النسا ألية شاة أعرابية تذاب ثم تقسم ثلاثة أجزاء يشربه ثلاثة أيام على الريق كل يوم جزءا : چارەسەری ژانی دەماری سمت و ران (١) بریتی یە لە كلكی مەڕی دەشتەكی شلەوەبوو (واتە كلكی مەڕەكە بكوڵێنرێت تا دەتوێتەوە)، دابەش بكرێت بۆ سێ بەشەوە وە نەخۆشەكە هەر بەشەی وەربگرێت (بیخوات) كاتێك كە گەدەی هیچی تیا نەبێت لە ماوەی سێ ڕۆژدا"(٢).

مەڕی دەشتەكی واتە مەڕێك گژوگیای سروشتی بخوات .

**نیشانەكانی :** ئازارێكە بەدرێژایی دەماری سمت و ران (دەماری سایەتیك)(٣)، كە دەست پێ ئەكات لە سمتەكانەوە بۆ پشتی قاچ و پێیەكان، هەروەها لاواز بوون و تەنانەت نەمانی هەستكردن لە قاچەكاندا، و لەوانەیە توشی پشت ئێشە ببێت، هەروەها لەوانەشە كاریگەریی زۆر خراپی هەبێت و ببێتە هۆی تێكچونی خاڵی بوونەوەی ڕیخۆڵە و میزەڵدان.

**هۆكارەكانی :** چەند هۆكارێكی هەیە ، لە زۆربەی حاڵەتەكاندا بەهۆی دەرچوونی خەپلەوەیە(خەپلەكانی بربڕەی پشت) كە ئەبێتە هۆی پەستاوتنی ڕەگی دەمارەكە. هەروەها هۆكارێكی تری بریتییە لە ژەهراوی بوون بەهۆی بەكتریاوە كە ئەبێتە هۆی هەوكردنی دەماری سایەتیك و پاشان ژانی (دەماری سمت و ران).

## ئیعجازە زانستییەكان لە فەرموودەكەدا :

**یەكەم: كاریگەریی چەوری لە چارەسەری نەخۆشی ژانی (دەماری سمت و راندا):**

فەرمودەكە ئاماژە دەدات بە كلكی مەڕ لە چارەسەری ئەم نەخۆشییەدا كە لە ڕاستیدا ئەویش چەوری یە .

زانستی نوێ ئەڵێ: هەرسبوونی چەوری ئەبێت بە سێ لقەوە ، كە ئەبێتە هۆی پێكهێنانی سێ ئاوێتەی كیمیایی جیاواز ، هەریەكەو كاریگەریەكی پێچەوانەی هەیە لەگەڵ ئەوانی تردا، بەم ئاوێتانەش دەوترێت پڕۆستاگلاندین. ئەم ئاوێتانە (پڕۆستاگلاندین) لە هۆڕمۆنەكان ئەچن و كاریگەرییەكی جیاوازیان هەیە لەسەر ئازار و هەوكردن.

پڕۆستاگلاندینی جۆری ١ ڕێگری لە ئازار دەكات و لە ترشە چەورییەكەوە وەرگیراوە كە پێی دەووترێت "گاما لینۆلیك ئەسید"(٤)، ئەمیش بریتییە لە كۆمەڵەی ئۆمێگا ٦ ، كە لە درەختی چۆڵەوانییەكاندا هەیە.

ئەو بەرهەمە پزیشكیانەی لەم جۆرە درەختانە دروست دەكرێن نرخەكانیان زۆرە، و ئەم بەرهەمانە یارمەتی ئەو كەسانە دەدەن كە ئەنزیمی چالاكیان نییە بۆ گۆڕینی لینۆلیك ئەسید بۆ "گاما لینۆلیك ئەسید" و پاشان بۆ پڕۆستاگلاندینی جۆری ٣.

جۆری دووەمی پڕۆستاگلاندین : ئازار زیاد دەكات ، و پێكدێت لە ئۆمێگا ٦ و هەروەها لینۆلیك ئەسید، ئەمیش لەناو كێك و كەرەی دروستكراو و هەروەها لە ڕۆنی ڕووەكیدا هەیە كە لە پیشەسازی خۆراكدا دەگۆڕێت بۆ چەوری شێوە ترانزی (٥) ڕەق ، لەبەر ئەمەشە كێك چكلێتەكان لە دۆخی ڕەقیدان لە پلەی گەرمی ئاساییدا.

**پڕۆستاگلاندین جۆری ٣ :**

ئەبێتە هۆی هێمنکردنەوەی ئازار و هەوکردن. ئەمانەش دروست ئەبن لە "ئەلفا لینۆلیك ئەسید"(٦) کە ئەگۆڕێت بۆ دوو ئاوێتە. "ئەلفا لینۆلیك ئەسید" لە ڕۆنی گەڵا و گیای سروشتیدا هەیە ، هەر ئەمەشە سودی خواردنی ڕوەکی سروشتی لەلایەن مرۆڤ وگیانەوەرانەوە، وەکو مەڕێك کە لە چۆڵەوانیدا بلەوەڕێت.

ئەو ڕۆنانەی "ئەلفا لینۆلیك ئەسید" یان تیایە هەرزانن، و کۆمەڵەی ئۆمێگا ٣ سودێکی زۆری هەیە و لە پلەی گەرمی ئاساییدا شلن.




چەند سودێکی چەوری لە جۆری کۆمەڵەی ئۆمێگا٣ :

*کەم کردنەوەی بڕی کۆلیسترۆڵ.

پاراستن لە نەخۆشی جەڵتەی دڵ و مێشك.

* پاراستن لە بەرزبونەوەی پەستانی خوێن، ڕوماتیزمە، بیرۆ، و شێرپەنجە.

ئەوەش سەلمێنراوە کە چەوری لە جۆری سێ ئەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی چەوری و هەروەها لەدەست چوونی کێش.

بە پێچەوانەی (کۆمەڵەی ئۆمێگا٣)وە ڕۆنی ئاژەڵ و ڕۆنی ڕووەك کە لە پیشەسازی خۆراکدا دەگۆڕێت بۆ جۆری ترانز، هەروەها چەوری لەجۆری کۆمەڵەی ئۆمێگا ٦ سوودێکی کەمیان هەیە لەگەڵ هەندێك کاریگەریی خراپ.

**ئەم جیاوازیەش باشتر ڕووندەبێتەوە بە زانینی ئیشی ترشە چەورییەکان(٧):**

ترشە چەورییەکان بەشداردەبن لە پێکهاتەی شانەکانی مێشك، چاو، و ڕژێنەکانی کۆئەندامی زاوزێ و ..................هتد.

ترشە چەورییەکان بەشداردەبن لە پێکهێنانی ئەو پەردەیەی کە دەوری هەموو خانەکانی لەش دەدات، و دەبێتە هۆی پاراستنیان.

ترشە چەورییەکان دەبنە هۆی چاك بوونەوەی دەمارە شانەکان، وەك لە کاتی دەرپەڕینی خەپلەدا کە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ژانی دەماری سمت و رانە.

زانست سەلماندوویەتی کە چەوری لە جۆری کۆمەڵەی ئۆمێگا٣ گرنگییەکی زۆری هەیە لە چارەسەری هەوکردنی دەمارە شانەکان ، ئەویش دووەم هۆکاری سەرەکی ئەم نەخۆشییەیە.

کتێبێکی تایبەتی لەم بوارەدا دەرچوو لە ساڵی (١٩٩٨)دا لەلایەن جۆیل کریمەر، پرۆفیسۆر لە پزیشکی و بەشی ڕوماتیزم لە قوتابخانەی پزیشکی لە نیویۆرك. کتێبەکە بەناوی "چەوری پزیشکی و هەوکردن"ە (٨).

**دووەم سوود لە فەرموودەکەوە:**

مەڕی چۆڵەوانی ئەژی لەسەر گیای سروشتی و بڕێکی زۆر چەوری لە جۆری کۆمەڵەی ئۆمێگا ٣ تێدایە، زانایان ٧٠٠ جۆر دەرمانیان لێدەرهێناوە. مەڕیش ئەو چەورییە سوودبەخشانەی لەو گیایەوە وەرگرتووە و لە کلکیدا کۆیدەکاتەوە.

**سێیەم سوود:** پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمویێت یەکەم جار گەرم بکرێت ، لەبەرئەوەی بەکتریا و میکرۆب بکوژێت بە هۆی ئەم گەرمییەوە.

**چوارەم سوود:** پێویستە لە سێ ڕۆژدا وەربیگرێت ، زیاتر نەبێت ، بۆ ئەوەی توشی ئۆکسیدەیشن نەبێت و نەترشێت.

**پێنجەم:** پێویستە گەدە بەتاڵ بێت لە کاتی وەرگرتنیدا : بۆئەوەی هیچ ڕۆنێکی تر مونافەسەی مژینەوەی نەکات لە کۆئەندامی هەرسدا .

## پەراوێزەکان:

١. Sciatica
٢. السلسلة الصحيحة، رقم الحديث: ١٨٩٩.
٣. sciatic nerve
٤. "gamma linoleic acid "GLA
٥. ترانز : جۆرێکە لە ڕیزبوونی ئەندازەیی ئاوێتە ئەندامیەکان.
٦. "ALPHA linoleic acid "ALA
٧. FATTY ACIDS
٨. The medical fats & inflammation

**سەرچاوە:** سایتی (www.55a.net)



# قورئان و ململانێکانی ژیان

نووسینی : د.مستەفا مەحمود / کتێبی (من أسرار القران)
گۆڕینی بۆ کوردی بەکەمێك دەستکاری یەوە
جەمال موحەممەد ئەمین
jamalmahammad@yahoo.com

جارێکیان پرسیارم کرد .. بۆچی خوا مێرووی دروستکردووە ؟؟ !! پاش بیرکردنەوەیەکی قووڵ لەو کاتەدا لەبەر خۆمەوە ووتم : لەوانەیە ئەگەر ڕای مێروویەك وەربگرین ئەویش پرسیار بکات : ئەی بۆچی خوا مرۆڤی دروست کردووە ..؟ خۆ ئەگەر بە قوڵی بیر لەم گەردوونە بکەینەوە ، ئەوا دەبینین کە خوا بۆ هەموو شتێك بەلاّیەکی داناوە کە لەناوی دەبات ، خوا لۆکەی دروست کردووە و کرمی لۆکەشی دروست کردووە ! ڕووەکی دروست کردووەو کوللەشی بۆ دروست کردووە ، ددانی دروست کردووە و هۆکاری کلۆر بونیشی بۆ دروست کردووە ، چاوی دروست کردووەو تەراخۆماشی بۆ دروست کردووە ، لووتی دروست کردووەو هەلاّمەتیشی بۆ داناوە ، بەروبوومی دارودرەختی دروست کردووەو گەنین و بۆگەن بوونیشی بۆ درووست کردووە ، ئاسنی دروست کردووەو ژەنگیشی بۆ دروست کردووە .... و مرۆڤیشی دروست کردووە لەگەڵیدا سوپایەك لە دوژمنانی بۆ داناوە کە هەردەم لە جەنگ دان لەگەڵ مرۆڤدا بۆ لەناو بردنی ، وەك کێچ و ئەسپێ و مێشوولەو مێش و کرم وە میکرۆبەکانی سیل و گەڕی و گرانەتاو کۆلێرا ..خوای گەورە ئەو ڕاستیانە ناشارێتەوە ، بەڵکو بە ئاشکرا لە قورئاندا باسیان دەکات و دەری دەخات کە ئەو کارانە مەبەستدارن ، وەك دەفەرموێت ( لَقَدْ خَلَقْنَا الْأِنْسَانَ فِي كَبَدٍ) (البلد:٤) ، و ووشەی (کبد) بە مانای گرانی و ناخۆشی و ماندووبوون .... خوای گەورە نایەوێت ژیانی دنیا ببێتە ژیانی هێمنی و بێدەنگی ، بەڵکو دەیەوێت دونیا ببێتە شانۆی هەوڵدان و تێکۆشان و خەبات و کێشمەکێش لە نێوان دژەکاندا ، خوای گەورە دەیەوێت هەموو شتێك تاقی بکاتەوە بۆ ئەمەش دژێکی بەسەردا زاڵ دەکات ، هەمووشتێك دەنرخێنێت بە هۆی دژەکەیەوە ... دەگەڕێینەوە بۆ قورئان کە تیایدا ئاماژەی ئاشکرا دەبینین بۆ ئەو یاسایە ، ئەو یاسایەی کە دنیا دەکاتە شوێنی بگرەو بەردە لە نێوان دژەکاندا، وەك دەفەرموێت:
(فَهَزَمُوهُمْ بِإِذْنِ اللّٰهِ وَقَتَلَ دَاوُدُ جَالُوتَ وَآتَاهُ اللّٰهُ الْمُلْكَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَهُ مِمَّا يَشَاءُ وَلَوْلا دَفْعُ اللّٰهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَفَسَدَتِ الْأَرْضُ وَلَكِنَّ اللّٰهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ) (البقرة:٢٥١).

هەر لەو شێوەیە و لە شوێنێکی دیکەدا دەفەرموێت:
(الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حق إِلَّا أَنْ يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيراً وَلَيَنْصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ) (الحج:٤٠) .

دووبارەبوونەوەی ئاماژەکانیش لە قورئاندا بەڵگەی گرنگی و سەرنج ڕاکێشانی مرۆڤە . لە میانەی ئایەتەکاندا خوا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مەبەست لەو یاسا وردو سەرسوڕمێنەرە چییە ، زۆردارەکان لەناو دەبات و لوتیان دەشکێنێت هەر بە دەستی ئەوانەی لە ڕەگەزی خۆیانن واتە بەهێز و زۆرداران ، ئەمەش بۆ ئەوەی کە بێدەسەلاّت و لاوازەکان بە ئاسوودەیی و هێمنی خواپەرستی خۆیان بکەن لە پەرستگاو مزگەوتەکاندا ئەم یاسایە چەتری ئەمانە بۆ ئێمە ، چونکە لە ژێر سایەی ئەو یاسایەدا ، زۆرداران هەموو تواناو ووزەکانیان لەدەست دەدەن بە دەستی ئەوانەی دی کە وەك خۆیانن (واتە زۆرداران ).

ئەوەی ئاشکراو دیارە هەر لە مێژەوە ، ئەوەیە کە ئەم یاسایە کاری خۆی کردووە لە سەر تاکەکان و کۆمەڵەکان.

یاسایەکی جێگیرو نەگۆڕە وە کاری خۆی دەکات لە تاکەکان و کۆمەڵ و مێژوو و سروشت وە هەردەم دژەکان بە یەکتری لەناو دەبات وە خوای گەورە پێمان ڕادەگەیەنێ کە ئەو یاسایە پەیوەستە بە چاك کردنی کارەکان لە سەر زەویدا وە بەبێ ئەو یاسایە زەوی خراپ دەبێ و تێك دەچێت . ( .......وَلَوْلا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَفَسَدَتِ الْأَرْضُ وَلَكِنَّ اللَّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ) (البقرة:٢٥١) . وە ئەو یاسایە لەکاردایە هەر لەو کاتەی مرۆڤ دروست بووە ، هەر لەو کاتەی کە خوا ئادەمی دابەزاند بۆ سەر زەوی : ( فَأَزَلَّهُمَا الشَّيْطَانُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ وَقُلْنَا اهْبِطُوا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ وَلَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ) (البقرة:٣٦) بڕیارێکی خواییە هەر لە سەرەتاوە ( بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ) ، پاشان دەبێتە یاسایەکی گشتی و دژەکان بە یەکتری لەناو دەبات لە هەموو شتێکدا ، لە ماددە و بیردا! ( أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَسَالَتْ أَوْدِيَةٌ بِقَدَرِهَا فَاحْتَمَلَ السَّيْلُ زَبَداً رَابِياً وَمِمَّا يُوقِدُونَ عَلَيْهِ فِي النَّارِ ابْتِغَاءَ حِلْيَةٍ أَوْ مَتَاعٍ زَبَدٌ مِثْلُهُ كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْحَقَّ وَالْبَاطِلَ فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاءً وَأَمَّا مَا يَنْفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الْأَرْضِ كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ) (الرعد:١٧)

هەربەوجۆرەخوای گەورە بیرەکان تاقی دەکاتەوە ، هەروەها تاکەکانیش ، ئینجائەوەی چاك بێ دەیهێڵێتەوەو خراپەکانیش لەناودەبات !. هەتا پێغەمبەرەکانیش لەم یاسایە دا دەرنەچوون :

( وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوّاً شَيَاطِينَ الْأِنْسِ وَالْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُوراً وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ) (الأنعام:١١٢) و ( وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوّاً مِنَ الْمُجْرِمِينَ وَكَفَى بِرَبِّكَ هَادِياً وَنَصِيراً ) (الفرقان:٣١) . قورئان ئەم یاسایەی باس کردووە زیاتر لە ١٣٠٠ ساڵ پێش ئەوەی هیگڵ بە درێژای باس لە لۆجیکی دیالەکتیکی ئایدیای بکات ، وبەپێی بۆچونی هیگڵ ئەم یاسایە تەنیا لە جیهانی بیردا کاردەکات ،ئینجا مارکس هات و کەوتە هەڵەیەکی دیکەوە کاتێك وای دانا ئەو یاسایە تەنها لە جیهانی ماددیدا کار دەکات و ناوی (دیالاکتیکی ماددی ) لێنا ، ئینجا کەوتە هەڵەیەکی دیکەوە کە وای دانا هەر ئەو یاسایە خۆی بە دی هێنەر و دروست کارە ، ماددە و هەموو شێوەکانی لە مرۆڤ و ڕووەك و زیندەوەران لەو یاسایەوە دروست کراون . وە مارکس کەوتە هەڵەی سێیەمەوە کاتێك ئەو بیر و بۆچوونانەی خۆی بەکار هێناوە و وەکردییە دۆگمایەکی سیاسی کە بەهۆیەوە هەژارەکانی لە دەوڵەمەندەکان هان دەداو وە کرێکارەکانی لە خاوەن کارەکان هان دەدا ئەوانەش هەمووی لە ژێر ناوی ململانێی چینایەتی .

هیچ هەڵەیەك لەو هەڵانە نابینرێن لە قورئانا کە هەر خۆی ئامازەی بۆ ئەو یاسایە کردووە لە پێش زیاد لە ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەرەوە ، قورئان فێرمان دەکات کە : یەکەم ئەم یاسایە گشت گیرە و تەنها ماددی نیە وەك مارکس بۆی چووە و تەنها ئایدیای نییە وەك هیگڵ بۆی چووە .دووەم : ئەم یاسایە دروست کراوە نەك دروستکار بێت ، و ئەو یاسایە تەنها ئامێرێکە بەدەست خواوە کە ژیان و دروست کراوانی پێ چاك دەکات و ڕووداوەکانی پێ دەجولێنێ بەرەو هاوسەنگی تەواو لەنێو هێزە جیاوازەکاندا تایەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەیاندا زاڵ نەبێت (.......وَلَوْلا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَفَسَدَتِ الْأَرْضُ وَلَكِنَّ اللَّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ) (البقرة:٢٥١) واتە خوا خۆی جولێنەری یاساکەیە و هەر خۆی سەرەتا و کۆتایی هەموو ڕووداوەکاندا کارایە خوا خۆی یەکەمە و یاسای دیالاکتیکی تەنها هۆیەکە تەنها ئامێرێکی دروست کراوە و بەپێی ویست و خواستی خوا کار دەکات .

هەروەها پێشەوای صۆفیەکان ئەبو ئەلعەزایم باسی گیان و جەستە دەکات و ناویان دێنێ بە ( بەفرو ئاگر کە بەهۆی تواناودەسەلاتی خواییەوە کۆبوونەتەوە ) ... شت و دژەکەی ، خوا گیان تاقی دەکاتەوە بەهۆی جەستەوە ، هەروەك چۆن ئەلکترونی بارگە سالب و پرۆتۆنی بارگە موجەبی لەیەك گەردیلەی توخمێکدا کۆکردۆتەوە (توخمەکان کۆی دژەکانن) .

ئینجا قورئان ڕوویەکی دیکەی دیقەت و حیکمەتی ئەو یاسایەمان بۆ ڕاڤەدەکات ، ئەمیش پیادەکردنی هاوسەنگی وگەیشتن بەڕێگای ناوەندی کە قورئان بە ( الصراط المستقيم )ناوی دەبات ، واتە ڕێگای ڕاست ، وڕێگای ڕاستیش لەقورئاندا بریتی یە لەڕێگایەکی ناوەند و هاوسەنگ لەنێوان دوودژ کەبریتین لە : زیادڕەوی و کەم ڕەوی ( الأفـراط و التفـريط ) لەنێوان ڕەزیلی ودەستبلاویدا، کەواتەبەخشین ڕێگا ڕاستەکەیە .( وَالَّذِينَ إِذَا أَنْفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَاماً)

(الفرقان:٦٧) یان ( وَلا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ وَلا تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُوماً مَحْسُوراً) (الاسراء:٢٩)و وه‌باسی ئومه‌تی ئیسلام ده‌كات به‌ئومه‌تی مامناوه‌ند وه ( میانڕه‌و ) :

( وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطاً لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيداً وَمَا جَعَلْنَا الْقِبْلَةَ الَّتِي كُنْتَ عَلَيْهَا إِلَّا لِنَعْلَمَ مَنْ يَتَّبِعُ الرَّسُولَ مِمَّنْ يَنْقَلِبُ عَلَى عَقِبَيْهِ وَإِنْ كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَؤُوفٌ رَحِيمٌ) (البقرة:١٤٣)

موسه‌ڵمانه‌كان شایه‌تن به‌سه‌ر خه‌ڵكیه‌وه چونكه پێودانگی ڕاست لای ئه‌وانه ،كه‌كاری پێده‌كه‌ن وحوكم ده‌ده‌ن به‌سه‌ر هه‌موو په‌رگیراندا( متطرف) له‌هه‌ر میلله‌ت و بیروباوه‌ڕێك بن ( هه‌روه‌ك یه‌كه‌ی مه‌تر كه‌كورت و درێژی پێ ده‌پێورێت ) .و میانڕه‌وی دادگه‌ریانه له ئیسلامدا ته‌نها مامناوه‌ندی حسابی ڕووت نیه ، به‌ڵكو ناوه‌ندێكی پێك هاتووی هه‌ڵبژێراوی و دیاله‌كتیكیه ، به‌خشین ته‌نها ناوه‌ندێكی حسابی نیه له‌نێوان چرووكی و ده‌ست بلاویدا ، به‌ڵكو ناوه‌ندێكی هه‌ڵبژێرراوه كه‌باشترین شت له چرووكی ده‌گرێته خۆی كه ئه‌ویش ( سووربوونه له‌سه‌ر پاراستنی ماڵ ) وه‌باشترین شت له ده‌ست بلاوی ده‌گرێته خۆی كه ئه‌ویش ( پێش ده‌ستی كردن و ده‌ست كرانه‌وه ) ئینجا زۆر سیفه‌تی دیكه‌ی جوانی بۆ زیاد ده‌كات وه‌ك ژیری و هۆشمه‌نی و باش هه‌ڵبژاردن هه‌تا به‌هه‌موویان سیفه‌تی (به‌خشین) پێك بهێنن .

به‌هه‌مان شێوه ده‌بینین كه ئازایه‌تی ناوه‌ندێكی حسابی نیه له نێوان ترسنۆكی و هه‌ڵه‌شه‌یی و هه‌ڵتۆراندن : به‌ڵكو ئازایه‌تیش ناوه‌ندێكی هه‌ڵبژێراوی پێك هاتووی دیالێكتیكیه ، چونكه له ترسنۆكی سیفه‌تی ئاگاداری و له هه‌ڵتۆراندنیش سیفه‌تی به‌ره‌وپێش چوون وه‌رده‌گرێت ، ئینجا كۆمه‌ڵێ سیفه‌تی دیكه‌ی جوانی بۆ زیاد ده‌كات وه‌ك جێگیری و مه‌به‌ست ڕوونی و سووربوون له‌سه‌ر هه‌تا ئازایه‌تی پێك بهێنن ! . هه‌روه‌ها سه‌باره‌ت به‌ڕێگای ئیسلامی ، ئه‌و ڕێگایه ته‌نها ناوه‌ندێكی حسابی نیه له نێوان ڕاست ڕه‌وی سه‌رمایه‌دار ومادیه‌تدا ، به‌ڵكو ئیسلام پێك هاتوویه‌كی هه‌ڵبژێراوی دیاله‌كتیكیه ، هه‌موو باشیه‌كانی ڕاست ڕه‌وی گرتۆته خۆ ، وه هه‌موو باشیه‌كانی چه‌پ ڕه‌ویشی تیایه ، وه دووره له‌خراپیه‌كانی سسته‌مه‌كه ، جگه له مانه‌ش نیعمه‌تی گیانی و تێر كردنی گیان له خۆراكی پێویستی خۆی پاڵپشتێكی چاك ده‌داته موسوڵمان كه بڕوا بوونه به‌نادیار و به‌هه‌شتی هه‌تا هه‌تایی . لێره‌دا له سیسته‌می ئیسلامیدا تازه‌ییه‌كی وای تێدایه كه به‌سه‌ر هه‌ردوو سیسته‌می پێشوودا زاڵی ده‌كات وه‌له سیفه‌ته باشه‌كانی ئه‌و دوو سسته‌مه‌ش ده‌گرێته ئامێز ، ئه‌م پێش كه‌وتن و زاڵبوونه‌ش هه‌مووی پێش په‌یدا بوونی ئه‌و دوو سسته‌مه هاتوونه‌ته ئاراوه ! . هه‌روه‌ك چۆن له قورئاندا بنه‌ماكانی لۆجیكی دیاله‌كتیكی ده‌بینین كه له‌سه‌ر بنچینه‌ی دژایه‌تی و مل ملانێی دژایه‌تی بینا كراوه ، ئه‌و لۆجیكه‌ی كه ده‌ڵێ بۆ هه‌موو شتێك میكرۆبی له‌ناوبه‌ری هه‌یه ( ... وَلا تَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهاً آخَرَ لا إِلَهَ إِلَّا هُوَ كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ لَهُ الْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ) (القصص:٨٨) . به‌هه‌مان شێوه له قورئاندا بنه‌ماكانی لۆجیكی به‌رده‌وامی ده‌بینین ، ئه‌و لۆجیكه‌ی كه باس له جێگیری و به‌رده‌وامی شته‌كان ده‌كات ، به‌لام قورئان ئه‌م لۆجیكه ده‌گێڕێته‌وه بۆ خوای گه‌وره ، هیچ شتێك به‌رده‌وامی و مانه‌وه‌ی بۆنابێت ئه‌گه‌ر ویستی خوای له‌سه‌ر نه‌بێت ، یاساو ده‌ستووره خواییه‌كان به‌رده‌وامی و جێگیری و مانه‌وه‌یان بۆ ده‌بێت : ( سُنَّةَ مَنْ قَدْ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِنْ رُسُلِنَا وَلا تَجِدُ لِسُنَّتِنَا تَحْوِيلاً) (الاسراء:٧٧) . هه‌روه‌ها سه‌باره‌ت به زاتی خوایی : ( وَلا تَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهاً آخَرَ لا إِلَهَ إِلَّا هُوَ كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ لَهُ الْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ) (القصص:٨٨) و یان (كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ ، وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلالِ وَالْأِكْرَامِ) (الرحمن:٢٦–٢٧ ). له‌وانه‌یه لێره‌دا یه‌كێك به‌هه‌ڵه‌دا بچێت ، و بیرو بۆچونی بۆ ئه‌وه بچێت كه خوا زوڵم له مرۆڤ ده‌كات ! چونكه مرۆڤی له ناوه‌ندێكی پڕ هیلاكی و جه‌نجاڵی دروست كردووه (كبد) ، ئینجا نه‌خۆشی و میكروب و مێرووی به‌سه‌ردا زاڵ كردووه ، ئینجا هه‌ندێكیان زاڵ ده‌كات به‌سه‌ر هه‌ندێكی دیكه‌یاندا !!! خوای گه‌وره بێ باكه له‌و هه‌موو بۆ چوونه هه‌ڵانه . ڕاست كردنه‌وه‌ی ئه‌و بۆچوونه هه‌ڵانه له وه‌دایه : خوا نه‌خۆشی داناوه به‌ڵام ده‌رمانیشی بۆ داناوه ( له ئاوی كانیاوه‌كان و گژو گیاكان و توخمه‌كانی ناو زه‌وی ) و ئینجا ژیریشی پێ به‌خشیون كه به هۆیه‌وه هه‌ست به‌و ده‌رمانانه بكه‌ین وه بیان دۆزینه‌وه وه به‌كاریان بهێنین بۆ چاره‌سه‌ر كردنی نه‌خۆشیه‌كانمان . ئه‌وه‌تا كاتێك

حەزرەتی ئەیوب ( سەلامی خوای لەسەر ) سکاڵای خۆی گەیاندە خوای گەورە : (أَنِّي مَسَّنِيَ الشَّيْطَانُ بِنُصْبٍ وَعَذَابٍ) ، خوای گەورەش پێی دەفەرموێت : ( ارْكُضْ بِرِجْلِكَ هَذَا مُغْتَسَلٌ بَارِدٌ وَشَرَابٌ) (ص:٤٢) .

خوای گەورە ژەهری دروست کردووە لە هەمان کاتدا دژە ژەهریشی دروست کردووە ، ئینجا خوای گەورە کارێکی وای کردووە کە لەدەست درێژی و زۆری ئەو دژانە بەرژەوەندی و کەڵکی مرۆڤ بێتە ئاراوە ، ژەهری میکرۆب هانی شانە زیندووەکانە دەدات بۆ خۆکۆکردنەوە و ئامادە بوون بۆ بەرەنگاری کردن هەروەك چۆن تەزوویەکی سارد لە لەشماندا زیاتر پاڵ بە خوێنەوە دەنێت بۆ ناو خوێن بەرەکان ، وە بەم جۆرە خوای گەورە لە دوژمنایەتی کردنی ئەو دژانە هاندەرێکی بەردەوامی بۆ دروست کراوانی فەراهەم هێناوە کە بەردەوام لە خۆ کۆکردنەوە و ئامادە باشی و داهێنان و دۆزینەوەی باشترین ڕێگابن بۆ هێشتنەوەی ووزە و تواناکانیان ، و بەم جۆرەش بەردەوام لە باشترین شێوەدا دەبەن ...و لە ململانێی نێوان جەستەو میکرۆب بەرگری و پارێزی دروست دەبێت ! خۆ ئەگەر ژیانی دونیا هەمووی خاڵی بوایە لە دوژمنەکانی ، و حەوانەوەو ئاسایش و گەمە و یاری کردن ببێتە سیماکانی ئەو کاتە ژیان بۆگەن دەبوو وەلاوازی وپوکانەوەی بە سەر خۆیدا دەهێنا ،وئەمەش چارەنووسی دانراوە و بە ڕوونی دەبینین لە تاکەکاندا هەروەك چۆن ئاشکراو دیارە لە نێو ئەو کۆمەڵانەی کە نوقمی ئارەزووبازی و ڕابواردن بوبوون ! بۆیە خوای گەورە درك دەچێنێت هەتا نەتەوەکان گوڵی لێ دەربێنن .

هەرچەندە مێروویەك زیاد بکات و ژمارەکانیان لە تێکڕایی دیاریکراو زیاتر بێت ئەوا خوای گەورە دوژمنێکی سروشتی بۆ دابین دەکات کە دەیانخوات و کەمیان دەکاتەوە تا هاوسەنگی بگێڕێتەوە بۆ ژینگە و بوواری وەك یەك بدات بە هەموو جۆرەکانی دیکەی دروستکراوان بۆ ئەوەی بژین ...هەروەك ئەوەی کە لە باشوری سودان دەبینرێت ، لەو شوێنانەدا مێشولە بە شێوەیەکی زۆر زۆر زیاد دەکەن و زۆر دەبن و لەو ناوچانەدا نەخۆشی مەلاریا زۆر بلاوە بۆیە خوای گەورە دژە مێروویەکیان (BIOLOGICA CONTROL) بۆ دەنێرێت کە وەك دەنکۆڵەی بریسکەدارن و ژمارەیان بە ملیۆنەها دەبێت و سەر درەختەکان دادەپۆشن ،دەبریسکێنەوە تا مێشولە بۆ خۆیان کێش بکەن و ئینجا بیانخۆن !

کاتێك مرۆڤ هاتە کایەوە و دەستی خستە نێو ژینگەوە و دەرمانی لەناوبەری مێرووی دروستکرد ئەو سیستەمە ووردەی هاوسەنگی تێکدا ئەوەش بوو بەهۆی کارەساتی ژینگەیی کە پیسبوونی ژینگەی لێ کەوتەوە چونکە ئەو دەرمانانە مێرووەکان دەکوژێت و لەهەمان کاتیشدا ئەو باڵندانە لەناو دەبات کە مێرووەکان دەخۆن و گژوگیاو کشتوکاڵەکانیش تێکدەدات و پیسیان دەکات ، و دەبێتە نەخۆشخستنی ئەو گیاندارانەی کە ئەو گژوگیایانە دەخۆن و لەوانیشەوە نەخۆشخستنی مرۆڤەکان خۆیان کاتێك گۆشتی ئەو گیاندارانە دەخون ،هەروەها ئەو دەرمانانە بۆتە هۆی پیس کردنی ئاو و ئاوە ڕۆکان و کوشتنی ماسیەکان ، بەم جۆرە ژینگەی هەموو پیس کردووە و پەیوەندیەکانی هەمووی بە جارێك تێك داوە ! ئابەم جۆرە ئەو دەرمانە مێروو کوژانە ، مێرووی زیان بەخش و سوود بەخشی کوشت ! . و ئەمەش جیاوازی نێوان حیکمەتی خوایی و نەزانینی مرۆیی دەردەخات ، و جیاوازی نێوان زانیاریە هەمەلایەن و گشتگیریەکانی خوا و زانیاریە سنوردارەکانی مرۆڤ دەر دەخات چۆن خوای گەورە بە حیکمەتی خۆی کار بە پاشەڕۆکانی ڕووەك و گیانداران دەکات ؟! ئێمە نموونەیەکی زۆر ناوازە و دەگمەن دەبینین لە میانەی ئەو پەیوەندیە ئاڵوگۆڕ و هاوئاهەنگانەی هەیە . ئەو پاشەڕۆیانەی کە گیانداران دەری دەدەن و ، ڕووەك بەکاریان دێنن وەك پەین و خواردەمەنییەکی بەکەڵك و بەسوود .... و ئەو گازەی کە لە هەناسە دانەوەی گیاندارانەوە دەردەچێت کە دووەم ئۆکسیدی کاربۆنە ، ڕووەك بەکاری دێنێت لە بنیات نانی خواردەمەنی و ووزەی پێویست بۆ خۆی ئەمەش لە میانەی کرداری ڕۆشنەپێك هاتنەوە دەبێت:

$$6CO_2+6H_2O \xrightarrow[\text{كلۆرۆفیل}]{\text{تیشکی خۆر}} C_6H_{12}O_6+6O_2$$

لە پاشدا ئەنجامی ئەو کردارانە هەمووی چی دەبێت ؟... ئەنجامەکەی گازی ئۆکسجین دەبێت کە گیانداران و مرۆڤ زۆر بە شەوقەوە بەکاری دێنن بۆ هەناسەدان تا بەردەوامی ژیانیان پیادە بکەن ..... پەیوەندیەکی ئاڵوگۆڕیانە لەو

پەڕی ووردو کاری و ڕێکخستندایە ، ئەوەی لەلایەك زیادەو پێوستی نییە لاکەی دی بەکاری دێنێت و پێویستی پێیەتی ... هەریەکەیان ئەوی دیکەیان تەواو دەکات لە گەشتی ژیانیاندا ..وەهەر بەم شێوەیە کەڵك لە هەموو پاشەڕۆکان وەردەگیرێ !

لە بەرامبەردا ئەی مرۆڤ چی دەکات بەخۆیی و عەقڵی و زانیاریەکانیەوە ..؟ و چۆن مامەڵە لەگەڵ پاشەڕۆکاندا دەکات؟ بە هەزاران تەن لە پاشەڕۆی کارگەکان ، پاشەڕۆی کیمیایی و ماددەی سولفەری زیان بەخش و کوشندە دەخاتە ئاو و ئاوەڕۆکان و پیسیان دەکات ! کەشتیەکانیش ڕۆن و زەیت و چەوریەکان لە کەنارەکاندا ڕۆ دەکات و بەمە ئەو ناوچانە بە جارێك وێران دەکەن .... و پاشەڕۆی کارگە ئەتۆمیەکانیش بەرەو دەریاکان دەڕۆن و لەگەڵ خۆیانداو لە هەر شوێنێك لایان دا مردن دەدەن بەو شوێنە ... و تۆزو گەردی ئەتۆمیش کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانەوە دروست دەبن ، بەهۆی باو هەواوە بەهەر چوارلادا بڵاودەبنەوە ... و هیچ کەس نازانێت جگە لە خوا کە ئەو پاشەڕۆ پیسانە چیمان پێ دەکەن بە خۆمان و نەوەکانی داهاتوومان ، و چەند لە نەخۆشی و کەم ئەندامی و کورتی و عەیبی جەستەییمان بۆ دەهێنن ؟ خوای گەورە بە ڕێك و پێکی و پێکەوە گونجانەوە ڕژێمی ووردمان بۆ دێنێت لە میانەی یاساکانیەوە بەڵام مرۆڤ تێك چوون و شێواوی و بەرەڵایی و پیسبونمان بۆ دێنێت لە میانەی عەقڵ و کارەکانیەوە! زۆر جوانە خوای گەورە ئەو ڕاستیانە وە ئەو حیکمەتە خواییانە لە چەند ووشەیەکی بە برشت و پاراودا دەردەخات : ( الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَمْ يَتَّخِذْ وَلَداً وَلَمْ يَكُنْ لَهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيراً) (الفرقان:٢) یان ( إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ) (القمر:٤٩)

وەیان ( وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لا يَحْتَسِبُ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْراً) (الطلاق:٣) ، هەروەها دەفەرموێت ( اللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنْثَى وَمَا تَغِيضُ الْأَرْحَامُ وَمَا تَزْدَادُ وَكُلُّ شَيْءٍ عِنْدَهُ بِمِقْدَارٍ) (الرعد:٨) یان ( وَالْأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنْبَتْنَا فِيهَا مِنْ كُلِّ شَيْءٍ مَوْزُونٍ) (الحجر:١٩)

( اللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنْثَى وَمَا تَغِيضُ الْأَرْحَامُ وَمَا تَزْدَادُ وَكُلُّ شَيْءٍ عِنْدَهُ بِمِقْدَارٍ) (الرعد:٨)

زەوی وەك نموونەیەك خوای گەورە زۆر بەووردی چەشمەندازەی گرتووە هەر لە بارستایی و قەبارەو دووری لە خۆرەوە ... خۆ ئەگەر لە ئێستا دوورتر بوایە ئەوا هەموو گیاندارەکانی سەر زەوی لە سەرمادا ڕەق دەبوونەوەو دەمردن ، وە ئەگەر زەوی لە ئێستای زیاتر نزیك بوایە لە خۆرەوە ، ئەوا هەموو دروستکراوانی سەرپشتی دەسووتان و ئەگەر زەوی لە ئێستای پچووکترو سووك تر بوایە ئەوا ئاو هەواکەی نەدەما ( بەهۆی کەمبوونەوەی هێزی کێشکردنی وەك مانگ ) و ژیان دەبووە کارێکی مەحاڵ! خۆ ئەگەر زەوی لە ئێستای گەورەترو قورستر بوایە ئەوا هێزی کێش کردنەکەی زۆر زیادی دەکردو بەمەش قورسایی گیانلەبەرانی سەر پشتی زەوی زیادی دەکرد بەجۆرێك جووڵەکردن دەبووە کارێکی قورس وگران !

بەهەمان شێوە بۆ شوێنی هەر ئەستێرەیەك چونکە هەموو تەنە ئاسمانیەکان پێکەوە بەستراون هەروەك چۆن دەنکەکانی تەزبیحێك بەیەك تاڵ بەنەوە بەستراون ( فَلا أُقْسِمُ بِمَوَاقِعِ النُّجُومِ) (الواقعة:٧٥)

.خوای گەورە بۆ هەموو جوڵەیەك ئیقاعێکی (ڕیتمێك ) لەکات وشوێن داناوە....پێش دەخات و دوا دەخات ودەستپێدەکات و دەیگێڕێتەوە ئەمانەش هەمووی لەمیانەی حیکمەت وزانیاریەکانی خۆی کە هەرگیز عەقڵی مروڤ پەی پێ نابات، و لەناوە پیرۆزەکانێتی ( المقدم و المؤخر المبدیء والمعید والعلیم والحکیم والکبیر والمتعال......)باڵا دەستە بەسەر هەموو چەمکەکان وهەموو عەقڵەکاندا... و هەر خۆی درك بەهەموو شتەکان دەکات وکەس درك بەو ناکات... پاك وبێگەردی هەربۆخۆیەتی لەهەموو ئەوانەی دروستیان دەکات و بەدیان دەهێنێت وقاڵبڕێژیان دەکات... بەڕاستی جوانترین و تۆکمەترین یاسایە کە خوای گەورە مرۆڤ و مێروی پێ دروستکردووە... وە هەموو دروستکراوەکانی دیکەیش.





# مانگه دەستكردەكان

## شایەتی پێغەمبەرایەتی **موحەممەد** (ﷺ) دەدەن

نوسینی: (عەبدولمەجید زیندانی)

(**دانا فاضل**) كردوویەتی بە كوردی.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

### پێشەكی

خوای گەورە فەرمانیدا بەموسوڵمانەكان كەلە نوێژەكانیاندا ڕووبكەنە یەك ڕووگە (قیبلە)، ئەویش بریتی بوو لە كەعبەی پیرۆز لە شاری مەككە لەوبارەیەوە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ﴾ (البقرة:١٤٤) واتا (ڕووبكە بەرەو ڕووی مزگەوتی حەرام و لە هەر شوێنێك بوون ڕووتان بكەن بەرەو ڕووی بەنزیكەیەكی).

بەڵام كەسێك كە خۆی كەعبە دەبینێت واجبە كە ڕاست ڕووبكاتە كەعبە، لە ئیبن عەبباس دەگێڕێتەوە كاتێك پێغەمبەری خوا(ﷺ) چووە ناوكەعبەوە(واتا لەساڵی ئازادكردنی مەككە) چووە ناو كەعبەوە لەهەموو لاكانیدا دوعای كردو نوێژی نەكرد و پاشان هاتە دەرەوە و ڕووی كردە كەعبەو لەبەردەمیدا دوو ركات نوێژی كرد و فەرمووی (ئەمە قیبلەیە)[١].

(قورتوبی) كۆدەنگی زانایان دەهێنێتەوە لەسەر ئەوەی كە ڕووكردنە ڕاستی كەعبە واجبە بۆ كەسێك كە بیبینێت[٢]. لەبەرئەوە كەسێك كە كەعبە ببینێت و ڕووی تێبكات خێرو پاداشتی زیاترە لەكەسێك كە نەیبینێت و ڕووبكاتە كەعبە بەنزیكەیی وەكو ئیبن مەسعود هێناویەتی[٣].

كاتێك كە خەڵكی یەمەن بەلێشاو هاتنە ناو دینی خواوە پێغەمبەر(ﷺ) چەند مامۆستایەكی بۆناردن بۆئەوەی شارەزایان بكەن وەك( علی كوڕی ئەبی تالیب، معازی كوڕی جەبەل، ئەبو موسای ئەشعەری، وبری كوڕی یحنس و هەندێكی تریش) (ڕەزاو ڕەحمەتی خوا لە هەموویان)[٤].

جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی دا بە (وبری كوڕی یحنس) ی خوزاعی كە ناردی بۆ (صنعاء) مزگەوتێكیان بۆ دروست بكات كە ناسرا بەمزگەوتی (صنعاء) پێغەمبەر(ﷺ) سیفات و شوێنی مزگەوتەكەی دەستنیشان كرد. وەنیشانەیەكی ئاشكرای دیاریكرد كە شاخی(ضین) بوو كە نزیكەی (٣٠) كم دوورە لە (صنعاء)ەوە ، پاشان گۆشەی لاری نێوان مزگەوت و چیای(ضین)ی دەستنیشانكرد كە ببێتە ڕووگەی مزگەوتەكە.

جا لەبەرئەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) پارێزراوە لەهەڵە ئەو شێوازو شوێنەی دەستنیشان كرد و پاشان گۆشەی ڕووگەی مزگەوتەكەی بەرەو كەعبەی زۆر بەوردی دیاریكرد.

(ئاشكرایە لە مێژوودا پێغەمبەر(ﷺ) لە ژیانیدا سەردانی یەمەنی نەكردووە).

هەر لەبەرئەوە كەتا ئێستاش خەڵكی یەمەن بەچاكترین و پیرۆزترین مزگەوتی دادەنێن، لەبەرئەوەی بەپێی ڕێنماییەكانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دروستكراوە[٥].

یەکێك لە گرنگترین سیفەتەکانی ئەم مزگەوتە ڕاستی و ووردی ڕووگەکەیەتی. ئێمەش لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوە دەردەخەین کە چۆن ڕووگەی ئەم مزگەوتە ڕووی کردۆتە نەفسی قیبلە وەکو ئەوەی کە بیبینێت و ڕووی نەکردۆتە قیبلە بەنزیکەیی. بەم دەستنیشانکردنە وردە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەستنیشانی هێڵێکی ڕاست و ورد لە نێوان مزگەوتی صنعا و قیبلەدا دەکات.

## ئەو مەرجانەی پێویستە بۆ کێشانی هێڵێك لە نێوان دوو شاری دوور لە یەکتر:

دووری نێوان شاری مەککەو صنعاء نزیکەی (٨١٥)کم دەبێت.

جا ئەگەر ویستمان هێڵێکی ڕاست لە نێوانیاندا بکێشین پێویستمان بەئەم هەنگاوانە هەیە:

١) پێویستە نەخشەیەکی ڕاستەقینەو وردمان لەبەردەستدا بێت کە بەفڕۆکە یان مانگی دەستکرد گیرابێت بۆ دەستنیشان کردنی شوێنی مزگەوت و شوێنی مەککە.

٢) دیاریکردنی هێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی بۆ زانینی گۆشەی لاری لە نێوان دوو شوێنەکەدا. بەلەبەرچاوگرتنی باکوری موگناتیسی.

٣) پێویستە بەرزی شاری مەککە و صنعاء بزانین لەسەر ڕووی دەریاوە. بۆئەوەی بتوانین پلەی نزم بوونەوەکەی کەلەئەنجامی ڕووە گۆییەکەی زەوییەوە دروست دەبێت بزانین.

لەبەرئەوەی نەخشە تەختەکانی زەوی بەتەواوەتی شێوەیەکی ڕاست نابەخشن. لەبەرئەوەی زەوی گۆییە و تەخت نییە وەبەکارهێنانی نەخشەی تەخت (ئەگەر زۆر وردیش بێت) بە تەواوەتی ماوەی نێوان شوێنەکان بەوردی نیشان نادات.

**ئایا کەی مرۆڤ توانی بە تەواوەتی ئەو مەرجە ووردانە بەدەست بهێنێت؟!**

١) مرۆڤ تا سەدەی بیستەم نەیتوانیوە نەخشەی تەواوەتی و ورد دروست بکات، هەتا دوای داهێنانی فڕۆکە و مانگە دەستکردەکان نەبێت کە هەڵگری ئامێری وێنەگرتنی پێشکەوتوو بوون سەرەڕای چەندەها ئامێری پێشکەوتووی تر.



وێنەی موشەکێکی دوور هاوێژ



وێنەی مانگێکی دەست کرد لە دەرەوەی بازنەی زەوپۆش

٢ ) مرۆڤ هەتا سەدەی بیستەم نەیتوانی هێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست لەسەر زەوی بکێشێت کە هەموو دەریا و وشکانی و دوورگەکان لە خۆبگرێت.



هێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی لەسەر گۆی زەوی

٣) مرۆڤ هەتا سەدەی بیستەم نەیتوانی بەرزی ونزمییەکانی سەرزەوی دەستنیشان بکات. تەنها دوای ئەوە نەبێت کە ئامێری زۆر وردیان داهێنا بۆ دەستنیشانکردنی بەرزی ونزمی شاخ و دۆڵەکان.



بەرزی و نزمی‌یەکانی سەر ڕووی زەوی

ئایا ئەو پێویستی‌یانە لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) لەبەردەستدا بوون؟

**وەڵام: نەخێر. بێگومان ئەم وەڵامە هەموو هۆشمەندێك دەیزانێت چ جای لێکۆڵەرەوان و پسپۆڕان.**

سەرنجێك بدەرە یەکەم نەخشە کە ئیدریسی لەساڵی (١١٥٤)ز دروستیکردووە واتا دوای پێنج سەدەو نیو لە کۆچی پێغەمبەر (ﷺ).

کە لە نەخشەکەدا یەمەنی خستۆتە باکوری ڕۆژهەڵاتی نیمچەدورگەی عەرەبی‌یەوە.



نەخشەی زەوی کە ئیدریسی لەساڵی ١١٥٤ز دروستی کردووە.



نیمچە دوورگەی عەرەبی لە نەخشەکەی ئیدریسی‌دا.

سەرنجێکی نەخشەکەی (جیوڤانی لیردۆ) بدە کە دوای سێ سەدە لە ئیدریسی نیمچە دورگەی عەرەبی چۆن دروست کردووە.




نەخشەی Giovanni Leardo ساڵی ١٤٥٢ز.



نیمچە دوورگەی عەرەبی لە نەخشەی (جیوڤانی لیردۆ)دا.

سەیرێکی نەخشەی نیمچە دورگەی عەرەبی بکە لە خوارەوە کە بەمانگە دەستکردەکان گیراوە بۆ ئەوەی جیاوازی نێوان مەککەو یەمەن و مەککە و (صنعاء)ت بۆ دەربکەوێت.




ئیدریسی و جیوڤانی لیردۆ لەدوای سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) بە چەند سەدەیەك هاتوون، بۆ زانیاریش هەردووکیان بە پێشڕەوە گەڕیدەکانی مرۆڤ دادەنرێن لە کێشانی نەخشەی زەویدا.

بەڵێ بێگومان وەڵام: نەخێرە، چونکە مرۆڤ نەیتوانیوە دووری‌یەکانی (إحداثیات) نێوان دوو شوێن دیاری بکات ، تەنها لەسەدەی بیستەمدا نەبێت کە توانرا فڕۆکە و مانگی دەستکردو ئامێری وێنەگرتن و ئامێری زۆر پێشکەوتوو دابهێنێت.

هەروەها بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی و ئامێری زۆر پێشکەوتوو بۆ پێوانەکردنی بەرزی لەئاستی ڕووی دەریاوە بدۆزێتەوە، وەهەروەها توانی بەموشەکی دوورهاوێژ مانگی دەستکرد بنێرێتە دەرەوەی بەرگی زەپۆش.

وە هەموو ئەم مەرجانەش نەهاتە دی تەنها دوای چواردە سەدە نەبێت لەهاتنی پێغەمبەر(ﷺ).

تێبینی: یەکەم مانگی دەستکرد لەمێژووی مرۆڤایەتی بریتی بوو لە سبوتنك (Sputnik) کە ڕوسیا لەساڵی ١٩٥٧ ناردی وەلەساڵی ١٩٥٨ ویلایەتی یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یەکەم مانگی دەستکردی هەڵدا بەناوی (دۆزەرەوە).





دوو وێنەی یەکەم مانگی دەستکرد کە رووسیا هەڵیدا.



وێنەی یەکەم مانگی دەستکرد کە ئەمریکا هەڵیدا.

## پێغەمبەر(ﷺ) شوێن و دووری‌یەکانی (تان و پۆ) ڕووگەی مزگەوتی (صنعاء) دیاری دەکات:

پـێش چـوارده سـەده لـەکات پێغەمبــەر (ﷺ) شوێن‌و دووریەکانی مزگەوتی صنعاء دیاریدەکات و پاشـان گۆشـەیەکی دروسـت دیـاری دەکـات بـۆ ڕووگـەی مزگەوتەکـە بەرامبـەر بـە(مەککـە). کـە گۆشەیەکی زۆر ڕاست‌و ورردە بەرامبەر بە کەعبە.

### مزگەوتی صنعاء وفەرماندانی پێغەمبەر(ﷺ) بەدروستکردنی :

**یەکەم/ ئەوەی لەکتێبەکانی فەرمووده‌دا هاتووە:**

روى الطبراني في (المعجم الأوسط)[٦] وتوویەتی:

وبـری کـوڕی یحـنس وتوویـەتی: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) پێـی ووتم: (ئەگـەر مزگـەوتی (صـنعاء) ت دروستکرد ئەوا بەلای ڕاستی شاخێکەوە دروستی بکە کە پێی دەووترێت (ضین)).

قـال الهیثمـي رواه الطبرانـي في الأوسـط وإسـناده حسـن[٧]، وقـد رواه إبـن السـكن، وإبـن منـدة كمـا نقلـه الحافظ في الإصابة[٨].

مەبەسـت لـە فەرموودەکـەی پێغەمبــەر (ﷺ) (فاجعله عن يمين جبل يقال له ضين)، گۆشـەیەکی زۆر وورد دیـاری دەکات بۆ مزگەوتەکە بەرامبـەر بە کەعبە.

**دووەم/ ئەوەی لە کتێبەکانی مێژوودا هاتووە:**

**حافیزی ڕازی[٩] لە کتێبەکەی‌دا (تأريخ صنعاء) دەڵێت:**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمانیدا بە (وبری کوڕی یحنس)ی ئەنصاری کە ناردی بۆ صنعاء و کردی بەوالی ئەویٰ پێی فەرموو:

(بانگیـان بکـەن بـۆ ئیمـان ئەگـەر بەقسـەیان کردیـت‌و ئیمانیـان هێنـا، فـەرمانیان پـیٰ بـدە بەنوێـژکردن ئەگـەر بەقسـەیان کردیـت فـەرمانیان پێبدە بەدروستکردنی مزگـەوت بۆیـان لەباخەکـەی بازان دا (لەو بەردەش دروستی بکە کە لە کۆشکی (غمـدان)دایـە و ڕووبکـەرە ئـەو چـیایەی پێـی دەوترێت (ضین)).

ڕازی دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) نوسراوێکی نوسی بۆ (وبر) کە مزگەوتێك لە بێستانی (بازان)دا لـەو بـەردە دروسـت بکـات و سـنورەکەی هـەتا لای دیوارەکەی بێت، وە ڕووی بکاتە چیای ضین.

وە پێغەمبــەر (ﷺ) پـێی ووت: (فەرمانبــدە بەدروستکردنی مزگەوتێك بۆیـان لەباخەکـەی بـازان لە بەردەکەی کۆشکی (غمدان)).

وە نوسراوەکەی پێغەمبەر کە نووسی بۆ (وبر): (زەوییەکەی بازان بکـەن بەمزگـەوت لـەو بـەردە هـەتا لای دیوارەکــەی) کــە ئەمــە دەستنیشـانکردنێکی وورده بۆ شوێنی مزگەوتەکە.

وە فەرمودەکـەی پێغەمبــەر(ﷺ): (ڕووی بکــەرە چیایەك پێی دەوترێت ضین) و فەرمودەکەی (ڕووی بکەرە ضین) ئەوە دەستنیشان کردنێکی زۆر وورده بۆ ڕوگەکەی.

### مزگەوتی (صنعاء) و شوێنەکەی لەمڕۆدا:

یەکــەم/ خــەڵکی یەمــەن لــەکۆن و نوێــدا پارێزگاریـان لەشـوێن مزگەوتەکـە کـردووە کـە پێغەمبــەر(ﷺ) فــەرمانی بەدروســتکردنی داوە، ئەوەش بەپاراستنی شوێنەواری سنورەکەی نموونە ئــەو بــەردەی کــە فــەرمان دراوە بەدروســتکردنی لەوشوێنەدا، پێشتر باسکرا کە لە نێوان دوو پایەی دیاریکراودا دروست بکرێت کە یەکێکیان (مسمورە) یە و ئەویتریان (منقورە)یە. هەندێك جاریش خەڵکی یەمـەن زیـادەڕەوی دەکـەن لـە بـە گـەورە زانینـی مزگەوتەکە. و هـیچ سـوێندێك قبـوڵ ناکـەن لـەکاتی تێکچونیان لەناوخۆیاندا تەنها لەنێوان (مسمورە) و (منقورە)دا نەبێت.

واتـا لـەناو ئـەو مزگەوتـەی کـە پێغەمبـەر(ﷺ) دەستنیشانی کردووە.

دووەم/ هــەموو فــراوان کارییــەك کەبەســەر مزگەوتەکـەدا هـاتووە کاریگـەری نـەبووە بۆسـەر سنورە کۆنەکە بەڵکو لای ڕاست‌و چەپ‌و پێشییەوە گـەورەکراوە‌و لـەنێوان کـۆن‌و نوێکـەدا گۆڕەپـانێکی گەورەیان بەجیٰ هێشتووە[١٠].

ڕازی لەکتێبەکەیدا (تأریخ صنعاء) باسی کردووە.

سێیەم/ ئەمەش بەشێکە لەوێنەکانی مزگەوتەکە.



گۆڕەپانی مزگەوتەکە لە سەرەوە.



مزگەوتەکەی کە پێغەمبەری خوا (د. خ.)فەرمانی‌دا بە دروستکردنی لەنێوانی دوو منارەکەدا.



بەردەکەی کە ناوی لە فەرموودەکەدا هاتووە.



(المنقورە) لای ڕاست.



میحرابی مزگەوتەکە لە ناوەوە کە کەوتۆتە ناوەڕاستی مزگەوتەکەوە.



(المسمورە) لای چەپ.



بەشێکی مزگەوتەکە لە ناوەوە.



میحرابی مزگەوتەکە لە دەرەوە کە رووی کردۆتە چیای ( ضين ).



چیای (ضين) کە فەرماندراوە لە فەرموودەکەدا رووی تێبکرێت.

## بەرنامەی گوگڵ ئێرس (Google Earth)

بەرنامەی گوگڵ ئێرس کەلەسەر تۆڕی ئینتەرنێت هەیە کارئاسانی بۆ هەموو کەسێک دەکات کە شوێنی خۆیان لەسەر زەوی دەستنیشان بکەن جا شار بێت یان لادێ لەگەڵ دیاریکردنی ئەو شوێنەو نزیککردنەوەو و ڕوونکردنەوەی لەڕێگای وێنەیەکی سێ دوورییەوە (بەرزی، درێژی، پانی) کە بەمانگی دەستکردو فرۆکە گیراوە. ئەویش وێنەیەکی ڕاستەقینەی شوێنەکە لەسەر پێگەی ئەم بەرنامەیە لە تۆڕی ئینتەرنێتدا دیاریکراوە.



وێنەی زەوی لە بەرنامەی ( گوگڵ ئێرس )دا.



وێنەی مزگەوتی ( حەرام ) لە مەککەی پیرۆز کە لە ناوەندەکەی‌دا کەعبەی تێدایە لە بەرنامەی ( گوگڵ ئێرس )دا.

## جێبەجێ کردنی فەرموودەکەی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر بەرنامەی گوگڵ ئێرس:

یەکەم/ پێشتر باسمان کرد کە بەپێی بەرنامەی (Google Earth) و لەڕێگای ئەوەوە دەتوانین بەشەکانی گۆی زەوی ببینین و دووری و نزیکی هەموو پارچەکانی بزانین. کە بەپێی فەرموودەکەی

پێغەمبەر(ﷺ) پێگەی نێوان (مزگەوتی صنعاء و چیای ضین)ی دەستنیشان کردووە.

وەئەم دووشوێنەش یەکێکن لەو شوێنانەی کە بەپێی مانگە دەستکردەکان لەبەرنامەی گوگڵ ئێرس دا بەتەواوەتی هەموو زانیاریەکانی دیاریکردووە.

ئەم دوو وێنەیە لەو بەرنامەیەوە وەرگیراون.



وێنەی مزگەوتی گەورەی ( صنعاء ) بە پێی مانگە دەستکردەکان.



وێنەی چیای ( ضین ) لە ( عمران ) بە پێی مانگە دەستکردەکان کە لەسەر لوتکەکەی سەربازگەیەکی بچووکی لێیە.

دووەم/ ئەگەر هێڵێکی ڕاست لە ناوەندی مزگەوتەکەوە بهێنینە دەرەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستنیشانی شوێن و ڕووگەکەی کردووە وەکو لەوێنەکەی خوارەوەدا دەست نیشان کراوە:



پاشان هێڵەکەمان درێژکردەوە هەتا بەچیای (ضین)دا تێدەپەڕێت وەکو لەوێنەکەدا هاتووە.



پاشان هێڵێکی ڕاستمان دەرچاند لە ڕووگەی مزگەوتی (صنعاء)وە کە تێپەڕێت بە (مسمورة) و (منقورة)دا بەپێی وەسفی پێغەمبەر (ﷺ)، و پاشان هێڵەکە بەچیای (ضین)دا بەرین و زیاتر درێژی بکەینەوە دەبینین هێڵەکە دەگات بە شاری مەککە و پاشان دەگاتە دیواری کەعبە و دەچێتە نێوان ڕوکن و بەردە ڕەشەکەوە.



لە بەرزاییەکی زۆرەوە هێڵەکە بەم شێوازە درێژ دەبێتەوە:



## سەرەنجام بەم شێوازە دەبێت:

هێڵێکی ڕاست لەڕووگەی مزگەوتەکەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی بەدروستکردنی داوە و بە لوتکەی چیای (ضین) دا تێدەپەڕێت و دەگاتە ناوەراستی کەعبەی پیرۆز:



### ڕووی ئیعجازی لە فەرموودەکەی پێغەمبەر(ﷺ):

– مرۆڤ نەیتوانی کە هێڵێکی ڕاست لە نێوان دووشاری دووردا بکێشێت. هەتا دوای ئەوە نەبێت کە وێنەی زۆر ورد گیرا بەفرۆکە و مانگی دەستکردو ئامێری وێنەگرتنی زۆر پێشکەوتوو نەبێت.

وەهەروەها ئاشنا بوون بە هێڵەکانی درێژیو بازنەکانی پانی گۆی زەوی و بەرزی و نزمی شارەکان لەئاستی ڕووی دەریاوە.

وە ئەمانە بۆ مرۆڤ نەڕەخسا تەنها دوای چواردە سەدە نەبێت دوای پێغەمبەر (ﷺ)، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) پێش چواردە سەدە هێڵێکی ڕاستی کێشا لە نێوان مزگەوتی (صنعاء) و چیای (ضین) و کەعبەی پیرۆزدا وەهەروەها شێوازی مزگەوتەکەی دیاریکرد کە فەرمانی بەدروستکردنی دا .

– دەستنیشانی شوێنەکەی کرد بە فەرموودەکەی (فمرَ ببناء المسجد لهم في بستان باذان من الصخرة التي في أصل غمدان).

فەرمان بدە بە دروستکردنی مزگەوتێك بۆیان لە باخەکەی (بازان) لەو بەردەش دروستی بکە کە لە کۆشکی (غمدان)دایە.

– وە پێغەمبەر(ﷺ) گۆشەی لاریی مزگەوتی صنعاء لە چیای ضین و کەعبەی دیاریدەکات بەوتەی (فأجعله عن يمين جبل يقال له ضين).

واتا بەلای راستی شاخێکەوە دروستی بکە کە پێی دەوترێت (ضین).

– دەستنیشانکردنی ڕوویەکی زۆر ووردی بۆ کەعبە کردووە بە بەکارهێنانی نیشانەیەکی دیار و ئاشکرا بۆ خەڵکی (صنعاء) کە ئەویش چیای (ضین) بوو.

– فڕۆکەو مانگە دەستکردەکان وێنەیەکی گۆی زەوی بۆگرتووین بەشارەکانیو چیاکانو دەریاکانییەوە.

پاشان وێنەیەکی ڕاستەقینەی هەرسێ شوێنەکەی بۆگرتووین کە پێغەمبەر(ﷺ) دیاریکردووە، مزگەوتی صنعاء، چیای ضین، کەعبە – وەبۆمان دەرکەوتوون کە دەکەونە سەر هێڵێکی ڕاست لەگەڵ ئەوەی کە زۆر لەیەکەوە دوورن. وە زەویش گۆییە.

وەهەروەها لەگەڵ نەبوونی مەرجو پێویستی زانستی لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا(ﷺ).

– هەموو ئەمانە ئەنجامدراوون بەوتەیەکی ئاشکراو ئاسانو نیشانەیەکی ئاشکراو دروستو کارێکی دروستو ڕاست.

– پێغەمبەر(ﷺ) لەتەمەنی دا سەردانی یەمەنی نەکردووەو چیای ضین ی نەبینیوە و خەڵکیش لەوسەردەمەدا ماوەی نێوان صنعاء و مەککەشیان نەزانیوە.

– هەموو ئەمانە کەباسکران لەتوانای مرۆڤ بەدەربوو لەو سەردەمەداو هەتا دوای ئەو بەسەردەمانێکی زۆریش .

– بەڵێ ئەمە وەحیو علمە. خوای گەورە ڕاست دەفەرموێت: (وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى) النجم/٣ –٤.

والحمد لله رب العالمين، وصلى الله وسلم على محمد وعلى آله وصحبه أجمعين[11].

سەرچاوە: سایتی (www.nooran.org)

**په‌راوێزه‌كان:**

(١) (صحيح البخاري: ج١ – ص ١٥٥).

(٢) (فتح القدير: ج١ ص١٥٣).

(٣) رواه البيهقي في شعب الإيمان ٦/١٨٧- ٧٨٦٠.

(٤) كاتێك خه‌ڵكی یه‌مه‌ن موعجیزه‌ی راستگۆیی پێغه‌مبه‌ریان (ﷺ) بۆ ده‌ركه‌وت، ئه‌وه‌ش كاتێك (بازان)ی والی فارسه‌كان له‌ یه‌مه‌ن دوو پیاوی نارد هه‌تا پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ئاگادار بكه‌نه‌وه‌ تا بۆ لای (كیسرا)ی فارس بچێت، بۆ به‌یانی ئه‌و شه‌وه‌ی نوێنه‌ره‌كان گه‌یشتن پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به‌ هه‌ردوو نێردراوه‌كه‌ی (بازان)ی فه‌رموو: ئه‌مشه‌و خوای گه‌وره‌ (كیسرا)ی كوشتووه‌، كاتێكیش ئه‌و هه‌واڵه‌یان برده‌وه‌ بۆ بازان و دواتر راستیی هه‌واڵه‌كه‌شیان بۆ ده‌ركه‌وت كه‌ له‌و شه‌وه‌دا (كیسرا) كوژراوه‌، هه‌موو فارسه‌كانی ژێرده‌ستی (بازان) له‌گه‌ڵ خه‌ڵكی یه‌مه‌ن به‌یه‌ك جار و كۆمه‌ڵ كۆمه‌ڵ هاتنه‌ ناو ئیسلامه‌وه‌.

(٥) كتێبی (تأريخ صنعاء للحافظ الرازي).

(٦) به‌رگی ١/ لا ٢٥٣- ٨٣١.

(٧) مجمع الزوائد ج٢ ص١٢.

(٨) الإصابة ج٦ ص٥٩٩.

(٩) (الحافظ المحدث أحمد بن عبدالله بن محمد الرازي)، هه‌ندێك دانراوی هه‌یه‌ له‌وانه‌ (تأريخ صنعاو) له‌ (٤٦٠ك)دا وه‌فاتی كردووه‌.

(١٠) كتێبی (تأريخ صنعاء للحافظ الرازي).

(١١) ئه‌م باسه‌ له‌ هه‌شته‌م كۆنگره‌ی جیهانی ئیعجازی زانستی قورئان و سوننه‌ت له‌مساڵدا له‌ (كوه‌یت) پێشكه‌شكراوه‌، و ده‌توانرێت فیلمی پێشكه‌ش كردنی بابه‌ته‌كه‌ له‌ سایتی (www.nooran.org) ببینرێت.




# دیارده‌ی مه‌رگی کتوپڕ له‌نێوان زانست و ئاین‌دا



**د. فرمێسك عباس طاهر**
**به‌كالۆریۆس له‌ پزیشكی و نه‌شته‌رگه‌ری گشتی‌دا**

## پێشه‌كی:

پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ئه‌فه‌رموێت: **(إن من امارات الساعة أن يظهر موت الفجأة)** رواه الطبراني.

واته‌: (له‌ نیشانه‌كانی كاتی ڕۆژی دوایی مه‌رگی كتوپڕ ده‌رده‌كه‌وێت).

ئه‌م فه‌رموده‌یه‌ی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) بریتی‌یه‌ له‌ موعجیزه‌یه‌كی زانستی كه‌ له‌ ناوه‌ڕۆكی بابه‌ته‌كه‌ماندا ئه‌یسلمێنین به‌ به‌ڵگه‌ی پزیشكی، و ئه‌م موعجیزه‌یه‌ شایه‌تی بۆ پێغه‌مبه‌ر ئه‌دات كه‌ نێردراوی خوایه‌ و هه‌موو قسه‌كانیشی په‌یامی خوای گه‌وره‌ن.

نه‌ته‌وه‌ یه‌كگرتووه‌كان هه‌موو ساڵێك سه‌رژمێری تازه‌مان پێده‌ڵێن سه‌باره‌ت به‌ ژماره‌ی ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌ له‌ ئه‌نجامی وه‌ستانی دڵ و مێش ئه‌مرن. و ئه‌م ژمارانه‌ له‌ زیادبوونێكی به‌رده‌وامدان.

ئه‌م سه‌رژمێریانه‌ پێمان ئه‌ڵێن كه‌ نه‌خۆشیه‌كانی دڵ هۆكاری یه‌كه‌می مردنن له‌ جیهاندا.

لەم لێکۆڵینەوەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هیچ کەسێکی سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) پێشبینی ئەوەی نەکردووە کە ڕۆژانێك بێت و مەرگی کتوپڕ تیایدا دەکەوێت و زیادبێت مەگەر پەیوەندی بە سرووش و نیگاوە هەبێت و لەلایەن خوای گەورەوە ئەم زانیارییانەی پێدرابێت.

دیاردەی مەرگی کتوپڕ دیاردەیەکی نوێ یە تا ڕادەیەك، یەکەمین لێکۆڵینەوەش لێکۆڵینەوەکەی فرامینگهام بوو لە ساڵی ١٩٤٨دا ( Framingham heart study)، نیوەی ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەشدارییان لە لێکۆڵینەوەکەدا کردبوو ئێستا لە ژیاندا نەماون.

فرامینگهام پێناسەی مەرگی کتوپڕ دەکات بەومەرگەی کە دوای کەمتر لە کاتژمێرێك لە دەرکەوتنی نیشانەکانی ڕوودەدات.

دەرکەوتووە کە زۆربەی حاڵەتەکانی مەرگی کتوپڕ بەهۆی نەخۆشییەکانی شاخوێنبەری دڵەوەیە، ئەم جۆرە مردنەش پێی دەووترێت sudden cardiac death (SCD) لە لێکۆڵینەوەکەشدا دەرکەوتووە کە ئەو پیاوانەی تەمەنیان لە نێوان ٤٥ – ٧٥ ساڵیدا بووە و بەهۆی نەخۆشییەکانی دڵەوە مردوون، ٦٠٪ یان بەمەرگی کتوپڕ مردوون بەبێ هیچ نیشانەیەکی پێشتر!!

هەروەها لێکۆڵینەوەکەش ئەوەی دەرخستووە مەرگی کتوپڕی دڵ بریتیە لە تێکچوونی کتوپڕ کە ئەمەش لە ئەنجامی حاڵەتی ناجێگیری دەروونیەوە دروست ئەبێت. سەرەڕای چاودێری زۆر و خێرا فریاکەوتنی نەخۆشیشەوە بەهەموو ڕێگاکان بەڵام ئەم نەخۆشییە سەرکەوتووە لە کارەکەیدا!

**مەرگی کتوپڕ چیە؟**

پێشینان ووتویانە (هۆکارەکان زۆرن و مەرگیش تاقانەیە).

ئەتوانین لەم پەندەوە بیروباوەڕی ساکاری پێشینانمان بۆ دەربکەوێت دەربارەی مردن، پێشینان باوەڕیان وابووە کە مردن هۆکارێکی هەیە ئەویش بریتیە لە نەخۆشی، کارەسات، خۆکوشتن یان هەرشتێکیتر، بەڵام کە باس لە مردنی بێهۆکار بکەین ئەوە مەرگی کتوپڕە کە پێشتر نەزانرابوو.

هۆکاری سەرەکی مردن لەم چەرخەدا بریتییە لە جەڵتەی لەناکاوی دڵ کە بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەك دێت، و دەرکەوتووە نیوەی ئەوانەی تووشی نەخۆشییەکانی دڵ ئەبن، بەمەرگی کتوپڕ دەمردن!! مەرگی کتوپڕ هێرش ئەباتە سەر مرۆڤی نەخۆش تەنانەت ئەگەر لەنەخۆشخانە و لەژێر چاودێریشدا بێت، لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە ١٠٪ یان بەشێوەیەکی کتوپڕ لەناو نەخۆشخانەدا ئەمرن و ٩٠٪ یان لە دەرەوەی نەخۆشخانە.

**سەرژمێرییەکان:**

هۆکاری یەکەمی مردن لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بریتیە لە نەخۆشیەکانی دڵ (جەڵتەی دڵ) بەڕێژەی نزیکەی ٢٨٪ ی کۆی مردنەکان ئەبێت.

ڕاپۆرتەکانی سەرژمێری ئەوە دووپات دەکەنەوە کە لەساڵی ٢٠٠١ تەنها لەئەمەریکادا نزیکەی ٧٠٠ هەزار کەس مردوون بەهۆی نەخۆشییەکانی دڵەوە.

بەڵام ئەی ژمارەی ئەوانەی کە ساڵانە بەهۆی مەرگی کتوپڕەوە ئەمردن چەندە؟

لە وولاتە یەکگرتووە کان ساڵانە زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کەس ئەمرن بەهۆی نەخۆشییەکانی دڵەوە، سەرژمێرییەکان دووپاتی ئەکەنەوە کە ڕێژەی مەرگی کتوپڕی دڵ زیاد ئەکات بەشێوەیەکی گشتی لەهەموو جیهاندا، و پیاوان زیاتر لە ژنان تووشی ئەبن بەڕێژەی ٣ بۆ ١، مەرگی کتوپڕ ڕووئەدات بەبێ هیچ ئاگارییەکی لەپێش تەنانەت هەندێ جار بەبێ هیچ نیشانەیەکی نەخۆشی دڵ سەرەڕای ئەو ملیۆنەها دۆلارەش کە خەرج ئەکرێت لە لێکۆڵینەوەکانی نەخۆشییەکانی دڵدا لەوولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.



لەگەڵ ئەوەی کە توانیویانە ئەو ژمارەیە کەم بکەنەوە کە لەئەنجامی نەخۆشی دڵی کتوپڕەوە ئەمرن بەڵام ڕێژەی مەرگی کتوپڕ بەجێگیری ماوەتەوە!

**جگەرە کێشان و ئاڵۆزی دەروونی:**

جگەرەکێشان ئەگەری ڕوودانی مەرگی کتوپڕ سێ هێندە بەرز ئەکاتەوە! و جگەرەکێشان بەرپرسیارە لە ٤/١ ی نەخۆشییەکانی دڵ لە جیهاندا، و ئەم نەخۆشیانە زۆربەیان کۆتاییان دێت بە مەرگی کتوپڕ.

ئاڵۆزییە دەروونیەکان کار لە زیادبوونی مەرگی کتوپڕ دەکەن، و هەروەها لێکۆڵینەوەکانی قۆناغەکانی تەمەن ڕوونیان کردۆتەوە کە لەبارترین قۆناغی تەمەن بۆتووش بوونیان بەمەرگی کتوپڕ بریتییە لە تەمەنی چلەکان و پەنجاکان. لەم قۆناغەی تەمەندا ژیری مرۆڤ پێئەگات.

هەروەها ئەوانەی کە نەخۆشی شەکرەیان هەیە ئەگەری تووش بوونیان بەم مەرگە زیاترە.

**ئایا چارەسەری پزیشکی هەیە بۆ ئەم دیاردەیە؟**

زۆربەی پزیشکەکان باس لەچارەسەری دوای ڕوودانی نەخۆشیەکە ئەکەن (وەستانی کتوپڕی دڵ یان مێشك) لەبەرئەوەی هەتا ئێستاش چارەسەری ئەم نەخۆشییە ترسناکە نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری ڕزگاربوون لەم مردنە زۆر کزە.

پزیشکەکان دووپاتی دەکەنەوە کە ڕێگای نموونەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم مردنە بریتیە لە دەستکەوتنی بەرزترین پلە لە جێگیریی کارەکانی دڵدا.

ئەو چارەسەرانەی کە ئێستا هەن ئەوەیە کە نەخۆشەکە لەژێر چاودێرییەکی ووردا بێت دوای ئەوەی نەشتەرگەرییەکی خێرای بۆ ئەکرێت بەڵام ئەم ڕێگای چارەسەرە هیچ ئەنجامێکی نابێت تەنها لەچەند حاڵەتێکی کەمدا نەبێت. ئامۆژگاری پزیشکان بەکەم کردنەوەی ڕێژەی شەکر و کۆلیسترۆڵ لە خواردنی ئەو نەخۆشانەدا هیچ گرنگییەکی نییە لەم حاڵەتەدا.

بەڵام ئەی چارەسەری ئەوانە چییە کە بەخۆیان نازانن و کەسیش چاوەڕوانی مردنی کتوپڕ یان لێناکات؟

زانستی پزیشکی نەیتوانیوە پێشتر درك بەم حاڵەتانە بکات، بەڵام ئایا پێغەمبەر (ﷺ) ئەمانەی پشتگوێ خستووە یان چارەسەری بۆ دانەناون؟

**ئایا چارەسەری قورئان و پێغەمبەر (ﷺ) چییە بۆ ئەم حاڵەتانە؟**

خوای گەورە ئاماژەی بە ووشەی دڵ (القلب) کردووە لە زۆربەی ئایەتە پیرۆزەکاندا:

دڵ هەیە نەخۆشە، دڵ هەیە ڕق و بێ بەزەییە، دڵ هەیە کوێرە و نابینێ، دڵ هەیە نابیستێ، دڵ هەیە ئەترسێت لە خوای گەورە و ئارامە، دڵ هەیە ئەفامێت و ژیر ئەبێت.

کەواتە دڵ تەنها تروومپایەك نییە بۆ پاڵنانی خوێن بەڵکو دەزگایەکی تەواوە و بەرپرسیارە لە جێگیریی و ئارامی دەروونی لە مرۆڤدا.

یادکردنەوەی خوای گەورە باشترین ڕێگایە بۆ ئارامی و هێور بوونەوەی دڵەکان چونکە خوای گەورە ئەفەرموێت: (**الذين آمنوا وتطمئن قلوبهم بذكر الله ألا بذكر الله تطمئن القلوب**) (الرعد: ٢٨).

واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و بەیادی خوای گەورە دڵ ئارام دەبن، دڵنیابن کە بە یادی خوا دڵەکان ئارام دەبێت.

لەبەرئەوە هەرکاتێك ئیماندار یادی خوای خۆی ئەکاتەوە، ئەوا دڵکەی ئارام ئەبێت و تووشی هیچ تێکچوونێك (اضطراب) نابێت.

تۆش ئەی خوێنەری بەڕێز ئەتوانیت چاوەکانت دابخەیت، و وا لە دڵت بکەیت کە بترسێت و مەزنی و گەورەیی خودا یادبکاتەوە، بۆ نموونە بڵێ (لا إله إلا الله) سەیرکە و بزانە چ هەستێکت لا دروست ئەبێت. ئایا هەست ناکەیت لە هەموو کەس زیاتر هێمن و ئارام و دڵنیاتریت! وەکو بینیمان کەوا هۆکاری مەرگی کتوپڕ بریتییە لە تێکچوونی لەناکاو لە ئیشەکانی دڵدا، لەبەرئەوە پزیشکان نەیانتوانیوە هەتا ئێستا چارەسەری ئەم دیاردەیە بکەن، بەڵام قورئانی پیرۆز چارەسەری کردووە بەم ئایەتە پیرۆزە.

جا ئەی خوێنەری بەڕێز ئەگەر قورئانی پیرۆزت لەبەر بێت و جێگیربێت لە سینەتدا، ئایا پێشینی ئەوە ناکەیت کە لەهەموو کەس ئارامتربیت!

پێغەمبەرمان (ﷺ) فێری دووعایەکی گەورەی کردوین، کە هەموو ڕۆژێك خوێندوویەتی.

ئەفەرموێت: (**ما من عبد يقول صباح كل يوم ومساء كل ليلة: بسم الله الذي لايضر مع إسمه شيء في الأرض ولا في السماء وهو السميع العليم، لم يصبه فجأة بلاء**) رواه أبو داود.

واتە: هیچ بەندەیەك نییە بەیانیانی هەموو ڕۆژێك و ئێوارانی هەموو شەوێك بڵێت: (**بسم الله الذي لايضر مع إسمه شيء في الأرض ولا في السماء وهو السميع العليم**) هیچ بەڵایەکی کتوپڕ توشی نابێت.

هەروەها پێغەمبەری مەزن ئەم دوعایەشی دەخوێند: (**اللهم احفظني من بين يدي ومن خلفي ومن يميني وعن شمالي ومن فوقي وأعوذ بك أن أغتال من تحتي**) رواه الترمذي.

**رووی ئیعجاز لە فەرموودەکەدا:**

ئەتوانین ڕوی ئیعجاز کورت بکەینەوە لەم فەرموودە پیرۆزەدا:

١) کەس ناتوانێت پێشبینی زۆربوونی مەرگی کتوپڕ بکات، لەبەرئەوەی کەس نەیتوانیوە ئەم دیاردەیە بناسێت هەتا ئەم چەند ساڵە کەمەی دوایی نەبێت، کاتێك زانایان توانییان سەرژمێری وورد بکەن، سەیریش لەوەدا بوو کە ئەو ژمارانەی دەستیان کەوتبوو پێشبینی نەئەکرا چونکە ژمارەی ئەوانەی بەمەرگی کتوپڕ مردبوون زۆر بەرز بوو.

٢) زانایانی ئەمڕۆ ئەڵێن: دیاردەی مەرگی کتوپڕ جیانەکراوەتەوە و نەناسراوە هەتاوەکو ٥٠ ساڵ پێش ئێستا! لێکۆڵینەوەی پزیشکی بۆ نەکرابوو هەتاوەکو ٢٠ ساڵ پێش ئێستا. ئەمڕۆ زانایان هەوڵ ئەدەن بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕێگایانەی کە بەرەنگاری ئەم مەرگە بکاتەوە، لەبەرئەوەی ئەوان درك بەگەورەیی کێشەکە ئەکەن، بەڵام هەوڵەکانیان بێ سوودە.

ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کەوا ئەم دیاردەیە لە زیاد بوونێکی بەردەوامدایە و زانایانیش دەستیان کردووە بە ناسینی هۆکارەکانی ئەم مردنە. ئەمەش ڕاستی ووتەی پێغەمبەر (ﷺ) دەرئەخات کە ئەفەرموێت: (**إن من إمارات الساعة أن يظهر موت الفجأة**)، یەکێك لە واتاکانی ووشەی (يظهر) بە واتای (يتبين) دێت، واتە روون دەبێتەوە وەك لە (القاموس المحيط)دا هاتووە، هەروەك بینیشمان ئەم مردنە نزیکەی ٢٠ ساڵە روون بۆتەوە.

٣) هەندێ لە گوماندار و بێباوەڕان بانگەشەی ئەوە ئەکەن کەوا ئەم مەرگە هەرناسراوە لەسەردەمی کۆنەوە، ئێمەش ئەڵێین: ئەم مەرگە لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) نەناسرابوو هەر لەبەرئەوەش لە ووتەی شاعیر و ئەدیبەکانی ئەوسەردەمەدا ئاماژەی پێنەدراوە و بەڵگەش بۆئەوە پێغەمبەر (ﷺ) دەرکەوتنی ئەم مەرگەی داناوە بە نیشانەیەکی ڕۆژی دوایی، ئەگەر ئەم مەرگە لەو کاتەدا بناسرایە ئەوا بەدڵنیاییەوە بێباوەڕەکانی ئەو سەردەمە ڕەخنەیان لەم فەرموودەیە ئەگرت!.

هەروەکو ئەزانین بێباوەڕان هیچ شتێکیان بەبێ ڕەخنە بەجێ نەهێشتووە، ئەگەر ئەم دیاردەیە بڵاوبووایە لەوسەردەمەدا، کە پێغەمبەر (ﷺ) هات و دەرکەوتنی ئەم دیاردەیەی دانا بەنزیك بوونەوەی ڕۆژی قیامەت، ئەگەر ئەمە ڕوویبدایە خەڵکی ئەم فەرموودەیەیان پێ سەیر ئەبوو کە چۆن باسی شتێکیان بۆ ئەکات کە بوونی هەیە!! لەبەرئەوە ئەتوانین ئەم فەرموودەیە دابنێین بەموعجیزەیەکی پزیشکی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە باس لە دیاردەیەك ئەکات کە زانایانی ڕۆژئاوا نەیان زانیبوو هەتا ئەم چەند ساڵانەی دوایی نەبێت.

**لە کۆتاییدا:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە کۆتایی پێدێنین بە دووعایەکی پێغەمبەر (ﷺ) کە پێویستە لەسەر هەریەکەمان کە بیزانێت و هەرگیز لەیادی نەکات.

(**اللهم أنت ربي لا إله إلا أنت خلقتني وأنا عبدك وأنا على عهدك ووعدك ما استطعت، أعوذ بك من شر ماصنعت، أبوء لك بنعمتك علي وأبوء بذنبي فأغفر لي فإنه لايغفر الذنوب إلا أنت**).

هەرکەسێك ئەم دوعایەی خوێند کاتێك ئەخەوێت و دوای ئەوە مرد، ئەوا ئەچێتە بەهەشت، و هەرکەسێکیش خوێندی کاتێك بەیانی لەخەوهەستا و دوای ئەوە مرد ئەوا ئەچێتە بەهەشت. (رواه البخاري).

خوێنەری بەڕێز: ئایا هاوڕای لەگەڵ من بە چارەسەری پێغەمبەر (ﷺ)، و ئەم دوعایە لەبەر بکەیت و هەرگیز لەیادی نەکەیت؟

سەرچاوە: www.kaheel7.com



# چەند ئیعجازێكی زانستی ڕۆژوو

د. دارا گوڵ حامد
daragull@hotmail.com

زۆر كەس وا گومان دەبەن ڕۆژوو كاریگەری سەلبی لەسەر تەندروستیان هەیە، وەكو ئامێرێك سەیری لەشیان دەكەن ، كە بێ سووتەمەنی كار ناكات وا ڕاهاتوون كە خواردنی سێ ژەمی ڕۆژانە شتێكی زۆر پێویستە و نەخواردنی تەنها ژەمێك كاریگەری زۆر خراپی دەبێت... ئەمەش وایان لێدەكات شەوانی ڕەمەزان زۆر خۆری لە خواردن و خواردنەوەدا بكەن .

دیارە ئەوەش لە تێنەگەیشتن لە ڕۆژووی ئیسلامی و سوودە زۆرە كانیەوە سەرچاوەی گرتووە.

لێرەدا چەند ڕوویەكی زانستیی ڕۆژوو بە كورتی ڕوون دەكەینەوە:

**ڕووی یەكەم:-**

پەیامبەری خودا (صلى الله علیە و سلم) فەرموویەتی (الصیام جنة) واتە ڕۆژوو پارێزەرە.

لە ڕێی چەندین توێژینەوەی پزیشكییەوە زۆر لە سوودی خۆپارێزی ڕۆژوو لە نەخۆشییە دەروونی و لاشەییەكان سەلماوە كە ئەمانەی خوارەوە هەندێكن لەو نەخۆشییانە:-

١- بەهێزكردنی ئامێری بەرگری لەش، ئەویش بەهۆی ١٠ جار باشكردن و بەهێزكردنی كاری لیمفە خانەكانەوە.

٢- پاراستن لە قەڵەوی و زیانەكانی:- جگە لە كەم خواردن ئەو پارێزگارییە لە ڕێی ئەو ئارامیە دەروونی و عەقڵییەوە بەدەست دێت كە بە هۆی ڕۆژووەوە فەراهەم دێت لە ئەنجامی ئەو كەشە ئیمانییەی كە لە ڕێی زیادكردنی خۆپارێزی و یادەكان و خوێندنی قورئان و دووركەوتنەوە لە هەڵچوون و شڵەژانی دەروونییەكانەوە دروست دەبێت.

٣- ڕێگری كردن لە دروستبوونی بەردی گورچیلە : كاتێك تێكڕای سۆدیۆم لە خوێندا زۆر دەبێت و ناهێڵێت خوێكانی كالسیۆم بنیشن و بەردی گورچیلە دروست بكەن.

٤- ڕۆژوو لەش لە ژەهرە كۆبووەكانی ناو خانەكان و نێوان شانەكانی دەپارێزێت.

٥- ڕۆژوو هێوركەرەوە و كپكەرەوەی ئارەزووە سێكسییەكانە : لە توێژینەوە زانستییەكاندا ئەوە سەلماوە كە ئاستی هۆرمۆنی تێستۆستیرۆن Testosterone ، كە هۆرمۆنی بزوێنەری ئارەزووە سێكسییەكانە، لە كاتی ڕۆژوودا دێتە خوارەوە.

**ڕووی دووەم:-**

خوای گەورە فەرموویەتی: (أَيَّاماً مَّعْدُودَاتٍ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضاً أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ فَمَن تَطَوَّعَ خَيْراً فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُ وَأَن تَصُومُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ) البقرة ١٨٤

ئەمانەی خوارەوە هەندێك لەو نەخۆشیانەن كە ڕۆژوو بۆیان باشە و ڕۆژوو گرتن هیچ زیانێك لە نەخۆشەكان نادات و بە پێچەوانەوە سوودی زۆری بۆیان هەیە:

١- ئەو نەخۆشیانەی لە ئەنجامی قەڵەوییەوە دەردەكەون وەك بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و نەخۆشییەكانی دڵ.

٢- هەندێك نەخۆشی كۆ ئەندامی سوڕی خوێن و لولەكانی خوێن وەك نەخۆشی (Raynaud's disease) و نەخۆشی بێرگەر (Berger's disease).

٣- ڕۆژوو سوودێكی باشی بۆ هەوكردنی درێژ خایەنی جومگەكان (Rheumatoid) هەیە.

٤- ڕۆژوو ترشەڵۆكی ناو گەدە هاوسەنگ دەكات و بەو جۆرەش لەگەڵ بەكارهێنانی درەمانی گونجاودا یارمەتی ساڕێژ بوونی برینی گەدە دەدات.

٥- ڕۆژوو هیچ زیانێكی بۆ دایكی شیردەر و دووگیان دروست ناكات و لە پێكهاتەی كیمیاوی و زیندە چالاكییەكانی لەشیان ناگۆڕێت.

**هەندێك سوودی تری ڕۆژوو:**

أ- لە كاتی ڕۆژوودا بە باشترین و تەواوترین شێوە میكانیزمەكانی هەرس و مژین لە كۆئەندامی هەرسدا جێبەجێ دەبێت، هەروەها ڕۆژوو پشوویەكی فسیۆلۆجی بە كۆئەندامەكانی هەرس دەدات.

ب- ڕۆژوو كوێرە ڕژێنەكانی پەیوەست بە زیندە چالاكییەكان (Metabolism) بە جۆرێك لێ دەكات كە بە باشترین شێوە كردارەكانیان ئەنجام بدەن.

ت- ڕۆژوو میكانیزمەكانی زیندە چالاكییەكان یاخود نواندنی خۆراك بۆ گلوكۆز و چەوری ماددە پرۆتینی‌یەكان لە خانەدا چالاك دەكات تا بە تەواوترین شێوە فرمانەكانیان ئەنجام بدەن.

ث- ڕۆژوو توانای وەچە خستنەوە لەلای پیاوان و ژنان باشتر دەكات.

ج- سوودێكی تری ڕۆژوو بریتیە لە باشكردنی توانای فێربوون و بەهێزكردنی بیرەوەری (الذاكرة).

ح- لە كاتی ڕۆژوودا كاتێك كرداری رووخان بەسەر كرداری ڕۆناندا زاڵدەبێت خانە لاواز و نەخۆشەكان تێك دەشكێن و دواتر لە قۆناغی ڕۆناندا ئەو خانانە نوێ دەبنەوە.

خ-دەسكەوتنی دڵنیایی و ئارامی دەروونی بۆ مرۆڤ ئەویش لە ئەنجامی بە جێهێنانی فرمانێكی خوداییدا.

د- بە بەڵگەی زانستییەوە سەلماوە ڕۆژوو هیچ كاریگەری سەلبی لەسەر كردار ی ماسولكەكان و بەرگەگرتنی كۆششی جەستەیی نییە. بەڵكو بە پێچەوانەوە لە توێژینەوەیەكدا كە لە وولایەتە یەكگرتووكانی ئەمریكا ئەنجام دراوە ڕادەی بەرگە گرتنی كۆششی جەستەیی و هەروا توانای بە جیهێنانی كاری ماسولكەكان لە كاتی ڕۆژوودا بە پلەی جیاواز زیادی كردووە.

لە كۆتاییدا ماوە بڵێین بەدەر لەو هەموو سوود و دەسكەوتە جەستەیی و دەروونیانە گەورەترین مژدەش چاوەڕێی ڕۆژووەوانە ئەویش دەسكەوتنی هەردوو دڵخۆشی كاتی بەربانگە بە ڕۆژوو شكاندنەكەیی و دڵخۆشی گەیشتنەوەیە بە پەروەردگار بە ڕۆژووەكەی هەروەك پەیامبەر (صلى الله علیه و سلم) فەرموویەتی (للصائم فرحتان یفرحهما: إذا أفطر فرح بفطره ، و إذا لقي ربه فرح بصومه) متفق علیه.

# شەفەقی جەمسەری

## ئایەتێكە لە ئایەتەكانی خوای كردگار!

ڕووناك ئیسماعیل



زانایان توانییان تەفسیری دیاردەی شەفەق بدۆزنەوە كە بەدرێژایی چاخەكانی مێژوو دیاردەیەكی نادیارو نەزانراو بووە، كاتێك تیشكی خۆر دەكەوێتە سەربەرگی دەرەوەی زەوی و بەو بلوورە بەفرییە بچووكانە تێئەپەڕێ ، ئەو بلورانەش كەلەووردە شوشە دەچن و لەناو بەرگە هەوادا بلاوبوونەتەوە (تیشك)ی خۆرەكە بۆ حەوت (ڕەنگ) شیدەكەنەوە. ئەو ڕەنگانەی بەكوردی پێیان دەوترێ پەلكە زێڕینە.



ئەم وێنەیەی لەبەردەممانە دیمەنێكی نایابە زۆر كات بۆ ماوەی كاتژمێرێك بەردەوام ئەبێ و چەند كیلۆمەترێكیش بە ئاسماندا بلاودەبێتەوە. ئەمەش لەدیاردە تاقانە و ناوازەكانی سەر ڕووی زەوییە.

بەڵام دیاردەی (شەفەقی جەمسەری ) كەلە جەمسەری زەویدا ڕودەدات لەئەنجامی چەند كردارێكی ئاڵۆزدا پەیدا ئەبێ، خۆر ملیۆنەها تەن لەتەقینەوەكانی خۆی فڕێ دەدات، لەئەنجامی ئەو تەقینەوانەش كەمەرێكی موگناتیسی زۆر بەهێز

بۆخـۆر دروسـت ئـەبێ، کـاتێکیش ئـەو کەمـەرە موگناتیسـییە دەگاتـە بـەرگی دەرەوەی زەوی لەگـەڵ کەمەری موگناتیسی زەویدا کارلێك دەکەن و لەناوچەی هـەردوو جەمسـەری زەویـدا دەڕەوێتـەوە، لەئـەنجامی ئەوەش دیـاردەی شـەفەقی جەمسـەری زەوی ڕوودەدات، ئـەوەش لـەدیاردە نایـاب و ڕازاوەکـانی گەردوونـە و ئایەتێکە شاهێدی لەسەر گەورەیی و بـەدیهێنانی خـوای گەورەی کردگار دەدات.

**بڕوانە بۆ دیوی ناوەوەی بەرگی کۆتایی ئەم گۆڤارە کە دوو وێنەیە لە جەمسەری باکووردا گیراون و تێبینی ڕەنگە رازاوە و ڕەنگاوڕەنگـەکانی شـەفەقی جەمسـەری تـێدا دەکەین، پاك وبێگەردیی بۆ کردگاری ئەو دروستکراوانە.**

زانایان ڕاستییەکی زانستییان دۆزیوەتـەوە کە زەوی لەهـەموو لایەکییـەوە بەبـەرگێکی موگناتیسـی دەورە دراوەو خـۆریش گـەردەلوول و بایـەکی زۆر بـەهێز دەردەکات وئەو با بەهێزە دەگاتە سنووری زەوی، بـەڵام خـوای گـەورە بەبـەزەیی خـۆی بـەهۆی ئـەو بەرگـە موگناتیسییەوە زەوی پاراستووە و ڕێی بەو گەردەلوولـە بەهێزەی خۆر نـەداوە لێمان نزیـك بێتـەوە، هێڵەکانی ئەو بوارە موگناتیسییەی زەویش لەهەردوو جەمسـەری زەوییـەوە دەردەچـێت و بـۆ هـەردوو جەمسـەرەکەش دەگەڕێنەوە.

ئەرکی ئـەو بـوارە موگناتیسـییەی زەویش زۆر گرنگەو ئەو گەردەلوولە گرگرتووەی خۆر قووت دەداو کـارلێکی لەگەڵ دەکـاو دەیسـووتێنێ و دەیڕەوێنێتـەوە، ئەمـەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەشی دەرەوەی بەرگی هەوای زەوی کڵپەیەك بکات و ئەم دیمەنە نایابە دروست بکات.




لەم وێنەیەدا زەوی و هێڵەکانی بواری موگناتیسی زەوی ئەبینین کە چۆن لەهەردوو جەمسەری زەوییەوە دەرباز دەبن و دەوری قەڵغانێکی مەحکەم دەبینن و زەوی دەپارێزن.

ئـەم بەرگـەش بەشـێکە لـە ئاسمـانی دونیـا وقورئـانی پیرۆزیـش ئامـاژەی پێـدەکات و ئەفـەرموێ: (وَجَعَلْنَـا السَّمَاء سَقْفاً مَّحْفُوظاً وَهُمْ عَنْ آيَاتِهَا مُعْرِضُونَ) (الأنبياء/ ٣٢ واتـە: ئێمـە ئاسمـانی دونیامـان کردۆتـە بنمیچـێکی پارێزراو کەچی بێباوەڕان لەبەڵگە و نیشانەکانی خوای گەورە پشت هەڵدەکەن.

خـوای پـەروەردگار ئەفـەرموێت: (فَلَـا أُقْسِـمُ بِالشَّـفَقِ{١٦} وَاللَّيْـلِ وَمَـا وَسَـقَ{١٧} وَالْقَمَـرِ إِذَا اتَّسَقَ{١٨} لَتَرْكَبُنَّ طَبَقاً عَن طَبَقٍ{١٩} فَمَا لَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ{٢٠} وَإِذَا قُرِئَ عَلَيْهِمُ الْقُرْآنُ لَا يَسْجُدُونَ{٢١} بَـلِ الَّـذِينَ كَفَـرُواْ يُكَـذِّبُونَ{٢٢} وَاللَّـهُ أَعْلَـمُ بِمَـا يُوعُونَ{٢٣} فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ{٢٤} إِلَّا الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ لَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ) (الانشقاق :١٦ – ٢٥).

واتە : (سوێند بەشەفەق (ئەو ڕەنگە سوورەی کەلەکاتی خۆرئاوابووونـدا پەیـدا دەبـێ) ⋆ سـوێند بەشـەوو ئـەو دروستکراوانەی لە شـەودا کۆدەبنـەوە و ئـارام دەگـرن ⋆ سـوێندیش بـەمانگ ئەوکاتـەی مـانگ خـڕ دەبێتـەوە و ڕوونـاکی تـەواوی دەبـێ ⋆ لەحاڵێکـەوە بـۆ حـاڵێکی تـر تێدەپـەڕن(مـردن، ژیـان، پاشـان قۆناغـەکانی ڕۆژیـی دوایی) ⋆ ئیتر بۆچی باوەڕ بە تـەنهایی خـوای گـەورە و زیندوبوونەوە ناهێنن ⋆ بۆچی کاتێ: ئاسۆکانی ڕاسـتی قورئـان دەردەکـەوێ و دەخوێنرێتـەوە کڕنووشـی خواپەرستی نـاهێنن⋆ نـەخێر کاتێك ڕاسـتی دەرکـەوت ئیتر ئەوانەی باوەڕ ناهێنن ڕاست ناکەن و درۆ دەکـەن⋆ خوای گەورەش بەو ناڕاستی و خراپانەی کە بێبـاوەڕان لـە سـنگدا هـەڵیان گرتـووە ئاگـادارە⋆ ئـیتر موژدەیـان بـدەرێ بەسـزایەکی پـڕ ئـازاراویی تونـد⋆ تـەنها ئەوانـە نەبێ کە باوەڕ دەهێـنن و چاکە خوازی دەکـەن ئەوانـە پاداشتێکی نەبڕاوەیان ئەبێ.





# سوننەتێکی پێغەمبەر (ﷺ) کاریگەریی لەسەر زیادکردنی بەرهەم هەیە:

## پشوودانی نیوەڕوان ئەوەی کە ناسراوە بە (قەیلولە) دەبێتە زیادکرنی بەرهەم

کاوە موحەممەد شاربازێڕی

لە ئەبی هورەیرەوە ڕەزای خوای لێبێت ئەفەرموێت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) قەیلولەی دەکرد کە خەوتنی پێش نیوەڕوانە. ژمارەیەك لە کۆمپانیا ئەمریکیەکان شێوازی"پشووی کەم" بەکاردەهێنن کە بریتی‌یە لە خەوتنی ماوەیەکی کەمی کارمەندان لە نوسینگەکانیاندا، لە دەوروبەری نیوەڕۆدا بۆ ماوەی بیست خولەك تا نیو کاتژێر، بە مەبەستی چالاك کردنەوەی ووزەیان لە بەرهەم هێناندا. کۆمپانیای "یارد میتالز" تایبەتمەندی هەیە لە دابەشکردنی ئاسن، ٦٤٠ کەس لە سەرجەم ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کاری تیادا دەکەن و هۆڵی تایبەتی هەیە لە هەر هەشت بنکەکانی، و ناوی ناون "بەشی حەوانەوە"، هەرکەس بچێتە ناو ئەو هۆڵەوە هەست بەئارام بونەوەی دەرونی دەکات لەبەر بۆنی خۆش کە تێکەڵ بە دەنگ وئاوازی خۆش دەبێت لە کاتێکدا ئەو کەسە لەسەر کورسی‌یەکی فراوان دادەنیشێت، سەرباری ئەوەی کە دیوارەکانی بە ڕەنگی شینی ئاسمانی ڕازاوەتەوە. (سوزان کوزیکوفسکی) ووتەبێژ بەناوی "یارد میتالز" لە بارەی سستمی پشووەوە لەکاتی دەوامی ئاساییدا (سوزان لە ساڵی ٢٠٠٠ وە لە کۆمپانیای ناوبراودا کاردەکات) ووتی: "پشوومان گەیاندۆتە بەرزترین ئاست کە بەهۆیەوە ماندویی و بێتاقەتیمان نەهێشتوە"، لە وەڵامی پرسیارێکی ئاژانسی (فرانس پرێس)دا دڵنیایی ئەوەی‌دا کە: "بیست خولەك لە هوڵی حەسانەوە بەرامبەر دوو کاژێرە لە بیرکردنەوە، یان چوار سەعاتە لە نوستن"، کۆمپانیاکە بەپشت بەستن بەم سیستەمە "قازانجی گەورەی کردووە لەسەر ئاستی بەرهەم هێنان لەلایەك و سەلامەتی لەلایەکی‌ترەوە" سەبارەت بەو فەرمانبەرانەی کە زۆربەیان لەسەر ئەو ئامێرانە کاردەکەن کە کاریان بەرزکردنەوەی قورساییە وپێویستیان بە ووریاییەکی تەواو هەیە. ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە زانا ئەمریکی ویۆنانیەکان لەم دواییەدا پێی گەیشتوون ئەوە دەسەلمێنن کە پەیڕەو کردنی پشووی نیوەڕوان بە شێوەیەکی ڕێك وپێك سێ یەکی مەترسی مردن کەم دەکاتەوە بەهۆی (سنگە کوژێ) وە. (پیتر فیتالیانو) مامۆستای دەرونزانی لە زانکۆی (واشنتۆن) دەڵی:"ئەم لێکۆڵینەوەیە زۆر گونجاوە" و باسی سوودەکانی ئەو پشووە دەکات کە لە ووڵاتانی ئەوروپا گرنگی پێدراوە . (فیتالیانو) ووتی: " لێرە ئەگەر کەسێك وابکات ئەوا بە تەمبەڵ ناودەبرێت بەڵام لە یۆنان و ئیسپانیا پرسیار لەو کەسە دەکرێت کە ئایا پشووی باشی داوە؟!" . لەو کۆمپانیایانەی کە کار بەو سستەمە دەکەن لە کەرتی گەیاندن، وەك: کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و هێڵی ئاسن و لە نێوانیاندا خەستەخانە و کۆمەڵێك لە زانکۆکان و پاشان نووسینگەکانی پارێزەریی و ئاژانسەکانی ڕاگەیاندنیش هەیە.

دوای ئەنجامدانی چەندین توێژینەوەی دوور و درێژ دەرکەوتووە کە باشترین قەیلولە کە سوودی گەورە ببەخشێت بە لەشی مرۆڤ ئەوەیە کە ماوەکەی لە ٢٠ خولەك تێنەپەڕێت بە مەرجێك پچڕپچڕ نەبێت، بەریتانییەکان بە قەیلولە دەڵێن خەوتنی ووزە بەخش (Power nap)، و ئێستا لە زۆرێك لە دامەزراوە نێودەوڵەتی و کۆمپانیا گەورەکاندا پێویست کراوە، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی لابردنی گرژیی و دڵەڕاوکێ لەلای فەرمانبەرەکان.

دوای قەیلوولەیەك کە نیو کاژێر بخایەنێت کاردانەوە و بە ئاگایی لای مرۆڤ بەرز دەبێتەوە بەرێژەی زیاتر لە ١٦٪، و بێئاگایی و بێتەرکیزی لای مرۆڤ بەرێژەی ٣٤٪ کەم دەکات، ئەمەش ئەو رێژەیەیە کە زانایانی زانکۆی (هارڤارد)ی ئەمریکی دووپاتیان کردۆتەوە، پرۆفیسۆر (دیمیتریوس تریخوبولوس) لە کۆلیجی پزیشکی زانکۆی (هارڤارد) دەڵێت: قەیلولە لەوانەیە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی چانسی مردن بە تایبەتی لەوانەدا کە نەخۆشی دڵیان هەیە.

(یارل گرانت) یاریدەدەری بەڕێوەبەری ئاژانسی"ستروبێری فروگ" بۆ ئاگادارییەکان کە بۆ ساڵێك دەبێت سستمی "پشووی ووریاکەرەوە" لە کاتی ئیشکردندا پەیڕەو دەکات دەڵێت: "هەرچەندە خەڵکی لە وولاتە یەکگرتوەکان هێشتا بە شێوەیەکی باش لە ناوەرۆکی ئەم باسە نەگەیشتوون وەك ئەوروپا" (یارل گرانت) ئەوەی ڕوون کردەوە کە"پشوودان بۆ ماوەی دە خولەك لە وێستگەکانی بەیانیاندا شتێکی سروشتییە "سەبارەت بە فەرمانبەرانی ئاژانس کە ژمارەیان نزیکەی پەنجا کەسە".

بۆ ئەم مەبەستە چەند کورسییەك دروستکراوە کە بۆ ئەم کارە گونجاو بێت لەسەر شوێنی کارکردن، (ئیرشاد شودوری) کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی "مترونابس" کە هەڵدەستێت بە دابەش کردنی ئەم کورسیانە و بەجۆرێك دروست کراوە کە لە کاتی خۆیدا کەسی نوستوو خەبەردەکاتەوە.

مترونابس سەد دانەی لەم کورسیانە فرۆشتووە، هەروەك چەند نموونەیەکی خستۆتە ڕوو لە ناوەڕاستی (مانهاتن) دەکرێت بەکاربهێنرێت بەرامبەر بە (١٤$) بۆ پشووی نیو کاژێر.

**سەرچاوە : سایتی مەکتوب ( maktoob.com )**

# دۆزینەوەی میکرۆبێکی نوێ لە گۆشتی بەرازدا



بەشی دووەمی پەیڤینێك لەگەڵ (دکتۆر جۆن لارسۆن) پزیشکی ناوداری نەخۆشخانەی حکومی لە (کۆبنهاگن)

وەرگێڕانی:
ئەندازیار/ عادل لەتیف مەولەوی
adilmawlawi@yahoo.com

لەژمارەی پێشوودا تەوەری باسەکەمان لە گەڵ دکتۆر جۆن هۆنۆفر لارسن دا لە سەر بابەتی سەربڕینی ئاژەڵ بوو پێش ئەوەی سوود لە گۆشتەکەی وەربگیرێت و بخورێت. کە بابەتێکی گەرم و گوڕی پڕوپاگەندەکانی ڕۆژ ئاوایە. بە سوود وەرگرتن لە شایەتی گەورە پزیشکی پسپۆڕ سەبارەت بە ڕشتن و خاڵیکردنەوەی خوێنی ئاژەڵ بەتەواوی پێش ئەوەی سود لە گۆشتەکەی ببینرێت، وەلەم ژمارەیەدا پەیڤینەکەی نێوان دەستەی ئیعجاز و دکتۆر لارسن تەواو دەکەین کەباس لە گرنگ ترینیان دەکەین کە لە سێ بڕگەدا خۆی دەبینێتەوە ئەوانیش بریتین لە چۆنێتی خۆپاراستن لە پەتاو نەخۆشییە کوشندەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ، جیاوازی نێوان سەگ و پشیلە لەڕوی تەندروستییەوە و ئەو میکرۆبەی کە لە گۆشتی بەرازدا دۆزیویەتییەوە.

**یەکەم:- بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشییە کوشندەکان و ئاسانترین ڕێگا بۆ خۆپاراستن لێیان:**

**دەستەی ئیعجاز:-** ئەگەر بەڕێزتان حاکم و بەرپرسی شارێك بن و ئەو شارە دوچاری نەخۆشییەکی درم و پەتایەکی کوشندەی ترسناك بێت ئەوەی کە بە (تاعون Plague) ناودەبرێت بەڕێزتان چی دەکەن ؟



" THE PLAGUE OF FLORENCE, DESCRIBED BY BOCCACCIO "
By Sabatelli

**دکتۆر جۆن لارسن :-** ئارتەش و هێزی سەربازی ئەهێنم ئابڵوقە ئەخەمە سەر ئەو شارە ناهێڵم کەس لە شارەکە دەربچێت و کەسیشی تێبێت .

**دەستەی ئیعجاز:-** نابێت کەس بێتە ناو شارەکەوە کە تاعونی تێدابێ ، ئەی بۆچی نابێت کەسی لێ بڕوات ؟

**دکتۆر جۆن لارسن:-** چونکە توێژینەوە زانستیە تازەکان بۆی دەرخستوین کە ئەگەر شارێك تاعونی تێدابڵاو ببێتەوە ئەوا ڕێژەی ئەو کەسانەی کە نیشانەکانی نەخۆشیەکەیان تێدا دەردەکەوێت نزیکەی (١٠٪_٣٠٪) دەبن.

**دەستەی ئیعجاز:-** ئەی دانیشتوانی ناو شارەکە چی یان لێبەسەر دێت ؟

**دکتۆر جۆن لارسن:-** دانیشتوان یان ئەوکەسانەی کە لە شارەکەدا ماونەتەوە کە بونەتە هەڵگری میکرۆبەکە ، بەڵام لە ڕێی کۆئەندامی بەرگرییەوە کۆنترۆڵی میکرۆبەکە کراوە ،واتە لە لەشیاندا دەمێنێتەوە بە بێ ئەوەی زیانیان پێ بگەیەنێت ، خۆ ئەگەر هەرکەسێك لەم شارە دەربچێت و بچێت بۆشار و ناوچەیەکی تر ئەوا نەخۆشییەکە دەگوازێتەوە بۆ ئەو شار و ناوچەیەی تریش –چونکە هەڵگری نەخۆشییەکەیە – و ئەبێتە هۆی تووشبونی ملیۆنەها کەسی دیکەیش بە هۆی ئەمەوە کەلەشارێك ڕای کردووە خەڵکەکەی تووشی تاعون بوون.

**دەستەی ئیعجاز:-** ئەو ئابڵۆقەیەی کە دەخرێتە سەر ئەو ناوچەیە تا چەند بەردەوام ئەبێت ؟

**دکتۆر جۆن لارسن:-** هەتا ئەو کاتەی کە ئاکاری میکرۆبەکە دەگۆڕێت و تایبەتمەندی بۆماوەیی تازەی تێدا دروست دەبێت و تایبەتمەندییە بۆماوەییە دوژمنکارانەکەی تێدا نامێنێت کە ئەبێتە هۆی گواستنەوەی نەخۆشیەکە بۆ خەڵکی دیکە .

**پەیڤێك لە دەستەوە:-** ڕاستگۆیی بۆ ئەو پێغەمبەرە مەزنەی کە پێش ١٤٠٠ ساڵ ئەم ئابڵۆقەیەی بۆ نەخۆشی و توشبوانی تاعون بڕیارداوە .

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿إذا سمعتم بالطاعون في بلدة فلا تدخلوها وإذا وقع بأرض وانتم بها فلا تخرجوا منها﴾ (ص ١٧٩، صحيح مسلم ج٤ ص١٧٤١).

واتە "ئەگەر گوێ بیستی ئەوە بوون تاعون لەشارێکدا بڵاو بۆتەوە ئەوا مەچنە ناو ئەو شارەوە، وە ئەگەر لەجێگایەکدا بڵاو بووەوەو ئێوەی تێدابوون ئەوا لێی دەرمەچن و ئەو شارە بەجێ مەهێڵن "

**دووەم:- جیاوازی لەنێوان سەگ و پشیلەدا:**

**دەستەی ئیعجاز:-** ئایا سەگ یەکێکە لەو گیانلەبەرانەی کە نەخۆشییە درمەکان دەگوازێتەوە؟

**دکتۆر جۆن لارسن:-** سەگ هەڵگری زۆرێك لە نەخۆشیە درمەکانە ، نزیکەی پەنجا نەخۆشی بەهۆی مشەخۆرەکانەوە هەڵگرتووە . کە زۆربەیان لە لیکەکەیدا خۆیان مەڵاس داوە .



دەستەی ئیعجاز:- راتان لەبارەی پشیلەوە چییە ئایا هەمان خاسییەتی هەیە لەگەڵ سەگدا ؟

دکتۆر جۆن لارسن :- پشیلە لەرووی پزیشکییەوە یەکێکە لە پاکترین گیانلەبەرەکان و میکرۆب و نەخۆشی ناگوازێتەوە بەتەنها یەك نەخۆشی نەبێت کە هۆکارەکەی پشیلەیە.

دەستەی ئیعجاز :- ئەو نەخۆشیە چیە ؟

دکتۆر جۆن لارسن:- ئەوە نەخۆشییەکە هەرکەس تووشی ببێت ئەبێتە هۆی کوێربوونی.

دەستەی ئیعجاز:- چۆن ئەمە ڕوودەدات؟

دکتۆر جۆن لارسن: ئەم نەخۆشیە لە پاشەڕۆو پیسایی پشیلەدا هەیە ئەگەر هەر ئاژەڵێکی تر ئەو پاشەڕۆیە بخوات ئەوا ئەو نەخۆشیە دەگوازرێتەوە بۆ ئەو ئاژەڵە کاتێ ئەو ئاژەڵە سەردەبڕدرێت و گۆشتەکەی دەخورێت ئەوا دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ و توشی دەبێت .

پەیڤێك لەدەستەوە:- پاکو بێگەردی بۆ خوای باڵادەست کە پشیلەی راهێناوە لەسەر ئەوەی پاشەرۆکەی خۆی بشارێتەوە و بیکات بەژێر خۆڵەوە بۆ ئەوەی گیانەوەرانی تر نەیخۆن و بەمەیش لەبەرپرسیارێتی خۆی قوتار دەکات، هەر بۆیە جیاوازە لەسەگ ئەوەتا خۆشەویست (ﷺ) ئەفەرمێت: (انها لیست بنجس انها من الطوافین علیکم) (رواه الخمسة و قال الترمذي: حدیث حسن صحیح، و صححه البخاري و غیره و انظر نیل الاوطار ج١ – ص ٣٥).

واتە: (پشیلە پیس نیە و لەوانەیە کە لەدەوروبەرتاندا دەخولێنەوە).

## سێیەم :- دۆزینەوەی میکرۆبێکی نوێ لە گۆشتی بەرازدا :

دەستەی ئیعجاز:- پێمان گەیشتووە کە بەرێزتان میکرۆبێکی نوێتان لە گۆشتی بەرازدا دۆزیوەتەوە ئەمە تاچەند راستە؟

دکتۆر جۆن لارسن:- ئەو قسەیەی کە رامگەیاندووە سەبارەت بە میکرۆبێکی ترسناکە کە لەبەرازدا هەیە، من لەوەندە زیاترم لەسەری نەنووسیوە کە لە رۆژنامە و گۆڤارە پزیشکیەکاندا باسی لێوە کراوە ، شتێکی تازەو نوێیش نی یە و لەهەموو لایەکی جیهاندا بڵاوە و زانراوە، ئەمەریکی یەکان ئەوەندە هەیە راستی بوونی ئەم میکرۆبەیان لە گۆشتی بەرازدا رانەگەیاندووە. هەروەك عادەتی خۆیان دەوەستن تا نەخۆشی یەکە دەردەکەوێت و بەشێوەیەکی درم بڵاودەبێتەوە و پاشان خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن. بەڵگەیش بۆ ئەم وتەیەم دەرکەوتنی نەخۆشی یەکی لەناکاو بوو لە قوتابخانەیەکدا لە ئەمەریکا کە (٥٠٠) منداڵ لەناکاو توشی نەخۆش یەکی هاتن، ئینجا دەستیان کرد بەگەران بەدوای هۆکارەکاندا.!! ئێمە لە لێکۆڵینەوەکانماندا وەك ئەمەریکییەکان نین ،بەڵکو لە بچوکێك دەکۆڵینەوە هەر چۆن گرنگی بە لێکۆڵینەوەی گەورەیەك دەدەین ،چونکە ئێمە باوەڕمان وایە پەتا کوشندەکان لە نەخۆشی و نادروستی یەکی بچوکەوە دەست پێ دەکات و بەڵگەیش لەسەر ئەمە زۆرە.



ئەو نەخۆشییەی کە بەهۆی ئەم میکرۆبەوە دروست دەبێت سێ نیشانەی هەیە:-

١- سکچونی زۆر بەهێز.
٢- ئازارێکی زۆر بەهێز لە گەدەدا کە لە ئازاری ڕیخۆڵە کوێرە دەچێت.
٣- تایەکی بەردەوام بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

مەترسی ئەم نەخۆشییە لەوەدایە کە توانای هەیە بە نیشانەکانی نەخۆشی تر خۆی دەر بخات وەك روماتیزمی جومگەکان کە بە ئازاری ئێسك دەست پێ دەکات و هەندێ جار بە ڕوماتیزمی دڵ یان روماتیزمی گشتی کۆتایی دێت ، یان هەندێ جار هەندێ نیشانە کە تێکەڵ ئەبێتەوە لەگەڵ نەخۆشیەکانی پێستدا وە دەردەکەون . ئەمەیە وای لێکردووم کە بەردەوام بم لەسەر لێکۆڵینەوەکانم لەسەر ئەم نەخۆشیە وە کۆمەڵێك پزیشکی شاری (مالمۆ) لە (سوید) و هەروەها لە (فنلندا)یش هاوکاریان کردم .

کاتێك کە لە کۆمەڵێك نەخۆشی پەتام ئەکۆڵییەوە بۆم دەرکەوت کە ئەو میکرۆبەی لە بەرازدا دۆزیومتەوە لە کۆمەڵی یارسینا(YARSINIA) یەو لەدەورو بەرماندا لە کەش و هەوادا هەیە ، بەڵام هەتا ئێستا نەزانراوە چۆنیەتی توشبوون چۆنە. هەرچۆنێك بێت ئێمە لە دانیمارك ئەو جۆرە مایکرۆبەمان نیە کە دەبێتە هۆی ئەو نەخۆشیە کەواتە چۆن لەڕێی کەش و هەواوە توشبوون ڕوئەدا بەو میکرۆبە ؟.. هیچ سەرچاوەیەکمان نیە بێجگە لە بەراز نەبێت کە تاکە سەرچاوەیە . ئەوەی جێگەی تێڕامانە بەو تاقی کردنەوانەی لەسەر بەراز ئەیکەین بۆمان دەردەکەوێت کە بەراز گوێزەرەوەیە بۆ ئەم میکرۆبە.

لە دانیمارك کۆمەڵێك لەزانایان لە پەیمانگایەکی کشتوکاڵی باڵا کە هیچ پەیوەندیەکیان بە لێکۆڵینەوەکەی منەوە نەبوو بۆیان دەرکەوت کە بەکتریای ئەم نەخۆشیە بەڕێژەی (٢٥٪) لە بەرازدا هەیە هەروەك چۆن کەسێکی تر لە بەلجیکا هەستا بە کۆکردنەوەی زمانی بەراز لای گۆشت فرۆش و کەوڵ کەران بۆی دەرکەوت کە بوونی ئەم بەکتریایە لەناو زماندا بەڕێژەی (٨٠٪ - ٩٠٪) هەیە. هەروەك چۆن لەکۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی چیك و ئەڵمانیا و ئەمریکاو ئیتاڵیا سەلمێنراوە هەرچەندە ئەم وڵاتانە بەڕێژەیەکی کەم بەرازیان تێدایە.




لەم ڕوانگەیەوە ویستم پاساو بۆ بێتاوانی خۆم بهێنمەوەو ڕاستیەکان بەخەڵکی ڕابگەیەنم . بەڵام بەرگری و ڕێگرییەك لەلایەن حوکمەت و دەسەڵاتەوە درووست بوو کە سەرکوتی دەکردم . ئێستا من بەتەنها لەم سەنگەرەدام ، هەستاوم بەپشکنینی زیاد لە(٦٠_٧٠) هەزار حاڵەت لەبەر بەهەڵە تێگیشتن کەس پشتگیریم لێ ناکات و ئەوەی کە زانست داوای دەکات دیارەو منیش بانگەشە بۆ ئەنجامی تاقیکاری و پشکنینەکانم دەکەم، چونکە من کەسێکی زانستیم و هیچی تر ،ئەگەر چی خەڵکیش ئەنجامی شیکارییەکانیان پێ قبوول نەبێت، هەولم دا گفتو گۆی بابەتەکە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵی دانیمارکی دا بکەم، بەڵام بەبێ سودو گرنگی پێدان کۆتایی هات ، بۆ زانین ئەم بەکتریایە تەنها لەدانیمارکدا نیە بەڵکو لە هۆڵەنداو زۆر وولاتانی تردا هەیە .

دەستەی ئیعجاز:- ئایا گواستنەوەو بڵاو بونەوەی ئەم میکرۆبە لەڕێگای خواردنی بەشێکی تایبەتی بەرازەوە دەبێت یان لە هەموو بەشەکانی تری لەشیدا هەیە ؟

دکتۆر جۆن لارسن:- ئەو میکرۆبە لە زمانی بەرازدا هەیە ، بەڵام کێ زمانی بەراز دەخوات؟؟ پاشان چۆن دەفرۆشرێت و چۆن دەخورێت ؟

ئاشکرایە زمان لە دوکانە کاندا لەسەر شێوەی خۆی نافرۆشرێت . بەڵکو بەکار دەهێنرێت لەدروست کردنی هەندێ بەرهەمی وەك و ساردەمەنیدا ، وە ئاسانیشە لەمە تێبگەین چونکە سالآنە (١٣_١٤) ملیۆن زمانی بەراز لە دروست کردنی ساردەمەنیدا بەکار دەهێنرێت .

هەستام بە پرسیار کردن لە لیژنەی پزیشکانی ڤێرتنەری کە سەرپەرشتی یەکێتی بەخێو کردن و بەرهەمی گۆشتی دانیمارکی ئەکەن لەبارەی زمانی بەرازەوە لەکوێدا بەکاری دەهێنن و بۆچی ؟ مەخابن وەلآمی تەواوم دەست نەکەوت هەرچەندە وەڵامەکەی لای خۆم ڕون و ئاشکرابوو ، ئەگەر پێداویستیەکانم لادەست بکەوێت یارمەتی دەر دەبێ بۆ برەودان بەلیکۆڵینەوەکانم وە ڕوبەڕو بوونەوەی یەکێتی بەخێو کردن و بەرهەمی گۆشتی دانیمارکی . من بەتەنها لە پێشەوە راوەستاوم و بگرە زۆربەی هاوڕێ و هاوکارانیشم لە پزیشکەکان لە دژی من وەستاون ، لەگەڵ ئەوەیشدا من لەڕاستیدا شتێکی تازەم نەوتووە جگە لەوەی هەستاوم بەدۆزینەوەو دەرخستنی نەخۆشییەك کە خۆی لە راستیدا هەیە . وای دەبینم هۆکاری راستەقینەی ئەوەی کە دەسەلآت گرنگی بە بابەتەکە نادات هۆکاری دارایی و بازرگانیە چونکە دانیمارك لەگەورەترینی ئەو ولآتانەیە کە گۆشتی بەراز هەنارده دەکات لە جیهاندا .

مایەی خۆش حاڵیە لەم ڕۆژانەدا ئەنجامی ئەو هەوڵە بەردەوامە بوە بنەمایەکی پزیشکی و کۆمەکیەکی هاندەرو بزوێنەر لە فنلەندا — بۆنمونە—کۆمەڵێك پزیشکی پسپۆر بەتوانایەکی زیاتر لەوەی کەلای ئێمە هەیە خەریکی لێکۆڵینەوەی سوڕی ژیانی ئەم میکرۆبەن ، ئەم کۆمەڵەیە چالاکییەکانیان لەشاری (Turin) ە و زانیاری زۆر بەسودیان لایە بەتایبەت سوڕی میکرۆبەکە کە دەبێتە هۆی نەخۆشییەکە .

**دەستەی ئیعجاز:**— ئەم بەکتریایە بێجگە لە بەراز لە ئاژەڵی تردا هەیە ؟

**دکتۆر جۆن لارسن:**— لە هەندێك حاڵەتی تایبەتیدا لە سەگدا ئەم بەکتریایە هەیە کە من خۆم دۆزیومەتەوە بۆ بوونی ئەم نەخۆشییە لە ئاژەڵی تردا ئەڵێم هیچ گیانەوەرێك نییە کە گۆشتی بخورێت و هەڵگری ئەم بەکتریایەبێت بێ بێجگە لە بەراز. بۆ نمونە بزن تا ئێستا نەچەسپاوە کە ئەم بەکتریایەی تێدا هەبێت .

پاش ئەوەی دکتۆر جۆن لارسن کۆمەڵێك نمونەی جیاوازی بۆ ڕوون کردینەوە کە لە ولآتە جیا جیاکان رووی داوە ئەم پرسیارەمان ئاڕاستەی دکتۆر کرد :

**دەستەی ئیعجاز:**— ئایا شیریش هەڵگری ئەم بەکتریایەیە کە دەبێتە هۆی ئەم نەخۆشی یە؟

**دکتۆر جۆن لارسن :**— لێکۆڵینەوە ئەمریکیەکان ڕونیان کردۆتەوە کە ئەم بەکتریایە بوونی لە ئاوو زۆربەی خواردەمەنیەکاندا هەیە، بەلآم کاتێك مرۆڤ دەیخوات بەو پلەیە بەرز نیە کە لەدەمی بەرازدا بەرزە چونکە دەمی بەراز تاکە جێگای لەبارە بۆ گەشەی ئەم بەکتریایە .

**دەستەی ئیعجاز :**— بەرازی دانیمارکی چارەسەر دەکرێت بە پەنسلین و دژە ماددەی تر لەگەڵ ئەمانەیشدا ئەم بەکتریایەی هەڵگرتووە ئایا ئەمە مانای ئەوە دەبەخشێت کە بەراز هەڵگری نەخۆشی ترە جگە لەمەی باست کرد؟

**دکتۆر جۆن لارسن :**— ناتوانین بڵێین بەراز نەخۆشی تری تێدا نیە چونکە هەمیشە چارەسەرو دژە ماددەی بۆ بەکار دەهێنرێت . ئامارەکانی ئەم دواییانە نەخۆشیەکی تریان دۆزیوەتەوە لە ڕێی کرمی شریتیەوە کە زانراویشە سوڕی ژیانی تەواو نابێت لە ڕێی مرۆڤ و بەرازەوە نەبێت .

**پەیڤێك لە دەستەوە :**— بێگەردیی بۆخوای دروست کارو بالآ دەست کە دەفەرموێت **(حرمــتْ علَيكُم المَيْتةُ والدم ولَحْم الخِنْزير وما أُهِل لِغَيْــر اللّــهِ بِــهِ والمُنْخنِقةُ والمَوْقُوذَةُ والمتردية والنطيحةُ وما أَكلَ السبع إلا ما ذَكَّيتُم وما ذُبح على النصب وأن تَسْتقْسِموا بِالأَزْلامِ ذَلِكُــمْ فِسْق اليَوْم يئِس الذِين كفَروا مِن دِينِكُمْ فَلا تَخْشوْهُمْ واخْشوْن اليَوْم أَكْملت لَكُمْ دِينكُمْ وأَتمَمْت علَيْكُمْ نِعْمتِي ورضِيت لَكُم الإِسْلام دِيناً فَمن اضْطُر فِي مخْمصةٍ غَيْر متجانِفٍ لإِثْمٍ فَإِن اللّه غَفُور رحِيم) (المائدة:٣).**

**سەرچاوە:** گۆڤاری (الإعجاز) ژمارە (٤).

# ئیعجازی زانستی لە فەرموودەی جومگەکاندا

**ئامادەکردنی:**

پ.د/ شریف أحمد جلال: پرۆفیسۆر لە کۆلیجی پزیشکی زانکۆی (شا عبد العزیز) لە (مەدینەی منەوەرە).

پ.د/ أحمد عبد المنعم العیاط: پرۆفیسۆر لە کۆلیجی پزیشکی زانکۆی (شا عبد العزیز) لە (مەدینەی منەوەرە).

د/ مصطفی محمد عبد المنعم: پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلیجی پزیشکی زانکۆی (شا عبد العزیز) لە (مەدینەی منەوەرە).

**بەدواداچوون و سەرپەرشتیاری شەرعی و زمانەوانی:**
پ. د/ خلیل ابراهیم ملا خاطر.

**وەرگێڕانی:** د. کاوە فەرەج سەعدون- پزیشکی شارەزای نەخۆشییەکانی سنگ.
drkawa_sadoon@yahoo.com

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی وەرگێڕ:

ئەم بابەتە بریتییە لە دەرخستنی ئیعجازی زانستی فەرموودەیەکی پێغەمبەر (ﷺ) کە ئاماژەی داوە بە بوونی (٣٦٠) جومگە لە لەشی مرۆڤدا، لەبەرئەوەی کە بابەتێکی نوێیە و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە کە چەند پزیشکێکی تایبەتمەند و مامۆستای زانکۆ پێی هەستاون بە گەڕانەوە بۆ راستییە زانستییەکان و سەرچاوە پزیشکییەکان و پاش ژماردنێکی ووردی جومگەکان لە لەشی مرۆڤدا راستی ئەم ژمارەیەیان سەلماندووە، هەربۆیە پێم باشبوو کە وەریگێڕم بۆ زمانی کوردی بە مەبەستی دەرکەوتنی ئەو پرشنگە نوورە گەورەیە لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا لە رۆژگاری ئەمڕۆی زانست و پێشکەوتندا، کە بۆمان دەسەلمێنێت بەشێوەیەك کە گومانی تێدانییە، پێغەمبەر (ﷺ) لەخۆیەوە قسەی نەکردووە بەڵکو هەموو ووتەکانی نیگای خودایین و لە هەمان کاتیشدا پڕن لە موعجیزەی پرشنگدار و ئاشکرا ﴿**وما ينطق عن الهوى، إنْ هو إلا وحي يوحى**﴾ (النجم: ٣-٤).

## فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ):

**- روى الإمام مسلم في صحيحه قال: حَدَّثَنَا حَسَنُ بْنُ عَلِىّ الْحُلْوَانِىُّ حَدَّثَنَا أَبُو تَوْبَةَ الرَّبِيعُ بْنُ نَافِعٍ حَدَّثَنَا مُعَاوِيَةُ - يَعْنِى ابْنَ سَلاَّمٍ - عَنْ زَيْدٍ أَنَّهُ سَمِعَ أَبَا سَلاَّمٍ يَقُولُ حَدَّثَنِى عَبْدُ اللَّهِ بْنُ فَرُّوخَ أَنَّهُ سَمِعَ عَائِشَةَ تَقُولُ إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم قَالَ: ﴿«إنه خلق كل إنسان من بني آدم على ستين وثلاثمائة مفصل فمن كبر الله وحمد الله وهلل الله وسبح الله واستغفر الله وعزل حجراً عن طريق الناس أو شوكةً أو عظماً عن طريق الناس وأمر بمعروف أو نهى عن منكر عدد تلك الستين والثلاثمائة السلامى فإنه يمشي يومئذ وقد زحزح نفسه عن النار». قَالَ أَبُو تَوْبَةَ وَرُبَّمَا قَالَ: «يمسي»﴾. (صحيح الإمام مسلم - كتاب الزكاة).**

+ واتە: ئیمامی (موسلیم) لە (صحیح)ەکەیدا لە (عائیشە)ی خێزانی پێغەمبەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ﴿هەموو مرۆڤێکی نەوەی ئادەم لەسەر (٣٦٠) جومگە دروستکراوە، هەر کەسێك (الله أكبر)، و (الحمد لله)، و (لا إله إلا الله)، و (سبحان الله)، و (أستغفر الله) بکات، و بەردێك لە رێگەی خەڵکی لا ببات، یان درکێك یان ئێسقانێك لەرێی خەڵکی لاببات، و فەرمان بە چاکەیەك بکات، یان رێگریی لە خراپەیەك بکات، بە ئەندازەی ژمارەی ئەو (٣٦٠) جومگەیە، ئەوا ئەو رۆژە بەرێ دەکات بەشێوەیەك کە خۆی لە ئاگری دۆزەخ دوور خستۆتەوە﴾، لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: (ئەوا کە ئێوارەی کردەوە خۆی لە ئاگری دۆزەخ دوور خستۆتەوە).

– روى الإمام البخارى فى صحيحه قال حَدَّثَنَا مُسْلِمُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ حَدَّثَنَا شُعْبَةُ حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ أَبِى بُرْدَةَ عَنْ أَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ عَنْ النَّبِى صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: ﴿ على كُل مسلِمٍ صدقَةٌ، فَقَالُوا: يَا نَبِى اللَّهِ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ؟ قَالَ: يعملُ بِيدِهِ فَينفَع نفْسه ويتصدق، قَالُوا: فَإِنْ لَمْ يَجِدْ، قَالَ: يعِين ذَا الْحاجةِ الْملْهوف، قَالُوا: فَإِنْ لَمْ يَجِدْ، قَالَ: فَلْيعملْ بِالْمعروفِ وليمسِك عن الشر فَإِنها له صدقَةٌ﴾ (صحيح البخاري – كتاب الزكاة).

+ واتە: ئیمامی (بوخاری) لە (صحیح)ەکەیدا بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ﴿لەسەر شانی هەموو موسوڵمانێك صەدەقە و چاکە پێویستکراوە کە بیکات، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئەی ئەو کەسەی کە سامانی نەبوو چی بکات؟ فەرمووی: با بە دەستی خۆی کاربکات، کە سوود بەخۆی دەگەیەنێت و چاکەش دەکات، ووتیات: ئەی ئەگەر ئەمەشی دەست نەکەوت چی بکات؟ فەرمووی: با یارمەتی ئەوانە بدات کە پێویستییان هەیە و تامەزرۆی یارمەتی خەڵکن، ووتیان: ئەی ئەگەر ئەمەشی دەست نەکەت چیبکات؟ فەرمووی: با کاری چاك بکات و خۆی بگرێتەوە لە خراپە، کە ئەمەش چاکەیە بۆی﴾.

+ لە کتێبی (فتح الباري شرح صحيح البخاري)دا ئیمامی (ئیبنو حەجەری عەسقەلانی) لە راڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت: ووتەی پێغەمبەر (على كُل مسلِمٍ صدقَةٌ) مەبەست پێی هاندانە بە تەئکیدی، یان لەوانەیە لەوەش فراوانتر بێت، کە ئەم دەستەواژەیە بۆ پێویستکردن (إيجاب) و هاندان (إستحباب)یش دەبێت، وەك ئەو ووتەیەی تری پێغەمبەر (ﷺ) وایە کە دەفەرموێت: (لەسەر موسوڵمان ٦ سیفەت پێویستە)، کە تێیدا شتی وا هاتووە کە بە یەکرایی زانایان خوازراو و هان بۆدراوە و واجب نییە، (ئەبو هورەیرە)ش لە ریوایەتەکەیدا بۆ فەرموودەکە ئەوەی هێناوە کە بەستوویەتییەوە بە هەموو رۆژێکەوە، هەروەها ئیمامی (موسلیم)یش لە (ئەبو زەر)ەوە ریوایەتی کردووە: ﴿يصبح على كل سلامى من أحدكم صدقة﴾ واتە: لەسەر هەموو جومگەیەکی ئێوە کە هەموو رۆژێك بەیانی دەکەنەوە چاکەیەك هەیە کە دەبێت بیکەن، (سلامى) بریتییە لە جومگە.

– روى الإمام أحمد فى مسنده قال: حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ حَدَّثَنِى أَبِى حَدَّثَنَا زَيْدٌ حَدَّثَنِى حُسَيْنٌ حَدَّثَنِى عَبْدُ اللَّهِ بْنُ بُرَيْدَةَ قَالَ سَمِعْتُ أَبِى بُرَيْدَةَ يَقُولُ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ﴿ «فِى الإِنسان سِتونَ وثَلاثُمِائَةِ مفْصِلٍ فَعلَيهِ أَنْ يتصدق عن كُل مفْصِلٍ مِنها صدقَةً ». قَالُوا: فَمَنِ الَّذِى يُطِيقُ ذَلِكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: « النخاعةُ فِى الْمسجِدِ تدفِنها أَو الشىءُ تنحيهِ عن الطريق فَإِنْ لَم تقْدِر فَركْعتا الضحى تجزِئ عنك »﴾ (مسند الإمام أحمد: ٢٣٧٠٠).

+ واتە: ئیمامی (ئەحمەد) لە (موسنەد)ەکەیدا بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: لە لەشی مرۆڤدا (٣٦٠) جومگە هەیە، کە پێویستە لەسەری بۆ هەموو جومگەیەك چاکەیەك بکات، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کێ دەتوانێت کە بەمە هەستێت؟ فەرمووی: تەنانەت بەڵغەم کە لە مزگەوتدا فڕێ درابێت و تۆ بیشاریتەوە، یان هەر شتێك کە لەسەر رێگا لای ببەیت چاکەیە، ئەگەر هەر نەتتوانی ئەوا دوو رکات نوێژی (چێشتەنگاو) لەسەرت لادەبات.




جۆرەکانی جومگە لە لەشی مرۆڤدا

### مانای زمانه‌وانی:

(مفصل) جومگه: بریتی‌یه له شوێنی به‌یه‌ك گه‌شتنی ئێسكه‌كان له له‌شدا.

(السلامی): بریتی‌یه له جومگه، و كۆكه‌ی بریتی‌یه له (سلامیات)، له (القاموس)دا هاتووه: (السلامی) بریتین له‌و ئێسكه وردانه‌ی كه به‌درێژایی په‌نجه‌كانی ده‌ست و پێ‌دا هه‌ن.

ئه‌م پێناسه‌یه‌ش كه له‌لایه‌ن زانایانه‌وه كراوه (خوا پاداشتیان بداته‌وه) پێویستی به ڕێكخستن و روونكردنه‌وه‌ی زیاتر هه‌یه له‌ژێر ڕۆشنایی زانسته نوێكاندا.




### رێگره‌كان له‌به‌رده‌م یه‌كگرتنه‌وه‌ی راستی‌یه گه‌ردوونی‌یه‌كان له‌گه‌ڵ ده‌قه شه‌رعی‌یه‌كه‌دا:

١- كورتكردنه‌وه‌ی ئاماژه‌كان له تێگه‌یشتنی فه‌رمووده‌كه‌دا له جومگه‌كانی نێوان ئێسكه‌كاندا و پشتگوێ خستنی جومگه‌كانی نێوان كركراگه‌كان.

٢- جیاوازی پێناسه‌ی زانستی بۆ جومگه‌كان كه بریتی‌یه له به‌یه‌ك گه‌شتنی ئێسكه‌كان یان كركراگه‌كان به‌بێ بوونی به‌ربه‌ست، له تێگه‌یشتنی زمانه‌وانی كه ئاماژه ده‌دات به‌بوونی به‌ربه‌ست یان جیكه‌ره‌وه (فاصل) له‌نێوان دوو شتدا.

٣- پێویستی دانانی یاسایه‌ك بۆ حاڵه‌ته دووباره بووه‌كان له‌ناو له‌شدا، كه له‌وانه‌یه دوو ئێسك له زیاتر له‌یه‌ك شوێندا به‌یه‌ك بگه‌ن و جومگه دروست بكه‌ن، كه ئایا ئه‌مانه به یه‌ك جومگه یان زیاتر داده‌نرێن.

## چاره‌سه‌ر كردنی ئه‌م دژایه‌تی‌یه رووكه‌شی‌یه به ووردیی دانانی پێناسه‌ی زانستی بۆ جومگه‌كان و جێبه‌جێ كردنیشی له ژماردنی جومگه‌كانی له‌شی مرۆڤدا:

### یه‌كه‌م: دانانی پێناسه‌یه‌كی وورد و ته‌واوی جومگه‌كان:

هه‌ستاین به دانانی ژماره‌یه‌ك له زه‌وابیت یاسای زانستی ته‌فصیلی پێش ده‌ستكردن به كرداری ژماردنه‌كه و پاشان هه‌ستاین به ژماردن به ووردیی، ئه‌ویش له‌به‌ر ئه‌وه‌یه كه هه‌ر خه‌له‌ل و نوقسانی‌یه‌ك له دانانی زه‌وابیت و یاساكاندا ده‌بێته هۆی روودانی خه‌له‌ل له ده‌رخستنی راستی‌یه گه‌ردوونی‌یه‌كه‌دا كه خۆی له ژماره‌ی راسته‌قینه‌ی جومگه‌كانی له‌شدا ده‌بینێته‌وه كه له فه‌رمووده پیرۆزه‌كه‌دا ئاماژه‌ی بۆ كراوه، پابه‌ند نه‌بوون به چه‌ند زه‌وابیت و یاسایه‌كی وورد و راستیش له‌رووی زانستی‌یه‌وه ده‌بێته هۆی كردنه‌وه‌ی ده‌رگای ره‌خنه‌گرتن و تانه‌لێدان له بواری ئیعجاز به گشتی، ئه‌ویش له‌سه‌ر ئه‌و بنه‌مایه‌ی كه ئه‌و كه‌سانه‌ی به‌م كاره هه‌ڵده‌ستن دێن ده‌قه شه‌رعی‌یه‌كان و راستی‌یه زانستی‌یه‌كان به ئاره‌زووی خۆیان ده‌ستكاریی ده‌كه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ هه‌وا و ئاره‌زووی خۆیاندا یه‌كبگرێته‌وه.

ئه‌وه‌ی كه ئێمه له‌م لێكۆڵینه‌وه‌یه‌ماندا پشتی پێده‌به‌ستین ئه‌وه‌یه كه:

**جومگه بریتی‌یه له شوێنی به‌یه‌ك گه‌شتنی هه‌موو دوو ئێسكێك یان ئێسك و كركراگه‌یه‌ك یان دوو كركراگه له هه‌ر شوێنێكی له‌شی مرۆڤدا كه جیاكه‌ره‌وه له‌نێوانیاندا بێت.**

ئه‌م پێناسه‌یه‌ش پێچه‌وانه نی‌یه له‌گه‌ڵ زانسته‌كانی زماندا و له‌هه‌مان كاتیشدا مانای ووشه‌ی (مفصل) وورد و جێگیر ده‌كات به بنه‌ما زانستی‌یه‌كان كه هه‌موو ئه‌و جومگانه ده‌گرێته‌وه كه كركراگه‌كان تێ‌یدا به‌شدارن، و هه‌روه‌ها له‌گه‌ڵ سه‌رچاوه زانستی‌یه‌كانیشدا پێچه‌وانه نی‌یه، به‌ڵكو مانای

زمانەوانی ووشەی (مفصل)یش جێگیر دەکات کە مەبەست پێی بریتییە لە بوونی جیاکەرەوەیەك لەنێوان دوو شتدا، هەروەها بەیەك گەشتنی دوو ئێسکیش هەمیشە بەیەك جومگە دادەنرێت تەنانەت ئەگەر لە شوێنێکیش زیاتردا بەیەك بگەن، بەم شێوەیە بنەما و زابیتە هاوپێچەکانی پێناسەکەش ئەمانە دەبن:

لەم سەرژمێرییەدا جومگە کرکڕاگەییە سەرەتاییەکان داخڵ نابن، کە لە ئێسکێك پێکهاتوون و بە کرکڕاگە دەورە دراون لەبەرئەوەی ئەم کرکڕاگانە لە تەمەنێکی زوودا دەبن بە ئێسك و ئەو ئێسکە بەتەواوەتی یەکدەگرێت هیچ نێوانێکی نامێنێت.

**نموونەکان:**

أ- بەیەك گەشتنی کۆتاییەکانی ئێسکە درێژەکانی پەلەکان لەگەڵ ناوەڕاستەکانیاندا.

ب- بەیەکگەشتنی ئێسکی (وەتەد) لە کەللەی سەردا لەگەڵ ئێسکی پشتە سەردا.




١- لەم سەرژمێرییەدا بەیەکگەشتنی گرکڕاگە و ئێسکەکان داخڵ نەکراوە کاتێك کە نێوانیان نەبێت و تەنها پێکەوە نووسابن بە یەکگرتنی پەردەی کرکڕاگەکە لەگەڵ پەردەی ئێسکەکەدا، بۆ نموونە: بەیەك گەشتنی کرکڕاگەکانی پەراسووەکان لەگەڵ پەراسووەکاندا.

٢- بەیەك گەشتنی هەموو دوو ئێسکێك بە یەك جومگە دانراوە تەنانەت ئەگەر لە زیاتر لە یەك شوێنیشدا بەیەك گەشتبن، بۆ نموونە: ١- بەیەك گەشتنی ئێسکی پێشەوەی کەللەی سەر لەگەڵ ئێسکی (وەتەد)دا. ٢- بەیەك گەشتنی ئێسکی (وەتەد) لەگەڵ ئێسکی (میکعة) لە کەللەی سەردا.

## دووەم: کۆکردنەوە و ژماردنی جومگەکانی لەشی مرۆڤ بە جێبەجێ کردنی ئەو یاسایەی لەسەرەوە دانراوە:

### أ) کۆکردنەوە و ژماردن بە درێژی:

**1-SKULL(کەللەی سەر)**

| ناوی جومگەکان | ژمارەیان |
|---|---|
| 1. FRONTO PARIETAL JOINT (CORONAL SUTURE) | 1 |
| 2. FRONTO –ETHMOID JOINT | 1 |
| 3. FRONTO MAXILLARY JOINTS | 2 |
| 4. FRONTOZYGOMATIC JOINTS | 2 |
| 5. FRONTONASAL JOINT | 1 |
| 6. FRONTOSPHENOID (LESSER WING) JOINT | 1 |
| 7. FRONTO-LACRIMAL JOINTS | 2 |
| 8. PARIETOOCCIPITAL JOINT | 1 |
| 9. INTERPARIETAL JOINT (SAGITTAL SUTURE) | 1 |
| 10. TEMPRO-PARIETAL JOINTS | 2 |
| 11. TEMPRO-SPENOID JOINTS (GREATER WING) | 2 |
| 12. OCCIPITO-TEMPORAL JOINTS | 2 |
| 13. TEMPRO-SPHENOID JOINTS (GREATER WING) | 2 |
| 14. TEMPRO-ZYGOMATIC JOINTS (ZYGOMATIC ARCH) | 2 |
| 15. TEMPRO-MANDIBULAR JOINTS | 2 |
| 16. INTER OSSICULAR JOINTS | 4 |
| 17. INTERMAXILLARY JOINT | 1 |
| 18. ZYGOMATICO-MAXILLARY JOINT | 2 |
| 19. MAXILLO-PALATINE JOINT | 1 |
| 20. NAZOMAXILLARY JOINTS | 2 |
| 21. MAXILLO-ETHMOID JOINTS | 2 |
| 22. MAXILLO- LACRIMAL JOINTS | 2 |
| 23. MAXILLO-SPHENOID JOINTS (PTERYGOID PROCESS) | 2 |
| 24. MAXILLO-CONCHAL JOINTS (INFERIOR CHONCHA) | 2 |
| 25. DENTAL GOMPHOSIS | 32 |
| 26. SPHENO-ETHMOIDAL JOINT | 1 |
| 27. VERMO-SPENOID JOINT (PTERYGOID PROCESS) | 1 |
| 28. PALATO-SPHENOID JOINTS (PTERYGOID PROCESS) | 2 |
| 29. ZYGOMATICO-SPHENOID JOINT (GREATER WING) | 2 |

| | |
|---|---|
| 30. VERMO-ETHMOIDAL JOINT (PERPINDICULAR PLATE) | 1 |
| 31. LACRIMO-ETHMOIDAL JOINT (LABYRINTH) | 2 |
| 32. JOINT BETWEEN VOMER AND HARD PALATE | 1 |
| 33. INTERNASAL JOINT | 1 |
| 34. JOINT BETWEEN HORIZONTAL PLATES OF PALATINE BONES | 1 |
| کۆ | 86 |

## 2- LARYNEX (قوڕقوڕاگە)

| | |
|---|---|
| 1- CRICOTHYROID JOINTS | 2 |
| 2-CRICOARYTENOID JOINTS | 2 |
| 3- ARYTENOI-CORNICULATE JOINTS | 2 |
| کۆ | 6 |

## 3- VERTEBRAL COLUMN AND PELVIS (بڕبڕەی پشت و حەوز)

| | |
|---|---|
| 1- ATLANTO-OCCIPITAL JOINTS | 2 |
| 2- INTERVERTEBRAL JOINTS | 69 |
| 3- LUBOSACRAL JOINTS | 3 |
| 4- SACRO-COCCYGEAL JOINT | 1 |
| 5- SYMPHYSIS PUBIS | 1 |
| کۆ | 76 |

## 4-UPPER LIMBS (پەلەکانی سەرەوە)

| | |
|---|---|
| 1- STERNOCLAVICULAR JOINT | 1X2= 2 |
| 2- ACROMIOCLAVICULAR JOINT | 1X2= 2 |
| 3- SHOLDER JOINT | 1X2=2 |
| 4- ELBO JOINT | 1X2=2 |
| 5- SUPERIOR RADIO-ULNAR JOINT | 1X2=2 |
| 6- INFERIOR RADIO-ULNAR JOINT | 1X2=2 |
| 7- WRIST JOINT | 1X2=2 |
| 8- INTERCARPAL JOINTS | 6X2=12 |
| 9- MID CARPAL JOINT | 1X2=2 |
| 10- CARPOMETACARPAL JOINTS | 4X2=8 |
| 11-METACARPOPHALANGEAL JOINTS | 5X2=10 |
| 12- INTERPHALANGEAL JOINTS | 9X2=18 |
| کۆ | 64 |

## 5- THORACIC CAGE (قەفەزی سنگ)

| | |
|---|---|
| 1- MANUBRIO STERNAL JOINT | 1 |
| 2- XIPHISTERNAL JOINT | 1 |
| 3- STERNOCOSTAL JOINTS | 14 |
| 4- INTERCHONDRAL JOINTS | 6 |
| 5- COSTO-VERTEBRAL JOINTS | 12X2= 24 |
| 6- COSTO-TRANSVERSE JOINTS | 10X2=20 |
| کۆ | 66 |

## 6-LOWER LIMBS (پەلەکانی خوارەوە)

| | |
|---|---|
| 1- SACROILIAC JOINT | 1X2=2 |
| 2-HIP JOINT | 1X2=2 |
| 3-KNEE JOINT | 1X2=2 |
| 4- SUPERIOR TIBIO- FIBULAR JOINT | 1X2=2 |
| 5- INFERIOR TIBUO FIBULAR JOINT | 1X2=2 |
| 6-ANKLE JOINT | 1X2=2 |
| 7- INTERTARSAL JOINTS | 7X2=14 |
| 8- TARSOMETATARSAL JOINTS | 4X2=8 |
| 9- METATARSOPHALANGEAL JOINTS | 5X2=10 |
| 10- INTERPHALANGEAL JOINTS | 9X2=18 |
| کۆ | 62 |

**ب) ژمارەی گشتی جومگەکان بەپێی یاسا دانراوەکان:**

| | |
|---|---|
| ١- جومگەکانی ئێسکی کەللەی سەر | ٨٦ |
| ٢- جومگەکانی قوڕگ | ٦ |
| ٣- جومگەکانی قەفەزی سنگ | ٦٦ |
| ٤- جومگەکانی بڕبڕەی پشت و حەوز | ٧٦ |
| ٥- جومگەکانی پەلەکانی سەرەوە ٣٢ × ٢ = | ٦٤ |
| ٦- جومگەکانی پەلەکانی خوارەوە ٣١ × ٢ = | ٦٢ |
| کۆی گشتی | ٣٦٠ |

ئالێرەوە نموونەیەك و بەڵگەیەکی تری بەڵگەکانی ئیعجازی زانستی لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی خاوێندا ئاشکرا دەبێت، کە هیچ مرۆڤێك لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) نەیدەتوانی زانیاری ئەمەی دەست بکەوێت و بیزانێت مەگەر بە نیگای خودایی نەبێت، پەروەردگاریش زۆر جوانی فەرمووە: ﴿سنريهم آياتنا في الآفاق وفي أنفسهم حتى يتبين لهم أنه الحق أولم يكف بربك أنه على كل شيء شهيد﴾ (فصلت:٥٣).




سەرچاوە: سایتی (www.nooran.org).




# مەلەكردن لە ئاسماندا

نووسینی : باوكی مریەم

هەتا زیاتر و قوڵتر لە نهێنییەكانی گەردوون تێبگەین، زیاتر دروستیی دەستەواژەو دەربڕینە قورئانیەكانمان بۆ دەرئەكەوێت و ئەبینین قورئان هەمیشە گونجاوترین ووشە دەهێنێت. جا با ئەم ووتارەش بخوێنینەوە تا خوای كردگاری ئەم گەردوونە گەورەیە پاك و بێگەرد ڕابگرین.

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەتایبەتی لەدوای دۆزینەوەی پێكهاتەی گەردیلەو زۆرێك لە نهێنیەكانی ئەم گەردونەی تێیدا ئەژین، چاخێكی تازە لە چاخەكانی زانست دەستی پێكرد.

هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسەكانیش هەستان بەئاراستەكردنی ڕەخنەی تازە لە قورئانی پیرۆز، گوایە قورئان لەدەربڕینە زانستییەكاندا دەستەواژەی ووردو دروستی بەكار نەهێناوە.

لەڕەخنەكانیشیان ئەڵێن گوایە قورئان لەباسی گەڕانی تەنەكان بەناو گەردووندا دەستەواژەیەكی هەڵەی بەكارهێناوە كاتێك ئەفەرموێت: ﴿وكُلٌّ فِي فَلَكٍ يسـبحونَ﴾ (یس:٤٠)، ئەوكاتە ئەیانوت بەكارهێنانی وشەی (یسبحون) لەڕووی زانستییەوە هەڵەیە، چونكە هەسارەو ئەستێرەكان مەلەناكەن بەڵكو بەناو بۆشاییدا دەگەڕێن، مەلەكردنیش لەناوەندێكی ماددی وەك ئاودا دەبێت.

لەسەرەتاكانی سەدەی بیست و یەكیشدا ڕاستییەكی تازە دەركەوێت كە زانایان پێی دەڵێن (بینای گەردوونی– Cosmic Building) بەمەش زانایان بۆیان دەركەوت گەردوون پێكهاتەیە و بۆشایی نییە، گەردوون لە شێوەی بینایەكی مەحكەمدایە و گەلەستێرە (مجرە) كانیش پێكهاتەی ئەو بینایەن.

زانایان بۆیان دەركەوت گەردون پڕە لە مادە و وزە، كەواتە بۆشاییی ئاسمان بوونی نییە و مادده و وزە بە چڕییەكی كەم بەناویدا بڵاوبوونەتەوە و گەردونیان پڕ كردۆتەوە هەموو تەنە گەردوونییەكانیش وەك زەوی و هەسارەكان لەناو ناوەندەدا مەلە دەكەن. مرۆڤیش تەنها چەند ساڵێكی كەمە بەم ڕاستییەی زانیوە.

بەو جۆرە زانایان بۆیان دەركەوت بۆشاییی ئاسمان لە ڕاستییدا هەر بوونی نییە، لەبەر ئەوەی بۆشاییی بەوشێوە ڕەهایە لە گەردووندا بوونی نییە، بەڵكو هەموو پارچەیەك لەپارچەكانی گەردوون بەمادده ووزە پێكەوە پڕ بوونەتەوە لەبەر ئەوە ئەو ڕاستییەی تازە دەركەوتووە، ئەڵێت ئەستێرە ، هەسارەو گەلەستێرەكان لە بۆشاییی ئاسماندا ناگەڕێن، بەڵكو لە ناوەندێكی پێكهاتوو لەمادده و وزەدا مەلە دەكەن.



كەواتە بۆمان دەركەوت دەستەواژەكەی قورئان (یسبحون) لەلایەنی زانستییەوە زۆر دروستە، ئەگەر ئەو وشەیەش نیشانی زاناكانی ڕۆژئاوای ئەمڕۆ بدەین، ئەوە وەریدەگرن و بەكارهێنانی بەباشتر ئەزانن لەوشەی (گەڕان) كە خۆیان بەهەڵە بەكاری ئەهێنن، ئەگەر ووشەی (بناء) یشیان بخرێتە بەردەم كە قورئانی پیرۆز بەكاری هێناوە لەئایەتی (والسـماء بنـاءا) (غافر: ٦٤)، ئەوە وەریدەگرن، چونكە بەتەواوی ڕاستیی بوونەوەر دەردەبڕێت، بەڵام بۆشایی تەعبیر لەهیچ ناكات! پاشان ووشەی (گەڕان) كەلە وتارەكانیدا ئەیبینین بەشێوەیەكی ڕەها ڕاست نییە، چونكە خۆر، مانگ، زەوی، ئەستێرەكان، هەسارەكان، گەلەستێرەكان و تۆزو گازی ناو گەردوون شێوەی جووڵەیەكی لەڕاوەی تێكەڵیان هەیە و زیاتر لە تەنێكی سەرئاوكەتوو دەچن كە شەپۆلەكانی ئاو بەشێوەیەكی پێچاوپێچ بیانجوڵێنێت.

بۆ نموونە زەوی بەدەوری خۆردا دەگەڕێت، بەڵام لەگەڵ خۆریشدا پێكەوە بەدەوری چەقی گەلەستێرەدا دەگەڕێن، لەگەڵ گەلەستیرەشدا بەدەوری چەقی كۆبوونەوەی گەلەستێرەكاندا دەگەڕێن. بەرئەنجامی ئەم

سێ جووڵەیەش ئەبێتە جووڵەیەکی لەراوەی پێچاوپێچ وەك ئەوەی لەناو شەپۆلێکی بەرزو نزمدا مەلە بکات. لەبەر ئەوە قورئان وشەی (گەڕان) بەکار ناهێنێت بەڵکو وشەی (مەلەکردن) بەکار ئەهێنێن، چونکە سروشتی جووڵەی تەنەکان دەردەبڕێت.

بۆئەوەی زیاتریش ئەم ڕاستییە بچەسپێنین، پەنا ئەبەینە بەر ووتەی گەشتیارانی ئاسمان، ئەوانەی چوونەتە دەرەوەی کەمەربەندی کێشە ووزەی زەوی. ئایا کاتێك چوونەتە ئاسمان هەستیان بەچی کردووە؟! هەریەکێك لەوانەی چوونەتە ئاسمان ئەوەدەچەسپێنن کە ئەوان هەستیان کردووە وەك بەسەر ئاوەوە بووبن، وابووە. لەبەر ئەوە ئەبینین زاناکان لەوەکالەتی (ناسا)ی ئەمەریکایی ئەڵێن: (Astronauts feel like they are floating when they are in space) واتە: (گەشتیارەکانی ئاسمان هەست دەکەن وەك ئەوەی سەر ئاو کەوتبن وابووە، کاتێك گەشت بە ئاسماندا دەکەن).

کاتێك مرۆڤ بۆ ئاسمان دەچێت، هەست دەکات وەك ئەوەی سەر ئاو کەوتبێت وایە، ئەو هەستکردنەش ڕاستییە و خەیاڵی نییە، چونکە مرۆڤ لەدەرەوەی زەویدا لە بۆشاییدا نابێت بەڵکوو لەناوەندێکی مادەییدا دەبێت بەڵام بە چڕییەکی کەمتر، بۆیە دەستەواژەی (مەلەکردن لە ئاسماندا) دەربڕینێکی دروستە و قورئانیش ئەو دەستەواژەیەی بەکارهێناوە، کاتێك ئەفەرموێت: (**كل** في **فلك يسبحون**).



لێرەوە تێدەگەین بۆچی قورئان ئەم دەستەواژە وورد و دروستەی بەکار هێناوە: ﴿**وهو الذِي خلَق الليـلَ والنهـار والشمس والْقَمر كُل ِفي فَلَـكٍ يسـبحونَ**﴾ (الأنبياء: ٣٣)، هەروەها تێدەگەین کە هەتا زیاتر زانست پەرە بسێنێت و ئێمەش زیاتر لەڕاستیە چەسپاوەکانی گەردوون بزانین، زیاتر لەوە تێدەگەین کە ووشە قورئانییەکان ووردترین و دروسترین وشەن لەلایەنی زانستییەوە، ئەو بانگێشتانەش بێ نرخ و بێبەها دەمێننەوە کە ئەڵێن قورئان خۆی دژایەتی خۆی دەکات و وشەکانی وردو دروست نین.

(**سنريهم آياتنا** في **الآفاق و**في **أنفسهم حتى** يتبين لهم **أنه الحق**).

**سەرچاوە:** (www.kaheel7.com)



# نامەکانتان

خوێنەرانی بەڕێزی گۆڤاری (هەیڤ): خۆشحالین لەژمارەیەکی نوێی گۆڤارەکەتاندا لە خزمەت ئێوەی بەڕێزدابین و لەخوای گەورە داواکارین کە بە هەموو لایەکمان بتوانین خزمەت بە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) بکەین .

پێشەکی زۆر سوپاسی ئەم بەڕێزانە دەکەین بۆ بەشداری کردنیان لە گۆڤارەکەتاندا بەبابەتی بەپێز، و قەڵەمە بە بڕشتەکانیان بەرز دەنرخێنین:

- د. فرمێسك عباس طاهر/ سلێمانی.
- جعفر عمر – کۆلیجی پزیشکی/ زانکۆی سلێمانی.
- م. دانا فاضل/ سلێمانی.
- ئەندازیار عادل لەتیف مەولەوی/ سلێمانی.
- کاوە موحەممەد شارباژێری/ سلێمانی.
- رووناك ئیسماعیل/ ئەڵمانیا.
- سەرکەوت موحەممەد/ ئەڵمانیا.
- ئازاد غەریب/ ئەڵمانیا.
- باوکی مریەم/ ئەڵمانیا.

هەموو کات دووپاتی دەکەینەوە کە لاپەڕەکانی گۆڤارەکەتان بۆ بەشداری ئێوەی بەڕێز والآیە و سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە بۆ یەکەم جار بەبابەتەکانیان گۆڤارەکەمان بەسەردەکەنەوە.

خاوەنی ئەم بابەتانە ئاگادار دەکەین کە بابەتەکانیان لە سایتی ئینتەرنێتی ناوەند لە داهاتوودا بڵاودەکەینەوە:

- ناوچەوان لەنێوان زانست و باوەڕدا.
- گۆشتی بەراز و مردارەوە بوو.
- پەیوەندی بیرکارییانەی نێوان ریزبەندی سوورەتەکان و ژمارەی ئایەتەکان.

خاوەنی بابەتی (اللهم اغسلني من خطاياي بالماء والثلج والبرد) ئاگادار دەکەین کە لە ژمارەی داهاتوودا بە یارمەتی پەروەردگار بڵاوی دەکەینەوە، هەموو ئەو بەڕێزانەی تریش کە بابەتەکانیان درەنگ گەیشتە دەستمان ئاگادار دەکەین کە لە ژمارەکانی داهاتوودا وەڵام دەدرێنەوە.

* خاوەنی بابەتی (مانگە دەستکردەکان بەڵگەن لەسەر پێغەمبەرایەتی موحەممەد) کە بەڕێزیان لە ئەڵمانیاوە بۆی ناردبووین ئاگادار دەکەین کە هەمان بابەت بەڕێزێکی تر پێشتر بۆی ناردبووین و لەم ژمارەیەدا بڵاوکراوەتەوە، و بابەتی بەڕێزیشت بە یارمەتی پەروەردگار دەخەینە ناو سایتی ناوەندەکەمانەوە.

والسلام عليكم ورحمه الله وبركاته

هەیڤ

# ئیعجازی زانستی لە فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ):

## (ما من عام أمطر من عام) : باران بارینی هیچ ساڵێك لە ساڵێكی تر زیاتر نییە.

نووسینی: د. شاهر جمال آغا ـ الهيئة العالمية للاعجاز العلمي في القرآن و السنة ـ مكة المكرمة.
گۆڤاری( الإعجاز العلمي) ژمارە: (22).
وەرگێڕانی: سەرکەوت موحەممەد

